

# پرۆژەی مێژووی عێراق

Iraq History Project

مشروع تاريخ العراق

پەیمانگای نێودەوڵەتی یاسای مافەکانی مرۆڤ

www.iraqhistory.org | پاشکۆیەکی تایبەتە بە دۆسییەی جەلادو کوڕانی سەمکار | Nov. 2007



## تا نەبووم بە جەلاد نەمدەزانی چەند کۆیلەم

» ل ٣

## یەکەم کەس هاوسەرەکەم بەگرتدا

» ل ١٠

## هەتاوەکو ئەمرم نەعلەتی ئەو ڕۆژە ئەکەم کە خەڵکم تێیدا ئازاردا

» ٨ - ٩

فۆتۆ: گۆڤاری تاو

# دەروازە

□ ستافی پەیمانگا

لەم بڵاوکراوە تایبەتەدا ئەو چیرۆکانە دەخەینە روو کە پرۆژەی مێژوی عێراق لەرێگەی دیمانەکردنی قوربانییەکانەوە کۆی کردونەتەوە، کە بریتین لە بەسەرهاتی، قوربانییان، کەسوکاریان، شایەتحاڵەکان، جەلادەکان و کەسانی دیکەش، کە لەسەردەمی رژێمی (سەدام حسێن) دا ئەنجام دراون.

ئەم بەسەرهاتانە ئەزمونەکانی ئەشکەنجە، رەشەکوژی، کوشتن، لاقەی ناموس، هێرشی چەکی کیمیایی، سەرنگوم کردن و کردەوەیەک بەدوایەکانی دیکەی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە، دیکومێنت دەکەن.

پرۆژەی مێژووی عێراق لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ دەستیکرد بەئەنجامدانی کارەکانیو ئێستا وەک پرۆژەیەکی سەربەخۆ کاردەکات کە یەکێکە لەگەورەترین پرۆژەکانی مافی مرۆڤ لە کۆکردنەوەی داتا و شیکارکردن لەجیهاندا. ستافی ئەم پرۆژەیە زیاد لە ٧٠٠٠ چیرۆکیان لەسەرتاسەری عێراقدا کۆکردۆتەوە کە نزیکەی ١٠٠ هەزار لاپەرەی نوسراو دەبێتو داخلی داتابەیسێکی تایبەتی کراوە.

پرۆژەکە لەلایەن ستافێکی عێراقی ئاست بەرزەوە بەرێوەدەبرێت، پێکهاتووە لە ٦٠ دیمانەساز، چاودێرەکان، لێکۆڵەران، ستافی داخڵ کردنی داتا، هەروەها کارگێریەکان.

تۆماری مێژویی لەسەر زاری قوربانیان سەبارەت بە پێشێلکاریەکانی رابردوو بەشێوەیەک دارێژراوە کە ببێتە رێگەخۆشکەر و کارئاسانی بۆ ئاشبونەوەی نیشتمانی، هاندەر بێت لەجێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی کە هاوکاری قوربانیانی پێشێلکاریەکانی رابردوو و ئێستا دەکەنو یارمەتیدەریشە لەرەخساندنی کار و ئامادەکاری بۆ بەرگری کردنو پارێزگاری کردن لەمافەکانی مرۆڤ لەعێراق.

پرۆژەی مێژووی عێراق چەند ئاماجێکی سەرەکی هەیە:

- رێزگرتن لەمافی گەلی عێراق بۆ زانینی راستیەکان.
- دروستکردنی تۆمارێکی مێژویی لەسەر زاری قوربانیانی رابردوو، تا وەکو ئەرشیفێک بمێنێتەوە بۆ هەر کردەیەکی لێکۆڵینەوە.
- پێکهێنانی تۆمارێکی مێژوویی لەسەر زاری قوربانیانیان سەبارەت بەپێشێلکارییەکانی رابردوو هەروەها کارکردن بەرامبەبەر ئەوهەولانەی کەدەدرێن بۆ نکولیکردنیان و پیشێلکارییەکانی رابردوو.
- بەخشینی دەرفەتێک بە قوربانییەکان بۆ ئەوەی باس لەو نەهامەتییانە بکەن کە بەسەریاندا هاتووە.
- هاندنی جێبەجێکردنی سیاسەتە کاراکانی دەوڵەت بۆ هاوکاری کردنی قوربانیانی پێشێلکاریەکانی ئێستا و رابردوو.
- پشتیوانی کردن لە دادپەروەری ماوەی گوێزانەوە (Transitional Justice) یارمەتی دان لەرەخساندنی ئامادەکاری بۆ بەرگری کردن و پارێزگاری کردن لەمافەکانی مرۆڤ لەعێراق.

رژێمی پێشوو دەسەڵاتی بەشێوەیەکی ستەمکارانە بەکاردەهێناو شکۆو کەرامەتی مرۆڤی رەت دەکردەوەو مافە بنچینیەکانو بەها بنەرەتیەکانی گەلی عێراقی پێشێل دەکرد. ئێستا لە ئاسۆدا ئەگەری ئاشتیەکی راستەقینەو حکومەتێکی بەپرسیار بەدی دەکرێت، ئەمەش پێویستی بەئاوردانەوەو بیرکردنەوەیەکی جدی هەیە لەو کارە ستەمکاریانەی لەماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا ئەنجامدراون.

پرۆژەی مێژوی عێراق لەسەر بناغەی ئەم ئایدیایە دارێژراوە، کەیارمەتیدەرە بۆ ئاشبونەوەی نیشتمانیو هاوکاری قوربانیانو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پشتگیریکردن لێیان.

بەسەرهاتەکان

ئەو بەسەرهاتانەی لێرەدا دەخرێنەروو کۆپی ئیدیت کراوی ئەو چاوپێکەوتنانەن لەلایەن ستافی پرۆژەی مێژووی عێراقەوە ئەنجامدراون. ناوی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوەو ئەو زانیاریانەی دەبنە هۆی ناسینەوەی کەسانی ناو چیرۆکەکە هەموویان گۆردراون.

# تاوانەکانی عودەیو قوسەی



□ دانیال رۆتنبێرگ

زۆر ئەستەمە بروا بکەین کەسێک لەم عێراقەدا هەبوبێت لە سەدام ستەمکارتر بووبێت، نە لەمێژووی دێرینو نەلە مێژووی نوێو هاوچەرخی وڵاتدا. بەڵام لە هەمانکاتدا جێگای سەرسورمان نابێت کە دەڵێین، تەنها عودەیو قوسەی توانیویانە شان بدەن لە شانی باوکیان لە ستەمکارێتیو خوێنخۆرییدا.

عودەی کورە گەورەی سەدام تاوانبارێک بوو، ئەگەر بکەوینە بژاردنی تاوانەکانی رەنگە چەند رۆژێکمان پێبچێتو هێشتاش هەر ژمارەیەک لە تاوانەکانیمان بیردەچێت. ژیانی ئەم کورە لە هەردوو رووی دەرونیو جەستەییەوە نادروست بوو، تۆمارێکە لە خراپەکاریو خوێنرشتن. ئەو کورەی نەیدەتوانی بە دروستی هەندێک لە پیتەکانی زمانی عەرەبی بڵێتەوە، هەموو شتێکی دەکرد بێ ئەوەی کەس بتوانێت سزای بدات.

ئەم نەخۆشە، دەستی گرتبوو بەسەر کەناڵەکانی میدیای وڵاتدا، دەیوست لە پشتی میدیاوە قەزەمییەکەی خۆی بشارێتەوە، خۆی لەو هەستی ناتەواوێتییە قوتاربکات کە لەناخەوە گیانی دەکرۆشت، کاتێکیش کەسێک بیوێرایە بیری بخاتەوە کە ئەسڵو فەسڵی ئەو کورە کێیەو چۆنە، بیری لە درندانەترین سزا دەکردەوە بۆ بێدەنگ کردنی، وەک لە چیرۆکی عەلادیندا دەیبینین.

عودەی سەرۆکی سوپایەکی بەربەری بوو کە ناوی فیدائییەکانی سەدام بوو، ئەندامانی ئەم سوپایە پۆشاکی رەشیان دەپۆشیو دەمامکیشیان دەکرد، بۆ ئەوەی لە ئاوێنەی چاوی قوربانییەکاندا وێنە درێوەکانی خۆیان نەبینن. ئەمانە سەری خەڵکیان دەبڕیو لەبەردەمی ماڵەکانیاندا فرێیاندەدا. زۆرجار عودەی پێی دەدا بە زەویدا بۆ ئەوەی سەرە بڕاوەکان بۆ ماوەی چەند رۆژێک بەدیواری ماڵەکانەوە هەڵبواسرێن، بۆ ئەوەی هەمووان ببینن کە ئەو دەتوانێت چی بکات.

ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو کەللە سەرانی هی ژنانی عێراقی بوون، فیدائییەکان لەناو خەڵکیدا بڵاویاندەکردەوە کە ئەو ژنانە سۆزانی بوون بۆیە سەریان بڕیون، بەڵام لە راستیدا ئەو ژنانە دوای ئەوەی عودەی لێیان تێربووە، بە درندانەترین شێوە لەناوی بردوون.

لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، عودەی بوو بە سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق، ئیتر وەکو دێوەزمە لەسەر سنگی یاریزانەکانی تیمی فتبۆڵی وڵات دانیشتو بەردەوام هەڕەشەی ئەوەی لێدەکردن، ئەگەر یارییەک بدۆڕێنن، سەریان دەتاشێتو ئەشکەنجەیان دەداتو تەنانەت لەناویشیان دەبات. زۆرجار پڕ بە دەمی دەیقیژاند «سەریان لێدەکەمەوەو دەرخواری سەگیان دەدەم.»

لەبەرامبەری عودەی هەرزەو جانەوەردا، قوسەی برای کەسێکی هێمنو لەسەر خۆبوو، زۆر بە نهێنی کاری دەکرد. ئەوەی عودەی و قوسەی پێکەوە کۆدەکردەوە، هەراشییان بوو لە پەلاماردانی ژنانی ولاتدا، زۆرجار بەبەرچاوی هاوسەرو کەسوکارەکانی ژنەکانەوە دەستدرێژییان کردۆتە سەریانو هەرکەسێک ناڕەزایی دەربڕیبێت سەرەنجامی تیاچوون بووە.

عودەی هەموو ئەو پیاوانەی دەکوشت کە رازی نەدەبوون لەگەڵ ژنەکانیاندا سەما بکات، لەگەڵ هەر ژنێکیشدا سەمای بکردایە، دوایی لاقەی دەکرد.

عودەیو قوسەی باڵیانکێشابوو بەسەر تەواوی بوارە گرنگەکانی ژیانی ولاتەکەماندا، ئیتر هەر لە سوپاوە بیگرە تا دەگاتە رێکخراوی ئەمنی تایبەتو میدیاو وەرزش..

بەشێوەیەک لە شێوەکان هەموومان قوربانی دەستی ئەم جووتە برایەین، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو، کە ئەو رۆژەی تەرمەکانیان بە کوژراویی لە تەلەفیزیۆنەوە پیشاندران، ژمارەیەکی زۆرمان خۆشحاڵ بووینو باوکیشیان لە بەندیخانەکەیەوە پرسەی بۆ دانان.

# جەللاد

□ ستافی پەیمانگا

یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی ئەم بڵاوکراوەیە ئەوەیە شتێک بیری خۆمان بهێنینەوەو هەوڵیش بدەین کە هەرگیز بیرمان نەچێتەوە: ئەو ئازارو مەینەتییانەی بەسەر خوشکو براکانماندا هاتوون، هەر بە دەستی خۆمان ئەنجامدراون، ئەوە خۆمان بووین کە بووین بە جەللادی خۆمان. ئێمە خاوەنی دەوڵەتێک بووین کە سیما سەرەکییەکانی بریتی بوون لە رەشەکوژیو کوشتنو ئەشکەنجەدانو لاقەی ناموسو رووشاندنی کەرامەتو سەرکوتکردن. بۆ ئەنجامدانی ئەوکارانەش پێویستی بەوە بووە کە لەناو ماڵەکانی خۆمانەوە ئەو جەللادانە دروستبکات کە دواتر بەری دانە جەستەی خۆمان.

بەعس چۆن توانی ئەمە بکات؟ دەتوانین بەجۆرەها شێوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. بەڵام گرنگترین فاکتەرەکانی دروستکردنی ئەو جەللادانە کێشە ناوخۆییەکانی خێزانەکانمانو چەقبەستوویی دابونەریتەکانمان بووە، وەک دواتر لە دەمی جەللادەکانیشەوە دەیبیستین.

بەعس هەموو شتێکی بەکارهێنا بۆ سرینەوەی دەنگی جیاوازیو سەرکوتکردنی تەواوی گەلی عێراق لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی سەدامو پیاوەکانیدا. ئێستاش وەک دەبینین گەورە بەرپرسانی ئەو رژێمە دادگایی دەکرێن، ژمارەیەکیشیان هەڵاتوونو وڵاتەکەیان جێهێشتووە. بەڵام زۆر گرنگە کە ئەوەمان لەبیر نەچێتەوە کە کردەوەکانی توندوتیژیو ئەشکەنجەدانو لێدانو کوشتن لەلایەن خەڵکی ئاسایی ئەم وڵاتەوە ئەنجامدراون، هەروەک چۆن پێشینان وتویانە «کلکی تەور دارە». ئەمانە ژمارەیان زۆرەو کەمیان ناسراونو لەناو وڵاتەکەماندا ماونەتەوە، چونکە هەر لە سەرەتاوە لە ماڵەکانی خۆمانەوە هاتونەتە دەرەوە. هەندێک لەوانە درێژەیان داوە بە تاوانکارییەکانیانو بەرپرسن لەو پشێوییەی ئێستا لە وڵاتدا دەگوزەرێت، بەڵام هەندێکی دیکەیان دەرسێکیان لە رابردوو وەرگرتووەو دەیانەوێت باقی ژیانیان بەئاشتی بگوزەرێننو پەشیمانن لەوەی لە رابردوودا کردوویانە.

ئێستا گەلی عێراق دەیەوێت گوزارشت لە توندوتیژییەکانی رابردوو بکات، دەیەوێت نهێنییەکان ئاشکرا بکات بۆ ئەوەی ببن بە وانە بۆ ئاییندە. پێویستە شانازی بە قوربانییەکانمانەوە بکەین، رێزیان لێبگرین. لە هەمانکاتیشدا پێویستە بیربکەینەوە، چی لەو جەللادانە بکەین کە ئێستا هاتوونەتەوەو لەبەردەمماندا ئیعتیراف دەکەن بەوەی کە لە رابردوودا کردوویانە هەڵە بووە. لێرەدا کۆمەڵێک پرسیاری زۆر گرنگ رووبەڕوومان دەبنەوە:

*کۆمەڵگای ئێمە دوای ئەو هەموو نەهامەتییانە، چۆن دەتوانێت دادپەروەر بێت؟

* جەللادەکان سزابدەین؟ ئەگەر سزایان بدەین، چۆن؟ ئایا پێویستە داوابکەین دادگایی بکرێن لەسەر ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە؟

* ئایا داوایان لێبکەین قەرەبووی قوربانییەکان بکەنەوە؟ ئەمەیان چۆن؟

* چاوەڕێی پۆزشو پەشیمانبوونەوە بین لێیان؟ گوێ لە پاساوەکانیان بگرین؟

* ئەگەر داوای لێبوردنان لە قوربانییەکان کردو ئەوانیش لێیان خۆش بوون، ئایا رێگەیان بدەین بگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگاو وەک هاوڵاتی ئاسایی پەسەندیان بکەینەوە؟

* جیاوازی بکەین لەنێوانی جەللادەکاندا بەپێی پلەو پایەو ئاستی بەرپرسیارێتیو درێویی تاوانەکانیان؟

* کێ بڕیار لەسەر چارەنوسی ئەوانە بدات؟ حکومەت؟ قوربانییەکان؟ کەسوکاری قوربانییەکان؟ کۆمەڵگا؟

هەموومان دەزانین کە ژمارەی جەللادەکان دەیان هەزار کەسن، قوربانییەکانیش لە سەدان هەزار تێدەپەڕن. پێدەچێت ژمارەیەک لە جەللادەکان بەوپەڕی باوەڕەوە ئەو کارانەیان کردبێتو بە ڕاستیان زانیبێت، ژمارەیەکی تریشیان لەژێر فشاردا تاوانەکانیان ئەنجامدابێت. زۆربەی زۆری ئەو جەللادانە لە گێژاوی مەستبوون بە دەسەڵاتو تەماعی دونیاو قەیرانی دەرونیو کێشەی کۆمەڵایەتیدا نغرۆ ببوونو خۆیان دابووە دەستی شەپۆلەکان تا بیانبات. چۆن لەمانە تێبگەین؟ چ بەرپرسیارێتییەک لەسەر شانمانە بۆ داهاتووی منداڵەکانمان، تا تراژیدیاکە دیسان دووبارە نەبێتەوە؟



نامۆ

دوای خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە راستەقینانە، کە هەمووی لە زاری جەللادەکان خۆیانەوە گێڕراونەتەوەو هەروەها بۆ ئەوەی لە توندوتیژیو خوێنڕشتنو نەهامەتییەکانی رابردوو تێبگەن؟

جەللادەکان سەربازی سیستمێکی ترسناکی سەرکوتکردن بوون، سیستمێک کە دەیویست هەموومان وەکو یەک لێبکاتو یەک شوناسمان بداتێ ئەویش: بێدەنگیو سەرکزکردن بوو. ئەو سیستمە لە رێگای جەللادەکانییەوە بێشومار تاوانی دڵتەزێنو قێزەونی ئەنجامداوە، ئەگەر جەللادەکان ئامڕازی جێبەجێکردنی تاوانەکان بووبن، ئەی چی بەو بەرپرسانە بڵێین کە ئەو ئامڕازانەیان بەکارهێناوەو سودیان لێوەرگرتوون؟

دەسکارییەکی ئەوتۆ نەکراون، کۆمەڵێک پرسیاری دیکە بە مێشکماندا گوزەر دەکەن، لەوانە:چۆن دەشێت مرۆڤەکان ئەوەندە لەگەڵ یەکترییدا دڵڕەق بن؟ چۆن رێگەماندا ئەم کارانە بکرێن؟ هەروەها بیریش لەوە دەکەینەوە، کە ژمارەیەکی زۆر قوربانیش هەن کە چیرۆکەکانیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە ژێر خاکو فریای ئەوە نەکەوتن بۆمان بگێڕنەوە..

ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری دیکەش هەروا بە کراوەیی جێدەهێڵین بۆ سەلیقەی خوێنەر، بۆ ئەوەی ئاوەزی خۆی بکات بە دادوەر لە پێناوی بیرکردنەوە لە دانانی کۆتاییەک بۆ ئەم روباری خوێنەی کە ساڵانێکی درێژە لەگەڵ خۆیدا راماندەماڵێت.

# تا نەبوم بە جەللاد نەمدەزانی چەند کۆیلەم

ئەگەر من چیرۆک نوس بوومایەو ئەم چیرۆکەم بنوسییایە، ناوم دەنا (من کۆیلە بووم و بووم بە جەللاد و پاشان بوومەوە بە کۆیلە).

لە ناوچەیەکی گوندنشینی نزیک قەزای تکریت لە پارێزگای سەلاحەدین لەدایک بووم، ناوچەیەکی بچووکەو دانیشتوانەکەی خەریکی کشتوکاڵن. باوکم جوتیارێکی هەژار بوو لای یەکێک لە خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکان کاری دەکرد، خێزانەکەمان لە خانوویەکی قوڕدا دەژیا، دایکیشم لەناو باخەکاندا یارمەتی باوکمی دەدا.

من دووهەم کوڕی خێزانەکەم بووم، فەرحانی برام لە خۆم گەورەتر بوو، پێنج خوشکیشمان هەبوو. ئێمە هەر بە هەژاریی گەورە بووین، بەچاوی خۆم دەمبینی خاوەن زەوییەکان چۆن دایک و باوکمیان دەچەوسانەوەو سوکایەتییان پێدەکردن، ئەوان رۆژ و شەو کاریان دەکرد بۆ ئەوەی ورگی دەوڵەمەندەکان پڕ ببێت و خۆشمان لەسەر زەوی بخەوین و پاشماوەی خواردنەکانی ئەوان بخۆین. چەندین جار بە چاوی خۆم خاوەن زەویم بینیوە لەسەر پروپووچترین هۆ بە قامچی لە باوکمی داوە. بگرە جارێکیان کار گەیشتە ئەوەی کاتێک خاوەنی زەوییەکە ژنەکەی مرد، داوای لە خوشکێکم کرد شووی پێبکات گەرچی ئەو پیاوێکی بە تەمەنیش بوو، ئەوکاتە خوشکەکەم هەژدە ساڵی تەواو نەکردبوو. باوکم نەیتوانی قسەی خاوەن زەوییەکە بشکێنێت و کچەکەی دایە، گەرچی هەمووشمان بەوە ناڕازیی بووین. زۆر شتی تریش هەن کە وایان لێکردم رقم لە هەموو شتێک ببێتەوە.

دوای ماوەیەک لە شووکردنی خوشکەکەم، داوام لە زاواکەم کرد لە رێی خزمەکانییەوە یارمەتیم بدات بۆ ئەوەی لە موخابەرات کاربکەم، داواکەم هاتە دی و وەریان گرتم و دەورەیەکی شەش مانگییان بۆ کردمەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ دا، لە بەندیخانەی موخابەرات دامەزرام.

لێرەوە لە کۆیلەوە بووم بە جەللاد. کە دەسەڵات کەوتە دەستمەوەو هێزم پەیدا کرد، هەرچی رق و قینێک لە دڵمدا بوو، هەموویم بە خەڵک رشت، وام لێهات زوڵم لە خەڵکی بکەم و بەشداریی بکەم لە ئەشکەنجەدانی گیراوەکاندا، هەتا بڵێیت دڵم رەق بوو.

پێش ئەوەی بچمە ناو موخابەراتەوە من بالایەکی بەرز و لاوازم هەبوو. لەوێ وەک ژەمبوردەیەک دەستم کرد بە نانخواردن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو نەبوونییەی تووشم هاتبوو، وام لێهات ئەو بەشە خۆراکەی بۆ گیراوەکان تەرخاندەکرا، دەستم بەسەریدا دەگرت و خۆم دەمخوارد.

دوای ماوەیەک پیاوێکی زۆر کەتەم لێدەرچوو، وام لێهات ئەگەر شەقازلە یان شەقم لە یەکێک هەڵبدایە یەکسەر دەکەوت و دەبورایەوە، منیش زۆر لە خۆباییانە پێدەکەنیم، نەمدەزانی ئەوە هێزێکی بێمانایە، چونکە ئەوەی دەکەوتە بەردەستم بێدەسەڵات بوو، هیچی پێنەدەکرا.

هەتا ماندوو دەبووم بەشەق لێم دەدان، پاشان بە دارو کێبڵ تێیان بەردەبووم، بێ ئەوەی تۆزقاڵێک بەزەییم پێیاندا بێتەوە، هەر گوێشم نەدەدا بە هاوارو پاڕانەوەو گریانیان، دڵم وەک بەردی لێهاتبوو.

ئەگەر گیراوەکە بە لێدان ئیعتیرافی نەکردایە، ئەوە گەلێک شێوازی ترمان هەبوو تا بیهێنینە قسە، دەهاتم لەپشتەوە دەستیم دەبەستەوە بە رەوڕەوەیەکەوەو وردە وردە بەرزم دەکردەوە، سەرەتا دەستەکانی لە پشتەوە بەرز دەبوونەوەو پاشان جەستەی لە زەوی دەبڕاو بە هەڵواسراوی دەمایەوە. لێرەدا گیراوەکە دەستی دەکرد بە هاوار هاوار، چونکە قورسایی لەشی کاریدەکردە سەر شانی و قۆڵەکانی، هەتا زیاتر بەرزم بکردایەتەوە، ئازاری شانی زیاتر دەبوو. زۆرجار ماسولکەکانی شانی شەقیان دەبردو لەتاو ئازار دەبورایەوە.

شەوانی زستان دەرگای زیندانەکانم دەکردەوەو ئاوی ساردم دەکرد بەسەری گیراوەکانداو جێگای نوستنیانم تەڕ دەکرد، ئیتر هەتا بەیانی لەسەرمان خەویان لێنەدەکەوت. چەندین جار تووشی سک چوون و سەرمابوونی زۆر دەبوون و دەبران بۆ نەخۆشخانەی تایبەتی بەندیخانەکە.

لە ژووری ئەشکەنجەدان، شێوازی هەڵواسینی قاچم بەکاردەهێنا، بەشێوەیەک سەری هەڵواسراوەکە بۆ خوارەوە بوو. ئینجا سەریم دەخستە ناو بەرمیلێک ئاوەوەو پیش ئەوەی بخنکێت و گیانی دەربچێت، دەرم دەهێنایەوە. جارێکیان دەرنگ کەسێکم دەرهێنایەوەو خنکا. من ئەوەندە دڵڕەق بووم، بەشدارییم دەکرد لە رەمیکردنی ئەو کەسانەدا کە ئیعتیرافیان نەدەکرد، یان ئەوانەی لێمان نەدەترسان و کە جنێومان پێدەدان بە جنێو وەڵامیان دەداینەوە.

ئەوەی وای بکردایە دەمانبرد بۆ ژێرزەمینەکەو بەپێوە دەمانبەستەوە بە عەمودێکەوە، پاشان چاویمان دەبەستەوەو بێڕەحمانە دەستڕێژمان لێدەکرد، دەمانککرد بە نیشان و مەشقمان لەسەر دەکرد.

فەلاقەو ئەشکەنجەدان بە کارەبا لە رێگەی نەرمەی گوێی گیراوەکانەوە، یان برسیکردن، ئەم ئەشکەنجانەم بۆ ئەوانیتر جێهێشتبوو، چونکە بەلامەوە شتی ئاسان بوون و هی ئەوە نەبوون خۆمیان پێوە خەریک بکەم.

کاتێک بە ئیجازە دەچوومەوە بۆ ماڵەوە، بەندکراوەکان هەستیان بە ئاسودەیی دەکرد.

بیرمە رۆژێک لە رۆژانی ساڵی ١٩٩٤ پیاوێکی پیریان هێنا، تەمەنی لە هەشتا ساڵ بەرەوژوور بوو، پیاوێکی دیندار بوو، جبەو عەمامەی پۆشیبوو.

وتیان: بەم پیاوە بمانهێنەرە پێکەنین.

منیش قیژانم بەسەریداو فەرمانم پێدا جلەکانی دابکەنێت، ئەو گوێی لێم بوو، بەڵام بەقسەی نەکردم. چەند جارێک داوام لێکردەوە، بەڵام ئەو هەر نەشجوڵایەوە. بۆکسێکم تێسرەواند، عەمامەکە لەسەری کەوتە خوارەوە، بەڵام جوڵەی نەکرد.

جلەکانیم لەبەریدادری، بەڵام ئەو هەر بە سەربەرزی راوەستابوو، قسەی نەدەکرد. جلەکانی ژێرەوەشیم دڕاند و رووت و قووتم کردەوە، ئەویش هەروا بێدەنگەو لەپڕ هاتە قسەو وتی (پەنا بەخوا، ئەو باشترین پەنایە)

هەستم کرد زەوی لەژێر پێمدا لەرزی وەک چۆن لەژێر پێی قاروندا هاتە لەرزە، ئارەقێکی ساردم کردەوەو لە نوکی پەنجەمەوە تا تەوقی سەرم کەوتە لەرزین، لەترسی ئەوەی نەبورێمەوە ببم بە مایەی گاڵتەجاڕی هاوڕێکانم.

بەپەلە چوومە دەرەوە وازم لە هەموشتێک هێناو چووم بۆ ژوورەکەی خۆم و لەسەر قەرەوێڵەکەم راکشام و بەردەوام دەلەرزیم و ئارەق بە سەرو دەموچاومدا دەهاتە خوارەوە، بیرم دەکردەوە چیم بەو پیاوە پیرە کرد، ئەو پیاوە ئاینییەی هیچی نەکردووە.

باوکی خۆمم بیرکەوتەوە کە چۆن خاوەن زەوییەکە لێیدەدا، ئیتر خەوبردمیەوەو خەبەرم نەبۆوە تا دەنگی تەقەی دەرگای ژوورەکەم راپەڕاندم، بەڕێوەبەر ناردبووی بە شوێنمدا.

کەچووم، پێی وتم:

– ئەوە بۆ وات لێهات؟ هاوڕێکانت پێیان وتم بەپڕتاو رووتکردۆتە ژوورەکەت.

منیش بۆم گێڕایەوە چیم لێهاتووە، دەستیکرد بە پێکەنین و وتی:

– کوا هێزو گوڕو تینت؟ ئاوا بە ئاسانی لاواز دەبیت و دەڕوخێیت؟

ئینجا فەرمانی پێدام بچم پیاوە پیرەکە ئەشکەنجە بدەم و خۆشی راستەوخۆ سەرپەرشتیم دەکات، داوای لێبوردنم کرد، تکام لێکرد ئەو ئەرکە بە یەکێکی تر بسپێرێت، بەڵام ئەو هەر سوربوو لەسەر ئەوەی من بیکەم و لەپێشچاوی خۆشی بیکەم و هەموو کارمەندانی بەندیخانەکەش سەیرمان بکەن.

فەرمانی دا پیاوە پیرەکە ببەن بۆ ساحەی بەندیخانە.

هەمووومان چووین، پیرەمێردەکە بە جلی دڕاوەوە راوەستابوو، سەری شۆڕ کردبۆوە. بەڕێوەبەری بەندیخانە فەرمانی پێدام دەستبکەم بە ئەشکەنجەدانی، منیش نەمکرد، چونکە هەرچەند سەیرم دەکرد وێنەی باوکمم تێدا دەبینی.

بەڕێوەبەر هاواری کرد:

– ترسنۆک فەرمانەکان جێبەجێ بکەو ئەشکەنجەی بدە.

– نا .. نا.. نایکەم

دارێکی بە دەستەوە بوو، بە هەموو هێزی خۆی کێشای بەسەرمدا، خۆی بەبەرچاوی هەموومانەوە دەستیکرد بە لێدانی پیرەمێردەکەو بەردەوامیش جنێوی بە هەردوکمان دەدا.

ئیتر خۆم پێنەگیراو پەلاماری بەڕێوەبەرم داو دام بە زەویداو دەستمکرد بە تێهەڵدانی و سەری و ورگیم بە شەق داگرتەوە، کارمەندەکانیش هەوڵیاندەدا بمگرن و لە چنگم قوتاری بکەن، بەڵام من وەک گای هار بەربوومە هەموویان و هەتا ماندووش بووم لە بەڕێوەبەرم هەڵدا.

دوای ئەوە فڕێیاندامە ناو زیندانێکی تاکەکەسییەوە، بەڕێوەبەریشیان رەوانەی نەخۆشخانە کرد، حاڵەتی زۆر خراپ بوو، دواتر مانیع عەبدولڕەشیدی بەڕێوەبەری گشتی موخابەرات هات و هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی لێکردم.

بەڕێوەبەری گشتی فەرمانیدا رۆژانە ئەشکەنجەم بدەن و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەشم بۆ پێکبهێنن تا لە مەسەلەی دەستدرێژیکردنم بۆ سەر بەڕێوەبەرو سەرپێچیکردنم لە فەرمانەکان بکۆڵێتەوە.


هەستم کرد دوای ئەوەی بووم بە جەللاد، دیسانەوە بوومەوە بە زیندانی، لە زیندانەکەمدا بە هەمان ئەو شێوازانە ئەشکەنجەیان دام کە بۆ ئەشکەنجەدانی خەڵک بەکارم دەهێنان، هەستم کرد من جاران چەند زۆردارو دڵڕەق بووم.

کەوتمە پاڕانەوە لە خوداو پەشیمان بووم لەوەی کردوومە، شەوان ئەوەی بەرامبەری بێتاوانان کردبووم، دەهاتەوە بیرم و دەگریام. دواتر کارمەندەکان پێیان راگەیاندم کە پیرەمێردەکە لەژێر ئەشکەنجەداندا مردووە، زۆر گریام و لەخوا پاڕامەوە، دەستم کرد بە نوێژکردن بەڵکو خودا لە گوناهەکانم خۆش ببێت.

دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان، وەک جاران لەڕو لاواز بوومەوە. دایانم بە مەحکەمە و حوکمدرام بە پێنج ساڵ زیندانی و لە موخابەراتیش دەرکرام. لە دڵی خۆما دەمووت، رەنگە خودا چاکەی لەگەڵم کردبێت و ئەوەی روویدا بۆ ئەوە بووبێت خودا لە زوڵم و زۆرو گەندەڵی رزگارم بکات.

پاشان رەوانەی بەندیخانەی ئەبو غرێبیان کردم، کەسوکارەکەم کەوتنە سەردانم، بەختم هەبوو، سوپاسی خودا دەکەم، لە تەموزی ساڵی ١٩٩٥ دا دوای ئەوەی چەند مانگێک لە بەندیخانە بووم، لێبوردنێکی گشتی دراو بەرەڵا کرام.

ئیتر گەڕامەوە بۆ لای زەوی و کشتوکاڵ، سوپاس بۆ خوا، چونکە هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵ و فەسڵی خۆی.



ڕێبوار سەعید

## جەللاد و بێئاگایی

جەللاد ئەو بونەوەرە سەیرەی کە زۆر درەنگ تێدەگات خۆی گەورەترین قوربانی بووە، چونکە لەو کاتەوەی دەستی برد بۆ ئامێرەکانی ئەشکەنجەدان، ئیتر شوناسە مرۆییەکەی لێوەرگیرایەوە بوو بە بەشێک لەو شوێنەی هاوارو قیژەی قوربانییەکان لەخۆیدا دەپارێزێت. ئەو ئیتر لە هەرچی جوانی هەیە دادەبڕێتو ژیانی دەبێت بە یەکپارچە ناشرینیو دزێویی، هەربۆیەشە دەبینین بەشی هەرە زۆری جەللادەکان ئەوکاتانەی لە ژووری ئەشکەنجەداندانین لەسەر مێزی مەیخانەکان بەسەری دەبەن.

جەللاد کەسێکە بێ یادەوەری، بێ ئایندەو بێ رابردوو، بونەوەرێکە تەنهاو تەنها لە ئێستادا دەژی، بەڵام چۆن ئێستایەک؟ هەتا بڵێیت خوێناوی، بێ ئەوەی بۆ ساتەوەختێکیش بواری ئەوەی هەبێت لەخۆی بپرسێت «ئەوە من چی دەکەم لێرە؟» لێرەشەوەیە کە کاتێک جەللادەکان لوتیان بەر بەردی واقیع دەکەوێت، کە شەقی زەمانە لە ژووری ئەشکەنجەدان دەیانهێتە دەرەوەو بەرەو قوژبنی خۆ حەشاردان تووریان دەدات، دەبن بە مرۆڤێکی گرینۆک، دەیانەوێت لەبری هەموو ئەو قوربانییانە بگرین کە بەدەستی ئەوان ئەشکەنجە دراون، لەبەرئەوەی خۆیان باش دەناسن، ئیتر تاکە ئومێدێک لە ژیانی دواتریان هەیانبێت، ئەوەیە ببەخشرێن، داوای شتێک دەکەن کە خۆیان هەرگیز نەیانبەخشیوە بە کەس.

جەللاد فریوی دەسەڵات دەخوات، بەڵام دەسەڵاتێکی ساختە، ئەوەی ئەو هەیەتی سێبەری دەسەڵاتە نەک دەسەڵاتی راستەقینە، چونکە دەسەڵات بە بێ رەوشت، بەبێ ئەقڵ جگە لە هێزێکی هەمەجییانە زیاتر هیچی تر نیە، بە تایبەتی کە خۆی دەبینێتەوە کەوتۆتە ناو گێژاوێکەوە کە دەربازبوونی بۆ نیەو ئیتر دەبێت بێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێی دەبات خۆی بدات بە دەمییەوە، چونکە باش تێدەگات هەرکاتێک بیەوێت پاشەکشە بکات، دەزگا ستەمکارەکە ئامێرەکانی لەسەر جەستەی ئەو تاقیدەکاتەوە، هەمیشە ماڵی جەللاد دۆزەخێکی پڕ لە زەبرو زەنگو بێزێزییە، هەموو ئەوانەش تەنها لەپێناوی ئەوەدایە کە بیر نەکەنەوە خەریکی چین.

جەللادەکان سەرەنجام دەگۆڕێن بۆ کەسانێک کە ئافرەتە دەسبەسەرکراوەکان بۆ گەورەکانیان دەبەنە ژوورەوەو خۆشیان لە پشتی دەرگاوە گوێ لە نکەو ناڵەیان دەگرن، گەورەکان هیچ رێزێکیان بۆ جەللادەکان نیە، لە بەرامبەری هەموو کارێکی دزێودا سەفتەیەک دیناریان بۆ هەڵدەدەنو ئەوانیش لە ماڵی ئافرەتە سۆزانییەکان سەرفی دەکەن.

جەللاد گوناهترین بونەوەرێکە کە خودا دروستی کردبێت، ئەوەندە شەرمەزارە کە تەنانەت لە دوا ساتەکانی دۆڕاندنیشیدا لە رووی نایەت بچێتە حزوری یەزدان. چونکە خۆی بە شایستەی ئەوە نابینێت کە یەزدان لێی ببورێت.

# لەماوەی مانگێکدا سیازدە کەسمان کوشت! هەموویانم لە یادە چۆن کوشتمانن

من کوردم و لە گوندێکی سەر بەشاری هەولێر هاتوومەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتاییم تەواوکرد پاشان بەهۆی نەبوونییەوە وازم لە خوێندن هێنا و دەستم کرد بە کاسپی.

لە ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندیم کرد بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە تاوەکو ساڵی ١٩٧٣، هێشتا پێشمەرگە و ڕژێم لە وتوێژدا بوون گەڕامەوە باوەشی ڕژێمی عیراق.

ڕژێم زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردم و مەقەری پارتی دیموکراتی کوردستانی (کارتۆنی) یان بۆ کردینەوە و من کرام بە بەرپرسی لقێک پاشان کردیانمە بەرپرسی هێزی عەسکەری لەو حیزبە کارتۆنیە.

لە ساڵی ١٩٧٧ بە ئەمری مدیری ئەمنی عامە داوایان لێکردم چالاکیەک بکەم، هەستام چوومە دەرەوە و لە ناو حیزبێکی کوردیدا چەکی پێشمەرگایەتیم کردەوە شان و پاش ساڵێک لە پێشمەرگایەتی توانیم شەش پێشمەرگە بکوژم و بگەڕێمەوە لای ڕژێم!!

پاش گەڕانەوەم ڕژێم یارمەتیەکی باشی دام و خزمەتێکی زۆری کردم، زەوی و پارەیان دا بە خۆم و براکانم، بەڵام دوای چەند مانگێک پێشمەرگە فرسەتیان هێنا و سێ برامیان شەهید کرد.

لە پاش کوژرانی براکانم ڕژێم زیاتر سیقەی پێکردم، وە لە هەمان کاتدا لە هەویەکەمدا لەقەبم عەشیرەتی جبوری بوو ئەمە زیاتر سیقەی بۆ دروستکردبووم، ڕژێم کردمی بە ئیستخبارات لە فرقەیەک لە کەرکوک کە عەمید سەلام دوری قائید فرقە بوو، عەقید موحسن فەلەستینی مودیری ئیستخبارات، بەمنیان ووت:

"تۆ لێرە دانراویت و بەرپرسەکەشت موحسن فەلەستینیە"

کە وتم عەشیرەتی جبوریم عەقید موحسن وای زانی عەرەبم! وە بە عەرەبیەکی باش قسەم ئەکرد لەبەر ئەوە زۆر گرنگی پێ دام و کردمی بە ئامر مەفرەزە و سی و پێنج سەربازی دامێ لە ئیستیخباراتی فرقە کە هەرهەموویان عەرەب بوون.

ڕۆژانە لەگەڵ عەقید محسن دانیشتنم هەبوو باسی ئەوەی بۆ ئەکردم کە چۆن پیاو بکوژم و بە چ ڕێگەیەک دژایەتی کورد بکەم.

ئەو دەیگوت:

"سەددام سەرۆکی نەتەوەی عەرەبیە ئەگەر ئەو نەبێت کەس ناتوانێت فەلەسین ڕزگار بکات، ئەمڕۆ سەددام دوژمنی زۆرە بە تایبەت کورد جا ئەبێ بەهەموو شێوەیەک دوژمنایەتی لەگەڵ کورد بکەیت و ڕەحمیان پێ نەکەیت"

"تۆش عەرەبیت ناوچەکەتان تێکەڵاوە لە عەرەب و کورد زۆر بە ئاسانی ئەتوانی کاری خۆت بکەیت"

منیش گوێم بۆ قسەکانی شل ئەکردو ناچار بووم لە فەرمانەکانی لا نەدەم!!

سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بوو، ڕۆژێک عەقید موحسن بانگی کردم و چووینە یەکێک لە ژوورەکانی مەقەڕ فرقە، بانگی موفەوەزێکی کرد بە ناوی کمال لەگەڵ چوار ئیستخبارات، پێی ووتن:

"شەخسەکانی دوێنێم بۆ بهێنن"

دوو گەنجی کوردی خەڵکی هەولێریان هێنا و دەست و چاویان بەسترابوو.

ووتی: "بیانبەن بۆ حەوشەکەی پشتەوە"

بردیانن بۆ حەوشەی پشتەوە و بەستیانن بە دوو عەمودەوە.

پێی ووتم:

"دەمانچەکەت دەرکە"

ووتم: با بزانم ئەمانە چیان کردووە؟

ووتی:

"گرنگ ئەوە نیە چیان کردووە گرنگ ئەوەیە بیانکوژین"

یەکێکیان دانا بۆ من و ئەوی تریشیان بۆ خۆی، هەر ئەوەندەم زانی گولەیەکی نا بە سەر دڵیەوە و کوشتی.

من چەندم کرد نەمتوانی بیکوژم، عەقید موحسن زۆری لێکردم، منیش ناچار سێ گوللەم پێوە نا، بەڵام نەمرد!

ووتی:

"زیا مەسرەفی مەکە.. هەوڵ بدە گولەکانت ئامانج بپێکن! بینێ بە سەریەوە یاخود بە دڵیەوە، چونکە وا نەبێت فیشەکت زۆر بە فیڕۆ ئەڕوات!"

ئینجا ڕۆشتە لای کوڕە گەنجەکە، هێشتا قسەی ئەکرد و ئاگای لەخۆی بوو، بەگریانەوە هاواری کرد:

"توخوا مەمکوژن من تاوانم نیە و قوتابی زانکۆم!"

"تاوانت نییە؟ لەبیرت چوو باوکت پێشمەرگە بوو وە چەندی لە ئێمە شەهید کرد؟"

کوڕە گەنجەکە بەدەم ئازاری گولەکانەوە هاواری کرد :

"بەخوا باوکم هەر نەبینیوە.. من لەدایک نەبووم ئەو مردوە.. سێ خوشکم هەیە ڕەحمم پێبکەن مەمکوژن!"

عەقید موحسن گولەیەکی نا بە سەریەوە و ئیتر کوڕەکە هێزی تێدا نەما و ملی لار بۆوە.

کە ئەوەم بینی ویژدانم تەواو ماندوو بوو وویستم عەقید موحسن بکوژم و ڕابکەم، بەڵام جێگایەک نەبوو ڕووی تێبکەم!

پاشان گەڕاینەوە ژوورەکەی خۆی و دەستی هێنا هەزار دیناری سویسری ئەو کاتەی دامێ و ووتی:

"ئەمە مەکرمەی سەید رەئیسە بۆ هەموو موقاتلێکی ئازا"

لە ڕاستیدا ئەو پارەیە ویژدانی شۆردمەوە و تەواو گۆڕانم بەسەردا هات.

دوو ڕۆژ پاش ئەوە بە هەمان شێوە عەقید موحسن بانگی کردم و بردمیە ژوورەکەی خۆی بانگی هەمان ئەو کەسانەی کرد و ووتی:

"ئەو دووانەی ترم بۆ بهێنن"

دوو منداڵیان هێنا کە تەمەنیان لە دە ساڵ تاکو دوانزە ساڵ دەبوو! کە ئەمانەم بینی خەریک بوو شێت بم، بەڵام عەقید موحسن یەکسەر یەکێکیانی کوشت وە ئەمری کرد منیش ئەوی تریان بکوژم.

منیش ناچار کوشتم!!

بەڵام دیمەنیانم لە یادە و قەت لە بیرم ناچێتەوە بەبێ ئەوەی چاویان بەسترابێت، وورتەیان لەدەم نەهاتە دەرەوە، هەتاوەکو بەلادا هاتن و مردن.

بۆ ئەم کارەش هەزار دیناری ترم وەرگرت.

لەماوەی مانگێکدا سیازدە کەسمان کوشت! هەموویانم لە یادە چۆن کوشتمانن!

لەپاش کوشتنی وەجبەی دووەم عەقید موحسن بردمی بۆ گەڕەکێکی شاری هەولێر لەوێ چووینە ماڵێکی لەش فرۆشەوە، سێ ئافرەتیان بۆمان هێنا و ممارەسەی جنسیمان لەگەڵ کردن تا بەیانی، هەموو پارەکەم دانا بە قومار و بەخشیش و حەقی لەش فرۆشەکان.

ئیتر فێر بووم، شەوانە ئەو ماڵە ببووە جێگام، لە ماوەی مانگێکدا دوانزە هەزار دینارم دانا لەم ماڵە!

عەقید موحسنیش هەموو شەوێک ئەهات، پارەیەکی زۆری ئەدۆڕاند، تا وای لێهات ڕۆژێک لەشفرۆشەکانی کوشت و پارەکەی بردن بۆ خۆی.

عەقید موحسن لاقەی دەیەها کچی دەکرد لەو شارە، کابرایەک هەبوو گەوادی بۆ ئەکرد بەناوی جاسم حسێن پاشان ئەویش کرابە ئامر مەفرەزە.

من لە ساڵی ١٩٨٣ رتبەی نقیب ئیستخباراتم وەرگرت و مانگی شەش سەد دینارم بۆ برایەوە و کەوتمە ڕاونانی کورد و پێشمەرگە.

لە هەمان ساڵدا هەشت مەفرەزە دروست کران کە سەر بە فرقە بوون و هەموویان عەقید موحسن سەرپەرشتی ئەکردن، مەفرەزەیەکیشیان لە ژێر دەستی مندا بوو، من مەفرەزەکەی خۆمم تەنها بۆ دەوریە بەکار دەهێنا وە هیچ چالاکیەکی کوشتن و بڕینم پێ نەدەکرد، بەڵام

مەفرەزەکانی تر زەلامیان بە بێ تاوان ئەگرت و ئەیانکوشت و بە پارە سەرەکانیان ئەدا بە ڕژێم بەناوی ئەوەی پێشمەرگەن، وە بەزۆر تەعدایان لە ناموسی چەندین ئافرەت کرد، چەندین کچیان کرد بە ژن و پاشان لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژران.

ساڵی ١٩٨٧ عەقید ڕەشید دلێمی مودیری ئەمن بوو، پیاوێک برایەکی خۆی بە گرتن دابوو، کە براکەییان هێنا ئیعترافی نەئەکرد عەقید ڕەشید وویستی بە لاقەی ناموس بەرامبەر ژنەکەی ئیعترافی پێبکات،

بەڵام ئیعترافی نەکرد، ئاخر جار ناچار بوو ئیعتراف بکات، چونکە عەقید ڕەشید ژنەکەی هێنا ووتی ئەگەر ئیعتراف نەکەی لاقەی ئەکەم لەبەرچاوت ئەویش ناچار ئیعترافی کرد، بەڵام ئاخرەکەی کابرای کوشت وتەعدای ناموسی لە ژنەکەشی کرد!

لە ساڵی ١٩٨٩ لەپاش ئەنفالکردنی گوندنشینەکان و ڕوخاندنی گوندەکان ڕاید سدیق دەستی کرد بە تەعدا کردن لە ناموسی ژنی کورد ئەم کابرایە خەڵکی شەرقات بوو، زۆر دەستڕۆ بوو، چونکە خوشکێکی بەناوی سەمیرە گەوادەی وەتبان ئیبراهیمی برای سەددام بوو لە هەمان کات برایەکی نەقیب ئەمن بوو لە مودیریەی ئەمنی کەرکوک بەناوی نەقیب سەلاح.

هەرسێکیان سەر بە ئەمن بوون لە هەمان کات خەریکی گەوادی بوون بۆ وەتبان ئیشیان ئەوەبوو ژنی جوانیان لە کەرکوک پەیدا ئەکرد بۆیان ئەبرد.

جگە لەمانە ڕاید سدیق دەستی هەبوو لە تەقاندنەوەی کۆمەڵێک خانوو لە مەخمور لەگەڵ گرتنی دەیان خێزان و کەسوکاری پێشمەرگە، من ئاگادارم، ئەم کارە بەهاوکاری مەفرەزە تایبەتی یەکانی قیادەی قوتری ئەنجامدرا، کە ئەمانە لێپرسراوی ئەنفالکردنی خەڵکی ناوچەکانی شەمامک بوون.

لەپاش شەڕی کوێت من درامە فرقەی حیزبی بە هەمان ڕوتبەی خۆم کەڕوتبەی نەقیب ئیستخبارات بووم جگە لەوەش سێ نوت شجاعەم وەرگرتبوو، لەو مەوەیەداهەمان جەماعەت و مەفرەزە کەپێشتر لەژێردەستمابوو هەر لەگەڵمدا مانەوە، بەڵام لەم ساڵانەدا ئەوەبوو سنوری هێزی پێشمەرگە و حکومەت جیاکرایەوە و ئیتر ئیشوکاری ئێمە ببوو بە قاچاغ گرتن لە نێوان سنوری حکومەت و پێشمەرگە تاوەکو ڕووخانی سەددام.

ئەوەی بکەوێتەوە یادم لەوماوەیەدا حەوت کەس بەدەستی مەفرەزەکەی ئێمە کوژران کە قاچاخچی بوون لە دوورەوە تەقەمان لێکردن.

لەپاش ڕووخانی ڕژێم من لە شوێنی خۆم مامەوە و بۆ هیچ شوێنێک هەڵنەهاتم، چونکە بڕوام بە خۆم هەبوو کە هیچ کەسێک نیە داوای مافی خۆی لە من بکات یا شتێکم کردبێ ئێستا تۆڵەم لێ بکاتەوە!

وە لە زۆر جێگاش یارمەتی پێشمەرگەم داوە و هەر زانیاریەکم هەبوبێ پێم وتوون بەتایبەتی لەسەر دەسەڵاتدارانی حکومەت و ناوی جەلادەکان و ئەوانەی گەوادیان بۆ ئەمنەکان دەکرد لە شاری کەرکوک.

> "چەکی پێشمەرگایەتیم کردەوە شان و پاش ساڵێک لە پێشمەرگایەتی توانیم شەش پێشمەرگە بکوژم و بگەڕێمەوە لای ڕژێم!"



فۆتۆ : جەمال پێنجوێنی

# دان بەوەدا دەنێم کە کەس نیە ستەمکاریی بکاتو خودا بەبێ سزا وازی لێهێنابێت

زۆرداریمان کردو چیمان دەستکەوت؟ ئێستا شەوانە تۆقیوین دوای ئەوەی خۆمان سەروەری ڕۆژانو شەوان بووین، دەسەڵاتمان گرتە دەستو جگە لەستەمو زۆرداری هیچی دیمان نەکرد، خوداش چاوی لە ڕەفتارمان بوو، ئەو پێیوتین بەندەکانم لەسەر زەوی ستەمکاریی و گەندەڵی مەکەن، بەڵام ئێمە گوێمان لێنەگرت.

ئێمە چۆن ستەمکار نەبین، چۆن گەندەڵ نەبین، لەکاتێکدا ئەوەی سەرکردایەتی دەکردین خۆی بەرەو ئەو ڕێگایەی بردین کە گەیاندینیە کۆتاییەکی داخراو کە دەرباز بون لێی مەحاڵبوو.

هێندە بەسە کە بڵێم ئێستا ئێمە بە بەردەوامی لە ترسو لەرزدا دەژین، ئێمە بە زیندوویی ماوینەتەوە، چونکە پێویستە ئازار بچێژین، ئەمەش ویستی یەزدانە.

من دان بە تاوانمدا دەنێمو پەشیمانی خۆم دەردەبڕم لە هەر ساتێک کە تێیدا توندوتیژییم نواندووە.

ئێمە ئەوپەڕی وزەی خۆمان خستبووە کار تا سەرۆکەکانمان لەخۆمان ڕازی بکەینو، دەسکەوتی مادی و بەرزبوونەوەی پلەمان دەستبکەوێتو لە رووی دەرونیشەوە بە باشی مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن، ئەمە جگە لەو ترسو بیمەی خەڵک بەرامبەری ئێمە لە دڵیاندا بوو، بۆیە ڕێزیان لێدەگرتینو داواکارییەکانمانیان جێبەجێدەکرد.

کاتێک لە ساڵی ١٩٩٠ دا باوکم مرد، من تەمەنم شازدە ساڵان بوو، دایکم ئافرەتێکی بەستەزمانی بێدەسەڵات بوو، بەو یارمەتییانە دەژیا کە براکانم بۆیان دەبرد.

لە ساڵی ١٩٩٤ دا خوێندنی ئامادەییم تەواوکردو لە پەیمانگای تەندروستی بەسرە وەرگیرام. بەڵام بەهۆی قورسی مەسرەفو گرانییەوە نەمتوانی بخوێنم، کەسیش نەبوو یارمەتیم بدات. نەشمتوانی هیچ کارێک بدۆزمەوە تا لەو سەردەمی گەمارۆی ئابوریو گرانیو ڕەوشە سەختەدا بمژێنێت. براکانم گوێیان بە من نەدەدا، ئەوان باوەڕیان بە یەک شت هەبوو (کاربکەو خۆت بژێنە).

تەنها دوو ڕێگام لەبەردەمدا مابۆوە: یان ئەوەتا ببم بە پۆلیس، یان ببم بە ئاسایش. یەکێک لە برادەرەکانم کە کاتی خۆی لە قۆناغی ناوەندییەوە وازی لە خوێندن هێنابوو، ببوو بە پۆلیس، ئامۆژگاریی کردم ببم بە ئاسایش، چونکە شۆرەتی زیاترە لە پۆلیس، هەرکەسێکیش بچێتە ئاسایش هەیبەتی لای خەڵکی زیاد دەکات.

هاوڕێکەم واستەی بۆ کردمو ئەوانیش کارەکەیان زۆر بۆ ئاسان کردم.

دوای چەند ڕۆژێک بڕیارێکی ڕەسمی لە لایەن عەمید ڕوکن فەلاح بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشەوە دەرچوو، لای ئەوان دامەزرام، بەمشێوەیە لە ساڵی ١٩٩٤ دا بووم بە کارمەند لە ئاسایش.

لەسەرەتادا لەگەڵ مەفرەزەکاندا دەچووم بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتباران، زۆربەی ئەو تۆمەتانەی دەدرانە پاڵیان سیاسی بوون، وەک ئەوەی دەستیان لەگەڵ فەیلەقی بەدر تێکەڵاو کردبێت، یان ئەندامی حیزبی دەعوە یان حیزبوڵا بن یان کاری تێکدەرانەیان کردبێت، یاخود بە دزییەوە چووبن بۆ ئێران.

کە دەچووین بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک چەکدار بووینو فەرمانمان پێکرابوو بە ڕەقیو زبری لەگەڵ تۆمەتبارو خێزانەکەیدا بجولێینەوەو نەهێڵین بەرگری بکەن یان ڕووبەڕوومان بوەستنەوە.

بە قایمی لە دەرگامان دەدا، هەندێجار دەمانشکاندو هەندێکمان دەچووینە ژوورەوەو هەندێکی تریشمان لەسەربان یان باخیماڵەکەوە هێرشیان دەبرد بۆ ئەوەی تۆمەتبارەکە هیچ دەرفەتێکی هەڵاتنی نەبێت.

تۆمەتبارەکە لاو بوایە یان پیر، من بە خراپی مامەڵەم لەگەڵ دەکرد، ئەگەر بیویستایە بەرگری بکات تێرم لێدەدا، پاشان دەستو چاویم دەبەستەوەو بە زەبری چەک دەمخستە ناو ئوتومبیلەکەوە، کەسیشمان گوێمان نەدەدایە پاڕانەوەی کەسوکارو منداڵانی قوربانییەکە، ئەگەر بیانویستایە بەرەنگارمان ببنەوە، بە ئاسماندا تەقەمان دەکرد بۆ ئەوەی بیانترسێنین.

ئەو ئەفسەرەی بەرپرسم بوو، کارەکانی منی زۆر بەدڵ بوو، بۆیە بەرزی کردمەوە بۆ بەشی ئەشکەنجەدانو مووچەکەشم بەرز بۆوە. من پێویستیم بە پارە بوو، چونکە پارە لەپێشچاوی براکانم کرێمیەوەو کردمی بە کەسێک کە ڕێزی لێبگرن، وایان لێهات هەزار حیسابم بۆ بکەن، چونکە من لەگەڵ ئاسایشدا کارم دەکرد.

هۆڵی ئەشکەنجەدانم وەرگرت، لەگەڵ سێ جەللادی تردا بە نۆرە دەچووین، هەریەکەمان سێ ڕۆژ دەماینەوە بە مەبەستی ئەشکەنجەدانی هەرکەسێک کە نەیەتە ژێر بار.

ئەو کەسەی دەگیرا، تەنانەت ئەگەر ئیعتیرافیشی بکردایە، هەر ئەشکەنجەمان دەدا بۆ ئەوەی بۆمان دەربکەوێت کە ڕاست دەکات. بەڕاستی ئێمە جەللادی دڵڕەق بووینو لە پێناوی وەرگرتنی خەڵاتی زیاتردا ئەو کارەمان دەکرد.

من تاوانەکانم زۆرن، ناتوانم باسی هەموویان بکەم، چونکە ئەگەر دەربارەی هەموویان بدوێم، ئەوە دوای تەواوکردنی قسەکانم لەسەر زەوی نامێنم.

یەکێک لە قوربانییەکانمان ناوی هادی بوو، تۆمەتبار بوو بەوەی لەگەڵ چەند کەسێکی گێرەشێوێنو تێکدەری یەکێک لە ناحییەکانی سەر سنوری ئێراندا کاردەکات. حیزب بۆ ماوەیەک چاودێریی کردو پاشان لەکاتی کۆبوونەوەدا لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لە ئێرانەوە دەهاتن، گیران.

هادی وێڕای ئەو هەموو تێهەڵدانەی بە دەستی ئەفسەرەکەمان خواردی، نکولی لە هەموو شتێک کرد. ئیتر ناردی بۆ لای منو داوای لێکردم هەموو شتێکی لەگەڵ تاقیبکەمەوەو شێوازی تایبەتی خۆشمی لەگەڵ بەکاربهێنم. بەڵێنیشیان پێدام کە ئەگەر توانیم ئیعتیرافی پێبکەم، خەڵاتێکی باشم بکەن.

سەختترینو درێژترین شێوازم لەگەڵ بەکارهێنا، لە پێشا فەلاقەم کرد. بە گورسێکی ئەستور هەڵمواسی بە چنگاڵێکدا بە بنمیچەکەوە، جلەکانیم داکەندو بە سۆندەیەک کە ناوەکەی وردە چەوی تیابوو کەوتمە لێدانی.

پێستی لەشی لەژێر لێدانی سۆندەکاندا شەقی برد، خوێن لە چەند شوێنێکیەوە فیچقەی کرد، پاشان شانی دەرچوو و بووراییەوە.

نزیکەی مانگێک ئاوا ئەشکەنجەمدا، ئەو زۆر کەللە ڕەق بوو، دەیویست قوربانی بەخۆی بداتو کەس تووش نەکات.

بە گازێکی ئاسن هەموو تینۆکەکانیم دەرهێنا. داخم کردو چەند شوێنێکی لەشیم سوتاند، شیشێکی ئاسنم گەرم کردو پێمەوە نا. لەسەر کورسییەک دامناو وایەرم تێوە ئاڵاندو کارەبام لێدا، بەڵام ئەو خۆڕاگر بوو، قسەی نەدەکرد.

پاشان شێوازێکی ترم لەگەڵ بەکارهێنا، کورسییەکمان هەبوو بە دیوارەکەوە قایمکرابوو، سەر دەسکەکانی دوو گیرەی ئاسنیان پێوە بوو بۆ گرتنی قوربانییەکە. لەسەر تەپڵی سەریەوە بەلوعەیەک هەبوو. تۆمەتبارەکەم لەسەر کورسییەکە دانیشاندو قایمم کرد، ئینجا ئاوە ساردەکە بەسەر سەریدا دەرژایە خوارەوە.

کەس ناتوانێت دە خولەک بەرگەی ئەمە بگرێت، چونکە دەبورێتەوە.

هەموو ئەم شتانەم لەگەڵ بەکارهێنا، بەڵام بێسوود بوو، وردە وردە تەندروستی تێکچوو، لەدڵی خۆما وتم دەمریت و ئیعتیرافم لێی دەستناکەوێت."

ئەفسەرەکەش زوو زوو یەکێکی دەنارد بۆ لام تا بزانێت بەچی گەیشتووم، منیش پێمدەوت "هەر ئیعتیراف دەکات، بەڵام کاتی پێویستە."

سەرەنجام ئەفسەرەکە هەڕەشەی لێکردم کە ئەگەر تۆمەتبارەکە ئیعتیراف نەکات، ئەوا سزای من دەدات، پێویستە لەنێوان سزاو وەرگرتنی ئیعتیرافدا لە هادی، یەکێکیان هەڵببژێرم.

ئیتر دەبوو قێزەوونترین شێوازی لەگەڵ بەکاربهێنم، قۆناغی یەکەمی بوتڵی شوشە بوو، تۆمەتبارمان ناچارکرد لەسەر بتڵێکی شوشە دابنیشێت کە ملەکەی شکابو. بوتڵەکەم کرد بە کۆمیداو دەرمهێنایەوە، کۆمی خوێنی لێبەربوو، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر ئیعتیراف نەکردن.

ناچار هانام بردە بەر شێوازێکی بەژانو ئازار، تۆمەتبارەکەم تەسلیمی ژمارەیەک لە هیچو پووچترینو خوێڕیترین کەسی ناو بەڕێوەبەرێتییەکەمان کرد، بۆ ئەوەی دەستدرێژیی سێکسی بکەنە سەر. ئەوانە لە نزمترین شوێنی کۆمەڵگاوە هاتبوون، خوشکی خۆیان دەهێنا بۆ ئەوفسەرەکان بۆ ئەوەی لەگەڵیان بخەون. مەسەلەی لاقەکردنو دەستدرێژیی لەناو خوێنیاندا بوو، ئەوانە بەردەوام سەرخۆش بوونو گوێیان نەدەدایە هیچ شتێک.

سێ کەس لەوانە لاقەی تۆمەتبارەکەیان کرد، ئەویش هەرەسی هێناو کەوتە کفرکردنو جنێودان بە داروبەردو ئاسمان، وتی "هەر لە دەستی ئەو وەحشییانە ڕزگارم بکەن، هەرچیم هەیە دەیڵێم."

منیش بردم بۆ لای ئەفسەرەکەو دانی بە هەموو شتێکدا ناو هەموو پلانەکانی داهاتوویان دژی ڕژێمو پیاوانی حیزب خستە ڕوو.

لە ئەنجامی ئەو هەموو ئەشکەنجەیەدا، هادی تووشی حاڵەتێکی دەرونی ناخۆش بوو، جارجارە تووشی هیستریا دەبوو

دوای ئەوە ڕەوانەی دادگای شۆڕش کراو فەرمانی زیندانیکردنی هەتاهەتایان بەسەریدا سەپاند.

دوای تەواوکردنی مەسەلەی هادی، پلەم بەرزکرایەوە، ئەفسەرەکان زۆر لێم ڕازی بوون. کارمەندانی ناو بەڕێوەبەرێتی لێم دەسڵەمینەوەو هەوڵیاندەدا خۆیان نەدەن لە قەرەم.

لەخۆباییبوونی دەسەڵات هەموو شتێکت بیردەباتەوەو ئیتر وادەزانیت هیچ شتێک نیە بتوانێت کەسێتیت بخاتە لەرزە، بەزەیی لە لای من هیچ مانایەکی نەمابوو.

چیرۆکی کچێکیشم بیرماوە ناوی شەیما بوو، ئەم کچە کاری بۆ دەزگای هەواڵگریی ئێران دەکردو ماڵەکەشی کردبوو بە مۆڵگەیەکی نهێنی بۆ ئەوان.

دوای ئەوەی ڕاپۆرتێکمان لە لایەنە حیزبییەکانەوە بەدەستگەیشت، دەستگیرمان کرد.

شەیما شووی نەکردبوو، لەگەڵ دایکە پەککەوتووەکەیدا لەیەک خانوودا دەژیان، هەموو براکانی ژنیان هێنابوو، شەیما بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد.


کە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵی کرد نکولی لە هەموو شتێک کرد، پێویست بوو لەسەرمان بە ئەشکەنجەدان ئیعتیرافی پێبکەین.

من ئەو ئەرکەم وەرگرتو بە کێبڵ کەوتمە لێدانی، ڕووتم کردەوەو ئاوی کوڵاوم پێداکرد، هەموو لەشی سوور هەڵگەڕا، دەیقیژاندو هاواری دەکرد، کارەبام لێداو هیچ بەزەییەکم پێیدا نەهاتەوە، چونکە تاکە شتێک کە بیرم لێدەکردەوە ئەوە بوو کە ئەو مرۆڤێکی خایینو هیچو پووچە.

بەڵام ئەو شێوازانە هیچیان لەگەڵیدا سەرکەوتوو نەبوون.

» ل ١٥

> سێ کەس لاقەی تۆمەتبارەکەیان کرد، ئەویش هەرەسی هێناو کەوتە کفرکردنو جنێودان بە داروبەردو ئاسمان، وتی «هەر لە دەستی ئەو وەحشییانە ڕزگارم بکەن، هەرچیم هەیە دەیڵێم.




ڕێبوار سەعید

# من لە ڕەوشێکی سەختدا گەورەبووم، باوکم ئالودەی شەراب بوو



ڕێبوار سەعید

من پەنجەی پەشیمانی دەگەزم، گەرچی دەشزانم هیچ شتێک وام لێناکات شایستەی لێبوردن بم، بەڵام تاکە ئومێدم بەوەیە دان بە تاوانەکانمدا بنێم، کەئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە من پەشیمان بوومەتەوە.

من وەکو تاوانکارێک ژیاوم، لە ناخشیمدا دڵێکی شکاوم هەبوو، هەرچی شتی جوان لەناویدا هەبوو، هەموویان شکاند، نە بەزەیی تێدا ما و نەخۆشەویستی، هیچ نەما جگە لە رق و ستەمکاریی.

من لە رەوشێکی سەختدا گەورەبووم، باوکم ئالودەی شەراب بوو، دەسبەرداری نەدەبوو، سەرەنجام بەهۆی خواردنەوەوە ئەقڵی لەدەست دا.

بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە مامەڵەی لەگەڵ دایکمدا دەکرد، من و دوو خوشکەکەم کون نەبوو خۆمانی تیا بشارینەوە، ئەگەر بیدۆزینایەتەوە، دەیبەستینەوە بە دارخورماکانی ناو حەوشەی ماڵەکەمانەوە، پاشان دەیدایینە بەر قامچی. کە دایکم دەهات بە هانامانەوە، ئێمەی بە شەتەکدراوی بەسەر دارخورماکەوە جێدەهێشت و بە قامچی دەچووە وێزەی ئەو، جێی قامچییەکانی بە هەموو گیانمانەوە بوو.

سەرەنجام دایکم نەیتوانی لەوە زیاتر بەرگەبگرێت، پەلی هەرسێکمانی گرت و چووەوە بۆ ماڵی باوکی. بەڵام خاڵەکانمان پێیان خۆش نەبوو کە دایکمان تۆراوەو بە سێ منداڵەوە چۆتەوە بۆ ماڵەوە. خاڵۆژنەکانمان زۆر بە خراپی لەگەڵمان دەجوڵانەوە، وەک کارەکەر سەیری دایکمانیان دەکرد، تاڵاوی دنیایان کرد بە گەروماندا.

ڕۆژێکی هاوینی ساڵی ١٩٧٧ یەکێک لە خزمەکانی دایکم کە ناوی کەڕرار بوو، هات بۆ ماڵمان.

کەڕرار قسەی لەگەڵ کردم و وتی:

-بۆچی ناچیت لە ئەمن کاربکەیت؟

-جا ئەوان من وەردەگرن؟

-تۆ بچۆرە پێشەوەو داوای بکە، من واستەت بۆ دەکەم.

ئیتر بە هاوکاریی ئەو خزمەمان، دوای مانگێک لەوەی داوای دامەزراندنم کرد، فەرمانی دامەزراندنم لە ئەمن دەرچوو.

لە خۆشییاندا بە پەلە خۆم گەیاندە لای دایکم و مژدەم دایەو وتم:

- دایە، ئیتر خانوویەک بەکرێ دەگرین و لێرە دەڕۆین. لەمڕۆ بەدواوە ئیتر ناهێڵم کاربکەیت، دەبیت بە خانمی ماڵی خۆت و کەس ناتوانێت فەرمانت بەسەردا بکات.

ڕۆژی یەکەم چووم بۆ دەوام، لەوێ کەڕرارم بینی، ئەو ئاگاداری کردمەوەو وتی:

-گوێبگرە جاسم، پرسیاری زۆر نەکەیت، ئەفسەرەکە هەرچی لێ داواکردیت، بڵێ باشە، تێگەیشتیت؟

دوای ئەو قسانە بردمی بۆ لای عەقید سەعدو پێی وت:

-گەورەم ئەمە جاسمە، ئەوەی بۆم باسکردیت.

-ڕێک وەک ئەوەیە کە وەسفت کرد بۆم؟.

-بەڵێ گەورەم.

عەقیدەکە سەیرێکی کردم و وتی:

- مادام باڵابەرز و کەتەیت، بڕیارمدا لە شوێنێکی شایستەی خۆتدا دات بنێم.

منیش بێدەنگ بووم و هیچ پرسیارێکم نەکرد.

پاشان سەیری کەڕراری کردو وتی:

- باشترین شوێن بۆ ئەم کوڕە ژووری عەمەلییاتە، شکڵی هەر بۆ جەللاد باشە.

بەبیستنی ئەو وشەیە دڵم داخورپا، چونکە دەمزانی مانای چییە، بەڵام لە ترسی ئەوەی کارەکەم لەدەست نەچێت، هیچم نەووت، بۆ ئەوەی بە نائومێدی نەچمەوە بۆ لای دایکم.

من و کەڕرار پێکەوە چووینە دەرەوە، لە دەرەوە لێم پرسی:

-دەتوانم ئەم کارە رەتبکەمەوەو کارێکی ترم بدەنێ؟

-وتت چی؟ سوپاسی خوا بکە، کێ کاریوای دەستدەکەوێت دەیان کەس خەو بەمکارەوەدەبینن.

-جا کێ دەیەوێت ببێت بە جەللاد؟

-زۆر هەن، تۆ دەبیت بە جەللاد بەسەر ئەو کەسانەوە کە هەڕەشە لە ئاسایشی وڵات دەکەن، جارێکی تر ئەم قسانە نەکەیت، تێگەیشتیت؟

هیچم نەووت و دوای کەوتم، بردمی بۆ ژورێکی مامناوەندی کە کۆمەڵێک ئامرازی تێدا بوو، هیچ پەنجەرەیەکیشی نەبوو؟

دیوارەکان شوێنەواری خوێنیان پێوە بوو، تەنها یەک گڵۆپیشی تێدا بوو.

پیاوێکی چوارشانەی ئەسمەری سمێڵ زلی لێبوو، پێیاندەووت (ئەبوخەشیم).

کەڕرار پێیووت:

- ئەمە فەرمانبەرە نوێیەکەیەو ئەمەش ئەمرێکە لە عەقید سەعدەوە، تا سێ ڕۆژ مەشقی پێبکەیت، بۆ ئەوەی بە باشی فێری کارەکە ببێت، باشە!.

پاشان روویکردە من و وتی:

- تۆش لێرە دەمێنیتەوە بۆ ئەوەی فێر ببیت، دوای سێ ڕۆژ دەسبەکار دەبیت. پێش سەعات شەشی ئێوارە لێرە ناڕۆیت.

ئیتر کەڕرار ڕۆیشت و لەگەڵ ئەبوخەشیمدا جێیهێشتم.

دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە، دەترسام و سەرم لێ تێک چووبوو، نەمدەزانی چی بکەم، لەپڕ دوو کەس هاتن و لاوێکیان هێنا. یەکێکیان بە ئەبوخەشیمی وت:

- رەحمی پێمەکە هەتا ئیعتیراف دەکات.

ئەبو خەشیم لاوەکەی گرت و بە بۆکس تێی بەربوو، پاشان شەقێکی تێهەڵداو جلەکانی لەبەر داکەند. دوای ئەوە بە کێبڵ دەستیکرد بە لێدانی شوێنە هەستیارەکانی لەشی. لاوەکە دەگریاو دەپاڕایەوە وازی لێبهێنێت، بەڵام ئەبو خەشیم زیاتر لێیدەدا تا وای لێهات هەموو گیانی بوو بە نەزیفی خوێن و لەهۆش خۆی چوو، ئیتر وازی لێهێناو بانگی ئەو دوو کەسەی کرد کە هێنابوویان، تا بیبەنەوە بۆ زیندانەکەی.

دوای چەند خولەکێک پیاوێکیان هێنا، لە تەمەنی سی ساڵاندا بوو، ئەبو خەشیم بە بنمیچی ژوورەکەدا هەڵیواسی و بە کێبڵ دەستیکرد بە لێدانی، هەتا شانی دەرچوو، بووڕایەوە، ئینجا دایگرتە سەر زەوی.

کە بینیم ئەبوخەشیم چۆن ئەو خەڵکانە ئەشکەنجە دەدات، هەستم کرد دڵم تێکەڵ دێت، زۆر بە زەحمەت خۆم بۆ راگیر دەکرا.

دوای ماوەیەک ئافرەتێکیان هێنا کە رازی نەبوو خەبەر لە مێردەکەی بدات کە سەر بە حیزبی دەعوە بوو. ئەبوخەشیم جلەکانی لەبەرداکەندو لەسەر کورسییەک داینیشاند، چەند وایەرێکی کارەبایی هێناو لە گۆی هەردوو مەمکی و پەنجە گەورەی قاچی بەستی، پاشان کارەبای لێدا، کارەباکە ئافرەتەکەی توند راوەشاندو ئەویش قیژاندی و لیک بە دەمیا هاتە خوارەوەو لەهۆش خۆی چوو.

ئەبوخەشیم ئافرەتەکەی لەسەر کورسییەکە هێنایە خوارەوەو جلەکانی لەبەرکردەوەو بانگی ئەو کەسانەی کرد کە هێنابوویان، بۆ ئەوەی بیبەنەوە.

لەو ساتەدا رقم لەخۆم دەبۆوە، چونکە منیش وەکو ئەبو خەشیم تاوانبارم لێدەردەچێت.

دوای تەواوبوونی مەشقی ئەو ڕۆژە کەڕرار هات و فەرمانی پێدام بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام کە بینیمی وەزعم پەشێوە، خۆی لە گەڵمدا هات و لە ڕێگا لێی پرسیم:

-جاسم، چیتە؟ تۆ بەس سەیرت کردووە، ئەی ئەگەر خۆت بیکەیت چیت بەسەر دێت؟

-ئەوانەی لەبەردەمی مندا ئەشکەنجەدران، گوناهیان چییە؟

-گوناهیان گەورەیەو قابیلی لێخۆشبوون نییە. ئەوانە دەیانەوێت ڕژێمەکەمان بڕوخێنن و پشێوی و کوشتوبڕ بڵاوبکەنەوە.

پاشان کەمێک بێدەنگ بوو، ئینجا وتی:

- بڕوا مەکە کەس لەوانە زۆرلێکراو بێت. ئێمەین زۆرلێکراوان، تۆ زۆرت لێکراوە، تۆ لەژێر ڕەحمەتی خاڵەکانت و باوکە خراپەکەتا ژیاویت. ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە لە بیری خۆتی ببەرەوە، لێهاتوویی خۆت لە کارە نوێیەکەتا بسەلمێنە و لەبەردەمی ئەو خاینانەدا لاواز مەبە، ئیش بکە تا دایکت کە لە پێناوی ئێوەدا زۆری چەشتووە، بحەوێتەوە.

بەدەم ئەم قسانەوە گەیاندمیە ماڵی خۆمان و ڕۆیشت، دایکم هەستیکرد وەزعم باش نیە، پرسی:

- کوڕم وەزعت باشە.

منیش سەیرێکی ناوچاویم کرد کە لە خۆشیاندا دەدرەوشایەوە، زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە لە یەکەم ڕۆژی کارکردنمداگەڕاومەتەوە، بیرم لە ئومێدو خۆزگەی دایکم کردەوە بۆ ئەوەی ژیانێکی بێ کێشە بەسەر ببات، نەمتوانی هیچی بۆ بگێڕمەوە، وتم:

- هیچ نیە دایە، هێشتا لەسەر ئەم کارە تازەیە رانەهاتووم.

- کوڕم هەموو دەسپێکردنێک ناڕەحەتە، بەڵام لەگەڵ ڕۆژاندا رادێیت.

ئەو شەوە هەر بیرم دەکردەوە: چۆن بتوانم کێبڵ بگرم بە دەستمەوەو بەربمە خەڵک. خەمێکی زۆر لەسەر شانم بارببوو، بیرکردنەوە ئازاری دەدام، بەڵام قسەکەی کەڕراریش هەر لە مێشکمدا دەزرنگایەوە کە دەیووت (ئەوانە خاین و تاوانبارن). ئیتر قەناعەتم بەخۆم کرد کە ئەوانە شایستەی ئەوەن کە بەسەریان دێت، چونکە خاینن و پێویستە جەزای خۆیان وەربگرن.

سێ ڕۆژەکە تەواو بوو، ئەو شەوەی دەبوو بۆ بەیانی خۆم دەسبەکار ببم، خەوم لێنەکەوت، ئاخر بۆ بەیانی دەبووم بە جەللاد.

بۆ بەیانی چوم بۆ دەوام، کەڕرار لەوێ چاوەڕوانم بوو، رووی تێکردم و وتی:

- سەرم شۆڕ نەکەیت ها، تێگەیشتیت!

چووم بۆ ژووری عەمەلیات، ئەبو خەشیم چاوەڕوانم بوو، بۆ ئەوەی چاودێریم بکات و بزانێت چی دەکەم.

یەکەمین کەس کە دەبوو من ئەشکەنجەی بدەم پیاوێکی چل ساڵان بوو، تۆمەتباربوو بەوەی سەر بە حیزبی دەعوەیە. بە دەستی لە رزۆکەوە کێبڵم هەڵگرت، ئاخر چۆن لە پیاوێک بدەم کە تەمەنی لە خۆم گەورەترە و چاوەکانی بەجۆرێک سەیرم دەکەن کە داوای بەزەییم لێبکەن.

ئەبو خەشیم بە دەنگی بەرز هاواری لێکردم:

-دەستت نەلەرزێت، ترسنۆک مەبە!

کێبڵەکەم هەڵگرت بۆ ئەوەی لێیبدەم، بەڵام نەمتوانی، ئەبوخەشیم یەک بۆکسی سرەواندە دەموچاوم و چوو ئەفسەرێکی بانگ کرد. ئەفسەرەکە پێیووتم:

- تۆ لێرە سەربازیت. ئەوەی لە ئەمن کار بکات، دەبێت خزمەت بکات و فەرمانەکان جێبەجێ بکات. ئەمجارەیان رەحمت پێدەکەم و سووکترین سزات دەدەم، ئەگەر مفەوەز کەڕرار نەبوایە، سزایەکی سەختترم دەدایت.

ئینجا روویکردە ئەبوخەشیم و وتی:

- فەرمانەکەی بەسەردا جێبەجێ بکە.

ئەبو خەشیم دەستمی گرت و بە ئاسنێک پێیدا کێشاو شکاندی. سێ هەفتە دەستم لە گەچدا مایەوە.

دوای چاکبوونەوەی دەستم، بردیانمەوە بۆ سەر کار و خستیانمە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی ئەفسەرەکەوە.

یەکەم ئەرکم ئەوەبوو کارەبا لە ژنێک بدەم، جلەکانیم لەبەر داکەندو وایەری کارەبام لە ناوچە هەستیارەکانی جەستەی بەست — وەک ئەوەی ئەبو خەشیم دەیکرد— کارەبام لێدا هەتا لەهۆش خۆی چوو.

ئەفسەرەکە وتی:

- ئافەرین، دەمەوێت ئاوا بیت! ئەوانە بەڵان و دەیانەوێت دەوڵەتەکەمان لەناو ببەن، بەهیچ جۆرێک رەحمیان پێ مەکە.

بە بیستنی وشەکانی ئەفسەرەکە، تێکەڵەیەک لە هەست و سۆزی جیاجیام لا دروست بوو. ئیتر هیچ بەزەییەک لە دڵمدا نەما، مانای بەزەییم لەبیرخۆم بردەوە، بووم بە جەللادێک کە ڕۆژانە دزێوترین کارم ئەنجام دەدا.

» ل٧

» دەستم کرد بە بەدیهێنانی خەونەکانم، خانوویەکم بۆ خێزانەکەم بەکرێ گرت، دونیا لەگەڵ خۆی بردمی و لەخۆم بایی بووم. هەموو هەوڵم بۆ ئەوە بوو بەرپرسان لەخۆم رازی بکەم، ستایش و پیاهەڵدانی ئەوان لای من مانای زۆریان هەبوو.

رۆژێکیان ئەفسەرەکە فەرمانی پێدام کەسێک ئەشکەنجە بدەم کە سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامی بوو، وتی کارەبای لێبدە.

دڵرەقی من گەیشتە رادەیەک کە کارەبایەکی بەهێزم دا لە سەری زەکەری، تا نەبوورایەوە وایەرەکانم لێنەکردەوە، بینیم میزی کردووە بە خۆیداو میزەکەشی خوێنی پێوەیە، ئینجا قاچێکیشیم شکاند.

لەگەڵ موقەدەم بەسام عومەردا کە خەڵکی موسڵ بوو، رێکەوتبووین هەرکاتێک کچێکی جوانیان بهێنایە، ماوەیەکی کەم بە کێبڵ یان کوتەک لێمان دەداو پاشان دەمانبرد بۆ لای باسم و ئەویش شەو لەگەڵیدا رای دەبوارد. هەموو جارێک من کچەکانم بۆ دەبرد. بەسام دەرگاکەی دادەخست و من لەبەردەرگا دەمامەوە، گوێم لە هاوارو قیژەی کچەکە دەبوو کە دەیویست خۆی لە چنگی بەسام قوتاربکات، دەپاڕایەوەو دەگریا بۆ ئەوەی وازی لێبهێنێت، گوێشم لە زرمەی ئەو شەق و زللانە دەبوو کە بەسام تێی دەسرەواند.

ئەو ماوەیەی من لەوێ بووم، موقەدەم بەسام ژمارەیەکی زۆر کچی لاقە کرد، هیچ کچێک لە دەستی دەرنەچوو.

من سەرم کردە سەر خواردنەوە بۆ ئەوەی ئەو مەسەلانە لەبیری خۆم ببەمەوەو خۆم قایل بکەم بەوەی ئەو کارانەی دەیانکەم بەشێکن لە ئەرکی سەر شانم.

جارێکیان کەسێکم ئەشکەنجە دا ناوی عادل عەباس حەمید بوو، تۆمەتەکەشی ئەوەبوو کە ئەندامێکی چالاکی حیزبی دەعوەیە.

بە ئاسنی سوورەوەکراو چەند جێگایەکی لەشیم داخ کرد، ئەفسەرەکە ئەو پیاوەی لە ژێر زەمینەکەدا خستبووە زیندانێکی تەنهاوە، بۆ ئەوەی بیبەن لەسێدارەی بدەن، بەوەش رانەوەستا، داوای لە چەند کەسێک لە هەتیوبازەکانی لای خۆمان کرد، بچن لاقەی بکەن و ئەوانیش کردیان.

دواتر ئەو لاوە لە ناوچەیەکی دوورەدەست و چۆڵ لە سێدارە درا.

کچێکیش گیرا تەمەنی لە هەژدە ساڵ تێنەدەپەڕی، تۆمەتەکەشی ئەوە بوو کە سەر بە حیزبی دەعوەیە. ئەبو خەشیم ئاسنێکی سوورەوەکراوی کرد بەناو زێدانیداو تووشی نەزیفێکی سەخت بوو.

من لەسەر کارەکەم بەردەوام بووم، پاشان خودا سزای دام و ژنێکی زۆر جوانی پێبەخشیم. ئەوکاتە ماڵەکەم ببوو بە مەیخانەی ئەفسەرەکانی ئەمن، ئەفسەرانی وەک بەسام و هەیسەم و موسەنناو هی تر دەهاتن بۆ ماڵی ئێمەو ئەو ئافرەتانەیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا کە لە مەلهاو شوێنەکانی تر دەیانناسین، لەوێ دەیانخواردەوەو رایاندەبوارد. هەتا شەوێکی درەنگ دەمانەوەو پاشان دەڕۆیشتن.

نەمدەهێشت ژنەکەم لەبەرچاوی ئەفسەرەکان خۆی دەربخات. ئافرەتێکی بەڕەوشت و چاک بوو، بەڵام من لەبەرئەوەی لەسەر توندوتیژی راهاتبووم، مامەڵەم لەگەڵیدا خراپ بوو، ژنەکەم پێی خۆش نەبوو ئەو پیاوانە بێن بۆ ماڵمان و ئەو کارانە بکەن، منیش بەردەوام لێم دەداو نەمدەهێشت دەمی بکاتەوەو قسە بکات. ئەویش ناچار لەپێناوی منداڵەکانیدا سەبری دەکردو لەگەڵ مندا دەژیا.

هەموو جارێک پێمدەوت بژێوی ژیانی ئێمە لەسەر ئەوە راوەستاوە کە گوێڕایەڵی ئەو ئەفسەرانە بیم، مەحاڵە بتوانم لە فەرمانی ئەوان دەربچم، ئیتر هەرچییەک ببێت.

رۆژێکیان بەسام چوو بۆ بازاڕ لە عەممارەو مفەوەز کەڕراریشی لەگەڵدا بوو، لە بازاڕ ژنەکەی منیان بینی، کەڕرار سڵاوی لێکرد و ئەویش وەڵامی دایەوە.

بەسام لە کەڕراری پرسی:

–ئەو ئافرەتەی قسەت لەگەڵ کرد کێ بوو؟

–گەورەم ئەمە ژنی جاسمە.

–جاسم ژنێکی ئاوا جوانی هەیەو پێشم ناڵێت؟ ئەی مەلعون! دەبێت لەسەر ئەمە سزای بدەم.

کەڕرار بە پەلە هات بۆ ماڵمان و وریای کردمەوە ئاگام لەخۆم بێت. منیش بە پەلە کارەکەمم تەواو کردو خۆم گەیاندەوە ماڵەوەو دەستم کرد بە لێدانی ژنەکەم و دەرم کردە دەرەوەو پێموت نەیەتەوە بۆ ماڵەوە.

ئەمە ئەو رۆژە بوو کە تێیدا خۆم و خێزانەکەشم وێران کرد.

موقەدەم بەسام ناردی بەدوامداو چووم بۆ لای، ئەو مەست بوو، لە ژووره تایبەتییەکەی لەگەڵم کۆبۆوەو وتی:

– جاسم بۆچی ژنەکەی خۆتم لێدەشاریتەوە؟

– کام ژن؟

– بۆ زیاتر لە ژنێکت هەیەو من نازانم؟

– گەورەم من یەک ژنم هەبوو، ئێستاش تۆراوەو لەماڵی باوکێتی، لای مەلا تەڵاقم داوە.

– خوێڕی تەڵاقت داوە؟ بۆچی وات کرد؟ بۆچی بۆ منت جێنەهێشت؟

– گەورەم، لایەقی ئاستی تۆ نیە. ئەو ژنە بەتەواویی ماندووی کردووم و شایستەی ئەوە نیە یەک خولەکیش لەگەڵیدا بیت.

– گوێبگرە، دەمەوێت وەرەقەی رەسمیی تەڵاقم بۆ بهێنیت تا بروات پێبکەم.

ئیتر ناچار چووم بۆ مەحکەمەو ژنەکەمم تەڵاق دا، ئەمەش بۆ ئەوەی لە چنگی ئەو هەرچی و پەرچییانە قوتاری بکەم.

کە بەسام وەرەقەی تەڵاقەکەی بینی، وتی:

– باشە ئێستا چۆن بەردەستم دەکەوێت

– گەورەم نەخۆشییەکی پیسی هەیە، ناتوانیت لێی نزیک ببیتەوە، هەر لەبەرئەوەش تەڵاقم دا.

– بەداخەوە، ئەم هەموو جوانییە ئەو نەخۆشییەی پێوەبێت.

رۆژێکیان کەسێکم ئەشکەنجە دەداو نینۆکەکانیم هەڵدەکەند، ئەو کەسە تۆمەتبار بوو بەوەی چەکی بردووە بۆ نەیارەکانمان لەناو هۆڕەکان. پیاوەکە زۆر خۆی رادەپەسکاندو نەیدەهێشت نینۆکی دەربهێنم، لەپڕ ئامێری نینۆک هەڵکێشانەکە بەر دەستم کەوت و خوێنی لێهات و جێگاکەی بوو بە برین.

برینەکەم تا دەهات خراپتر دەبوو، چووم بۆ نەخۆشخانەو فەحس و پشکنینم کرد و بۆم دەرکەوت تووشی نەخۆشی شەکرە بووم و ڕێژەکەشی زۆر بەرزە، برینەکەشم تەشەنەی کردو بوو بە گانگرین، پێیان وتم ئەگەر بەشە تووشبووەکە نەبڕنەوە، ئەوە هەموو گیانم دەگرێتەوە، ئەوە شۆکێکی گەورە بوو بۆ من، زانیم خودا تۆڵەی لێکردومەتەوەو دەستی راستی لێسەندمەوە کە خەڵکم پێ ئەشکەنجە دەدا، ئیترپاش ئەوە مەچەکمیان بڕییەوە.

دوای بڕینەوەی دەستم ئیتر نەمتوانی لەسەر کارکردن بەردەوام بیم، داوام کرد خانەنشینم بکەن و لە نیسانی ٢٠٠١ دا داواکەم پەسەند کرا.

دوای خانەنشین بوون، ئەو یادەوەرییانەم دەهاتەوە یاد کە تێیاندا ژیابووم و ئەو هەموو تاوانەی کردبوومن، ئازاریان دەدام. شتەکان دەهاتنەوە یادم و بەبەر چاومدا تێدەپەڕین، وەک شێتم لێهاتبوو، هەمیشە هەر لە خەیاڵی هاوارو پاڕانەوەی ئەو کەسانەدا بووم کە دڵڕەقانە ئەشکەنجەم دابوون.

شەوانم بە گریان بەسەردەبردو پەشیمان بووم لە هەموو ئەو کارانەی کردبوومن، لە هەموو ئەو زوڵم و زۆرەی لە خەڵکم کردبوو.

دەمزانی ئەمە ئیرادەی خوای گەورەیەو لەسەر ئەو زوڵم و زۆرەی کردوومە، سزام دەدات.

دایک مردو خوشکەکانم شوویان کردو هەر خۆم بە تەنها مامەوە، رۆیشتم بۆ لای مەلای مزگەوتێک بۆ ئەوەی نەسیحەتم بکات، دەمویست لەو خراپەکاری و تاوانانەی کردوومن پاک ببمەوە، مەلاکە ئامۆژگاری کردم لە دڵمەوە تۆبە بکەم و خوداش لە گوناهی بەندەکانی خۆش دەبێت. ئیتر رووم کردە خوداو تۆبەم کردو داوای بەخشینم لێکرد لە هەموو ئەو جەورو ستەمەی بە دەستی من روویانداوە.


لەکۆتاییدا، بڕیارمدا هاوسەرەکەم و منداڵەکانم بهێنمەوە، منداڵەکانم گەورە ببوون و لە قۆناغی ناوەندی بوون. کاتێک بە ژنەکەمم وت تۆبەم کردووەو ژیانی خۆمم گۆڕیوە، گەڕایەوە بۆ لام. کە منداڵەکانم هاتنەوە بۆم دەرکەوت خۆشیان ناوێم و بەرامبەرم دڵیان رەقە، هەتا ئێستاش هەر وەک کەسێکی غەریبە مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن.

من زۆر دوای سەراب کەوتم تا دواتر راستییەکانم بۆ دەرکەوت، ئیتر راستی بوو بە رێگای سەرفرازی بۆ من. بەڵام ئەو باجەی دام زۆر زۆر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی خوا دەکەم کە رێگای تۆبەم دۆزییەوە.

دوای رووخانی رژێم خەڵکی بێزاریان کردم، زۆریان عەزێت دام، ئەو مەلایەی تۆبەم لا کردبوو بۆ خەڵکی روونکردەوە کە من دوو ساڵ پێش رووخانی رژێم تۆبەم کردووە. بەڵام تا ئێستاش لە چاوی خەڵکدا رق و قین دەبینم، وەک ئەوەی بەچاو پێم بڵێن: ئەمەیە ئەو جەللادەی چەوساوەکانی ئەشکەنجەدەدا. ئەمەیە خزمەتکاری ئەڵقەلەگوێی ئەمن.

ناچار بڕیارمدا ماڵەکەم بگوێزمەوەو بچم بۆ ناچەیەکی دووری پارێزگاکە، زۆربەی کاتی خۆشم لەماڵەوە بەسەر دەبەم و هەوڵ دەدەم خۆم لە یەزدان نزیک بکەمەوە، بەڵکو لە گوناهەکانم حۆش ببێت و لەو ئازارەی ویژدانم رزگارم بکات کە تێیدا دەژیم، خوداش بەخشندەو بە بەزەیییە

# رەهەندەکانی جەللاد



نامۆ

□ سیروان ئەنوەر

قسەکردن لەسەر کەیسی جەللاد لە یەک رەهەندەوە جگە لە بچوککردنەوەی کەیسەکە هیچی دی نییە، چونکە جەللاد کاراکتەرێکی هێندە ئاڵۆزە کە ناکرێت لە تەنها پەنجەرەیەکەوە تەماشای بکەین، ئەمە جگە لەوەی جەللادەکان باوکوبراکانمانن دایکو خوشکو دراوسێو ئامۆزاکانمانن، لەگەڵیان دادەنیشینو دەخەوینو وازیان لەتەک دەکەین، وێناکردنیان بە تەنها رەنگێک رێگەکەمان لێ وێڵدەکاتو بابەتە گرنگەکەمان چکۆلە دەکاتەوە.

من هەوڵدەدەم ئەو رەهەندانە هەڵببژێرم کە راستەو خۆ لەزاری خۆیانەوە وەدەست کەوتوون، لەو چیرۆکانەوە کە پرۆژەی مێژووی عێراق لە دیمانەی راستەوخۆوە لەگەڵ خودی جەللاددا بەدەستیهێناون.

دانپیانانی جەللادەکان تا ئەندازەیەکی زۆر دروستن، بەتایبەتی کاتێک بەراوردیان دەکەیت بە چیرۆکی قوربانییەکان، بۆت دەردەکەوێت کە تەکنیکەکانی ئەشکەنجەو ئەزمونەکان زۆر نزیکن لەیەکەوە دیارە ئەزموونی نێروو می وئەزموونی ئەتنییە جیاوازکان، واتە ئەو ئەزموونەی ژنێکی بەسرە دەیگێرێتەوە لەگەڵ جەللادێکدا یان مەسیحییەکی بەغداد یان ئافرەتێکی رزگاربووی قەلای نزارکێ. ئەم ئەزموونانە لەگەڵ دانپیانانی جەللادەکاندا کۆکوتەبان. جگە لە زۆر هێڵی تر کە ئاماژەن بۆ راستی چیرۆکەکانی جەللاد.

پرۆژەی مێژووی عێراق گرنگیەکی تەواوی داوە بەجەللادەکانو بە یەکێک لە بابەتەگرنگەکانی پرۆژەکەی دادەنێت، ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی گرنگ، لەوانە: مومکین نییە باس لەهەر پێشێلکارییەک بکەیتو جەللاد تورهەڵدەیتە دەرەوە، لێکۆڵینەوە لەئەنفال بێ دیراسەکردنی جەللاد لێکۆڵینەوەیەکی ناتەواوە، باسکردن لەهۆی وشککردنی ئەهوارەکان یان لاقەکردنی ژنان، پەیوەندییەکی لەحەد بەدەری بەجەللادەوە هەیە.

ئەو لێکۆڵینەوەی ئێستا هەیە لە گۆرەپانی کوردیو عەرەبی لەمەر پێشێلکارییەکانی رژێمی بەعس بەو دەردەوە دەناڵێنن، دەردی نەخوێندنەوەی جەللاد.

هۆیەکی دی بۆ بایەخدان بە کەیسی جەللاد جیاوازی گۆشەی بینینی جەللادو قوربانییە، واتە ئەو گۆشەیەی جەللاد دەیبینێ چۆنەو ئەوگۆشەیەی قوربانی دەیبینی چۆنە؟

گۆشەی بینینی قوربانی گۆشەیەکی تەسکی هەیە ، بەپێچەوانەوە گۆشەی بینینی جەللاد گۆشەیەکی بەرینو دەوڵەمەندو وردە، جەللاد چوار رەهەند دەبینێت، بەلام قوربانی شارەزای دوو رەهەندە. چونکە زۆرجار قوربانی چاوو دەستی بەستراوەو تەنها لەرێگەی گوێیەوە وێنەکانمان بۆدەکێشێت، لەکاتێکدا جەللاد راستەوخۆ و بەچاووگوێو هەموو ئەندامە هەستیەکانی تری وێنەی ئەو کێشەو دەستدرێژی و پێشێلکاریانەمان بۆ سکێچ دەکات، لێرەوە دەتوانین پێشێلکارییەکان بخوێنینەوەو چوارێوەیان بۆ دروست بکەین.

هۆیەکی دی ئەوەیە زۆرجار قوربانی نابەڵەدە بەرامبەر بە کێاشەکانو باگراوندی ئەشکەنجەو پێشێلکارییەکان، بەڵام جەللاد دراسەی کردووە وئیمتیحانی تێداداوەو شارەزایە لە تەکنیکی ئەشکەنجەدان بەرامبەر بەقوربانی، ئەودەزانێت لەچکاتێکدا چ جۆرە ئەشکەنجەو رەفتارێک بەرامبەر بەقوربانی دەکاتو بۆ چ مەبەستێک، جەللاد دەیان وهەزاران کەسی ئەشکەنجەداوەو ئەو ئاگای لە هەموو ئەشکەنجەو پێشێلکارییەکان هەیە لەکاتێکدا قوربانی تەنها ئەو ئەشکەنجەو پێشێلکاریانە دەبینێت کە بەرامبەر خۆی دەکرێت، قوربانی تەنها لە کلاورۆژنەی خۆیەوە یان چەند هاورێیەکییەوە کێشەکانمان بۆ دەگێرێتەوە، بەڵام جەللاد کۆی پێشێلکارییەکان دەبینێت، جەللاد لەسەرەوە تەماشادەکاتو دەزانێت چی دەگوزەرێت ئاگای لە کۆی بارووددۆخەکە هەیە.

لەکاتێکدا قوربانی لەخوارەوە تەماشادەکات، ئەگەر چاوبەست نەکرابێت.

وەک وتمان جەللاد چوار رەهەند دەبینێت، کە گرنگترینیان رەهەندی زەمەنە کە تێیدا جەللاد لەرووی زەمەنەوە، ئاگای لە ماوەی ئەشکەنجەو کاتی ئازادکردنی قوربانییە جگە لەوەی لەرووی زەمەنەوە جەللاد ئەزموونی تەواوی پەیداکردووەو لە یەکەم بینینی قوربانییەوە دەزانێت چۆن رەفتاری لەتەکدادەکات، وەشارەزایە چتەمەنێک چجۆرە ئەشکەنجەیەکی دەدرێت.

جەللاد ئازاربەخشەو کەیفو خۆشی لەئەشکەنجەدانی بەرامبەر وەردەگرێت لەکاتێتکدا قوربانی، ئازاروەرگرە.

ئەو چیرۆکانەی لەم ژمارەیەدا دەیخوێنیتەوە ئەوەت لاروون دەکاتەوە کە جەللاد چەند گرنگە بۆهەرپرۆژەیەکی شیکاری.

# هەتاوەکو ئەمرم نەفرەت لەو ڕۆژە

**بیستم خوشکێکی خۆم جوێنی پێ داوم لەسەر ئەوەی بوومەتە پیاوی ڕژێم، هەستام ناوم دایە مەقەڕی حیزب و خوشکەکەم بەگرتندا!**

لە یەکێک لە گوندەکانی دەشتی ساڵەیی سەربە شاری کەرکوک چاوم بە دنیا هەڵهێناوە، لە تەمەنی ٢٥ ساڵی ژنم هێناو پاشان ماڵم باری کرد بۆ کەرکوک.

لە ساڵی شەستەکان پەیوەندیم کرد بە پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مام جەلال، بووم بە پێشمەرگە تاکو ڕێکەوتنەکەی بەرزانی و حکومەت لە ساڵی ١٩٧٠.

ئەوەبوو لەم ساڵەدا کوردستان ئارام بووەوە و شەڕو موشکیلە کۆتایی هات منیش دەستم کرد بەکاسپی کردن، دوکانێکم دانا لە لە ناوچەی سناعەی کەرکوک.

لە پاش هاتنی سەددام بۆ سەر کورسی حوکم، گۆڕانکاریەکی گەورە دروست بوو، بەتایبەت لە شاری کەرکوک دەست کرا بە سیاسەتی ڕاگوستن و بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخی ئەم شارە بەرەو خراپی ئەڕۆی کار گەیشتە ئەوەی هەر کەسێک نەبوایە بە بەعسی نادەبوە خاوەنی هیچ شتێک و هیچ شتێکی لەسەر تاپۆ نەدەکرا!

لە ساڵی ١٩٨٠ ناچار بووم بە حیزبی وەکو هەزارەها کەسی تری ئەم شارە بۆ پاراستنی مەسڵەحەتی خۆم، دوای ساڵێک کرام بە نەسیر بەهۆی چەند کەسانێکەوە کە زۆر برادەرم بوون ئەو پلەیەم پێدرا.

لە پاش وەرگرتنی ئەم پلەیەم گۆڕانکاری دروستبوو لە کارەکانم، کۆبونەوە لە مانگی جارێکەوە کرایە هەفتانەو توشی خەفارەت و کاری حیزبی بووم، لەهەمانکاتدا داوایان لێئەکردم کە خەڵکی بکەم بە حیزبی!

خۆیان دەستنیشانی خەڵکیان بۆ ئەکردین کە بە زۆر بیانکەین بەحیزبی، ئەگەر ئەو کەسانە ڕازی نەبونایە ئەوا ئێمە بۆمان هەبوو لەسەریان بنوسین و بیاندەین بە دەزگا ئەمنیەکان بۆئەوەی تەرحیل بکرێن!

هەستام بەوەی کە بەزۆر خەڵک بکەم بە بەعسی، ئەوانەی کە نەئەبوون من لەسەرم نەئەنوسین، هەرچۆنێک بێت توانیم بۆماوەی ساڵێک بێئەوەی کەس ئازاربدەم بەردەوامبم، لەم ساڵەدا زۆر غەدر و تاوانم بینی کە لەلایەن حیزبیەکانەوە ئەکرا.

لە ساڵی ١٩٨٣ ڕژێم زیاتر توند بوو لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی و ئەم کارەشی ئەبوایە ئێمە جێبەجێمان بکردایە، لە هەمان ساڵدا دەستکرا بە گرتنی جەیش شەعبی.

بەرپرسی شوعبەکەی ئێمە ناوی حاجی محسن بوو برایەکی لەپارێزگای کەرکوک دەستەڵاتدار بوو، بەزۆر فشاری بۆ هێنام کەچالاکی خوم بنوێنم لەم مەجالەدا!

منیش ناچاربووم بکەومە ڕاوی گەنج بۆ جەیش شەعبی! لە سەرەتادا ئەم کارەم لە گەڕەکە دوورەکان جێبەجێ ئەکرد دەیان کەسم لە ماڵەوە دەرکردە دەرەوە بە شەق و زلە و زەبری لێدان ئەمکردنە ناو سەیارەوەو ئەمبردنە مەقەڕی حزبی.

پاش چەند مانگێک شەرم و ترسم شکاو ڕووم کردە گەڕەکەی خۆمان، بەهەمان شێوە ئەوەی نەهاتەیە لەگەڵم بە زەبری شەق و تفەنگ ئەمهێنا، وای لێهات زۆر گرنگیم پێدرا و چەندین مەکرەمەی دەستخۆشی حیزب و بەرپرسی فەرعم پێبە خشرا لەوانە دەمانچەیەکی میکارۆفم وەرگرت، ئەمە وای کرد من زیاتر دڵسۆزبم سەرەڕای ئەوەی هەستم ئەکرد کە خەڵکی شارەکە بە چاوێکی سوک سەیرم ئەکەن!

بیستم خوشکێکی خۆم جوێنی پێ داوم لەسەر ئەوەی بوومەتە پیاوی ڕژێم، هەستام ناوم دایە مەقەڕی حیزب و خوشکەکەم بەگرتندا! بۆ ماوەی هەفتەیەک زیندانیان کرد و پاشان لەگەڵ کۆمەڵێ ئافرەتی تردا نێردرانە سورداش و لەوێ بەردران!.

حکومەت کە زانی خوشکی خۆم بە گرتن داوە ئەوەندەی تر گرنگیپێدام و کاری حەراسەت و ئەو شتانەیان لەسەر لابردم لە مەقەر حزبی، پاشان هەویەی تایبەتیم بۆکرا کە ژمارەی چەک و پلە و پایەمی تێدا نوسرابوو!

وام لێهات ڕەحمم بە کەس نەئەکرد ئەوەی تۆزێک بەدڵم نەبوایە لە ماڵی خۆی دەمکردە دەرەوە و ڕاپێچی مەقەرم دەکرد پاشان ناوم ئەدایە حیزب و پاش ماوەیەک ئەگەر دەستگیر نەکرایە تەرحیل ئەکرا.

هەموو خەڵکی گەڕەک لێم ئەترسان! بۆ واستە ئەهاتن بۆلام، منیش پارەیەکی باشم لێ ئەسەندن پاشان لەگەڵ چەند مەسئولێک بەشمان ئەکرد!

ساڵی ١٩٨٥ بە جارێک وەزعی کەرکوک ناخۆش بوو بە دەستی تەرحیل و گرتنەوە، چونکە قەرار درابوو هەرماڵێک کوڕی فیراربێت یاخود پێشمەرگەبێت دەبێت بگیرێت و پاشان تەرحیل بکرێت!

لەهەمان کاتدا شەڕی ئێران– عیراق هەتا ئەهات گەرمتر ئەبوو کەس نەمابوو لە کوردەکانی ئەم شارە فیرار نەکات، من ماڵ بە ماڵ ئاگادارم ئەکردن و هەڕەشەی گرتن و تەرحیل کردنم لێ ئەکردن، ئەوانیش ئەهاتن لێم ئەپاڕانەوە و داوایان لێئەکردم واستەیان بۆ بکەم، منیش داوای مەبلەغێکم لێئەکردن بە ناوی مەقەر و حیزبەوە ئەوانیش بە ناچاری هەرچەندم بوتایە پێیان ئەدام!

کەپارەکەم وەرئەگرت، ئەگەر سەروی خۆم ئاگاداربوایە ئەوە بەشم ئەکرد لەگەڵیدا، ئەگەر ئاگادارنەبوایە ئەوە خۆم هەموو پارەکەم ئەخوارد!.

لە هەمان ساڵدا دەستمان کرد بە فیرار گرتن لە مانگی سێی ١٩٨٥ نزیکەی بیست فیرار دەستگیرکران لەلایەن مەقەرەکەمانەوە، بڕیاریان لەسەر درا کە لەبەر چاوی خەڵک گولەباران بکرێن! ئێمەش خەڵکی شارەکەمان بانگکرد کە بێن سەیری ئەو فیرارانە بکەن چۆن لە ئیدارەی محەلی کەرکوک ڕەمییان ئەکەین! پاش ئەوەی خەڵکێکی زۆرمان کۆکردەوە کە زۆربەیان کەس و کاریان بوون لەبەرچاویان گولەبارانمان کردن!

ئیتر من لە هەموو شتێک بووم! لە خزم.. لە برادەر.. لە دراوسێ.. خەڵکی نەیدەوێرا لێم نزیک بنەوە، لەدوورەوە سڵاویان لێئەکردم!

من وژدانم ئاسودەنەبوو هەستم بە کەمی ئەکرد، بەڵام هەموو تاوانەکەم ئەدایە پاڵ حکومەت و خۆم بەبێ تاوان حساب ئەکرد، لە هەمان کاتدا ڕقم زیاد ئەبو بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بەچاوی سوک تەماشایان ئەکردم، دەیان ماڵم لەسەر ئەوە ترحیل کرد و دەیان خەڵکی بێتاوانم بە گرتندا!

سەیر ئەوەبوو لە ڕۆژێکدا ئەمتوانی سەد کەس بە گرتن بدەم، بەڵام مانگێک خەریک بومایە بە واستەو واستەکاری فیرارێکم بۆ ئازاد نەئەکرا!

لە یادمە ساڵی ١٩٨٦ کابرایەکی خزمم قسەی پێووتبووم، لەو کاتەدا هجومی فاو بوو ڕۆژانە هەزارەها کەس لەو شەڕە ئەکوژران، ئێمەش بە بەردەوامی داوامان لێئەکرا خەڵک بگرین بۆ جەیش شەعبی، منیش ئەمەم بە فرسەت زانی کە ئەو خزمەم دەستگیربکەم!

کەمینم بۆ دانا، لای نیوەڕۆ بوو ئەیویست بڕواتەوە بۆ ماڵەوە، کە منی بینی ڕای کرد، منیش کەوتمە دوای بۆ مەسافەیەکی زۆر ناچار خۆی کرد بە مزگەوتێکدا و دەستی کرد بە نوێژکردن. وایزانی من بەجێی ئەهێڵم، بۆماوەی نیو سەعات بەسەریەوە وەستام تا نوێژەکەی تەواو کرد! ئینجا بەناچار ووتی:

"فەرموو بۆ کوێم ئەبەی، بمبە!"

منیش دامە پێش خۆم و بردم بۆ مەقەڕ!

هەر لەوێ جلی عەسکەریان پێدام و ناردمیان بۆ بەرەکانی جەنگ، لە پاش هەفتەیەک بە خەستی بریندارببوو و ناردیانەوە بۆ کرکوک.

یەکێکی تر هەبوو خۆی نەئەدا بەدەستەوە، منیش شەوێک چوومە سەری! ویستی ڕابکات، دەسترێژێکی گولەم پێوەنا بەسەختی بریندارم کرد! پاشان خۆم گەیاندمە نەخۆشخانە. لەگەڵ ئەوەی عیلاجیان ئەکرد، دەست و پێی کەلەپچە بوو بۆماوەی دوو مانگ تاکو باش بووەوە ئنجا حوکمی موئەبەد درا!

پاش ئەم کارانەم پلەی رفیق حیزبیم پێدرا و زیاتر خستمیانە ناو کاری زوڵم و تاوانەوە. تا وای لێهات تەنها کچێکم هەبوو ئەویش قسەی لەگەڵ نەئەکردم! خۆم هەستم بە تاوانەکانی خۆم ئەکرد، بەڵام تازە پێوە بووبووم وازیان لێ نەئەهێنام!

هەرچۆنێک بوو کاتم بەڕێ کرد تاکو ساڵی ١٩٨٨ کە ئەنفال دەستی پێکرد و هەموومانیان نارد بۆ ناوچەکانی گەرمیان بۆ بەشداریکردن لە ئەنفال من لێرە زیاتر هەستم بە زوڵم و تاوان کرد، بەسەدان خێزان بە ژن و پیاو و منداڵ و گەورە و بچوک دەستگیر ئەکران و ماڵەکانیان ئەسوتێنرا و بە شەق و لێدان و ئیهانە سواری زیلی عەسکەریان ئەکردن، بە تایبەت کە چاوم کەوت بە کچی عازەب کە سەربازە عەرەبەکان دەستیان بۆ ئەبردن!

خۆم نەگرت و پەلاماری سەربازێکم دا کە بە زۆر کچێکی ڕائەکێشا بۆ ئەو دیوی زیلەکە، دەستم گەیشتە سەربازەکە یەخەیم گرت ویستم بیخنکێنم چەند سەربازێک پەلاماریان دام و بەقۆناغی تفەنگ تێمکەوتن تا سەربازەکەیان لەژێر دەستم دەرهێنا.

قۆڵبەستیان کردم بە دەستگیرکراوی بردیانم بۆلای زابت ئیستخباراتی لیوای ئەو سەربازەی کە لێمدا.

لە سەربازەکانی پرسی:

– " ئەمە چی کردوە؟"

ووتیان:

–"سەیدی ویستویەتی هەموومان گولەباران بکات و ڕابکات!"

سەیرێکی کردم ووتی:



ئەوکاتەی خوێن جۆگە لە دەبەستێت

# ئەکەم کە خەڵکم تێیدا ئازاردا



فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

- "ناوت چیە؟"
- "کاکە حسێن"

یەکسەر ووتی:

-"کوردیت؟"
- "بەڵێ"
- "ئەم کارە بۆ کێ ئەکەیت؟ کام حیزب پارەیان پێداوی؟"
- "سەیدي من رفیق حیزبیم و کابرایەکی دڵسۆزم بۆ ئەم وڵاتە.. کاری زۆرم کردوە بۆ حکومەت تەنانەت خوشکی خۆمم بە گرتن داوە!"

-"ئەگەر شەریف بویتایە خوشکی خۆتت بە گرتن نەئەدا، تۆ عەمیلیت!"
- "نەخێر سەیدي، ئەم سەربازە ویستی شەرەفی کچێک بشکێنێت، بۆیە پەلامارمدا!"
- "چاوی تۆش و کچەش دەردەهات، تۆ بۆت نیە تەداخول بکەیت لە ئیش و کاری مەعەسکەردا، خۆت و هەرچی رفیق حیزبی وەکو تۆ هەیە ئەیکەم بە قوربانی سەربازێکی ئەم فەوجە، برۆ ملت بشکێنە و جارێکی تر ئەم کارە دووبارە نەکەیتەوە!"

گەڕامەوە بۆلای جەماعەتەکەی خۆم زۆر دڵم تەنگ بوو هەزارەها جنێوم بەو ڕەفتارانەی خۆم ئەدا، زۆر بیرم کردەوە ڕابکەم، بەڵام هیچ شوێنێک نەبوو ڕووی تێبکەم! جەماعەتەکەم چاویان پێم کەوت غەمبار بووم، ووتیان:

-"چیە بۆ سەغڵەتی؟"
- "ئەمرۆ زانیم، کە من ئەوەنە کابرایەکی هیچ و پوچم!"
- "وا مەڵێ کاکە حسێن، تۆ کابرایەکی دڵسۆزی.. چی بووە؟"
-"دڵسۆزیم یەعنی بێ ئەخلاقیم.. تەعدای شەرەف ئەکرێت بەرامبەرم، لەگەڵ ئەوەشدا دەستگیردەکرێم و هەزار جوێن ئەدەن بە حیزب و ڕەفیق حیزبی.. پاشان پێم ئەڵێن ئەگەر شەریف بویتایە ناوی خوشکی خۆتت نەئەدا!"

مەسئول حیزبیەکەمان خۆی تێکدا ووتی:

- "بزانە چی ئەکەم کەوتە هەڕەشە.. چۆن ئەتوانن وا بە تۆ بڵێن! ئەبێت شکات لەو زابتە بکەم چۆن تەعدای لە حیزب کردوە؟!!"

من گاڵتەم پێی ئەهات ووتم:

- "خۆت ماندوو مەکە! ئەگەر ئەتوانیت چەند ڕۆژێک بدە بە من با برۆمەوە تا کەمێک مێشکم ساف بێت"
- "ڕاوەستە تاکو سبەینێ، خوا کەریمە."

بەیانی کتابێکیان بۆ کردم و یەکسەر گەڕامەوە. سواری سەیارەیەکی عەسکەریی بووم تاکو گەیشتمە ماڵەوە ئیتر نەچوومە دەرەوە بۆماوەی سێ ڕۆژ.

پاش سێ ڕۆژ، حیزبیەکان هاتن بۆ ماڵەوە هەڕەشەیان لێ کردم ئەگەر نەچمەوە لایان!

پێم ووتن:

- "کەیفی خۆتانە چی ئەکەن، بیکەن.. تەواو من جارێکی تر کاری حیزبی ناکەم!"

بۆماوەی مانگێک مۆڵەتیان پێدام، لە ماوەی ئەم مانگە شەو و ڕۆژ خەوم نەمابوو لە خەفەت و لەشەرمەزاری، کە ئەو هەموو کارە ناشیرینەم کردوە بەرامبەر بە خەڵکی ناوچەکە و خزم و کەسەکانم.

چەند جارێک ئینزاری مەسئول فرعم بۆ هات کە ئەگەر بەشداری کاری حیزبی نەکەم ئەوە سزا دەدرێم، منیش زانیم توشی کێشەی گەورە ئەبم، پاش مانگەکە هەستام ڕۆشتم بۆلای ئەو کەسانەی دڵیانم زویرکردبوو، دەیان کەسم بەسەرکردەوە، لەلای هەموویان ووتم من غەڵەت بووم و داوای گەردن ئازادیم لێکردن! بەڵام زۆریان ئەترسان و سیقەیان پێ نەئەکردم، وایان ئەزانی هاتووم بیانگرمەوە بۆ جەیش شەعبی.

بەهەرحاڵ نەفسیەن خۆمم مورتاح کرد! بەڵام حیزبیەکان هەر وازیان لێ نەئەهێنام.

منیش بە هیچ شێوەیەک حسابم بۆ نەئەکردن، هەستم کرد خەڵک بەرامبەرم گۆڕاون و خەریکە سیقە پەیدا ئەکەمەوە لای خەڵکی!

پاش دوو مانگ فەسڵیان کردم و هەویە و جلوبەرگ و دەمانچەکەیان لێسەندمەوە. ئیتر من هەموو بیر و فیکرم لای ئەوەبوو جارێکی تر سومعە و شەخسیەتی خۆم و خێزانەکەم بگەڕێنمەوە، هەستام دوکانێکم دانا و دەستم دایەوە کاسپی !

پاش ماوەیەک، شەوێک سەیارەیەکی لاندکرۆزەری سپی و دوو پیکابی مەقەرحزبی لەبەردەم ماڵەوەمان وەستان و بانگیان کردمە دەرەوە.

هاتمەدەرەوە، دەوروبەری ماڵەکەمان بەچەکدار گیرابوو، سێ کەسیانم ناسیەوە، یەکێکیان کابرایەکی زابت ئەمن بوو بەناوی نەقیب سامی، ئەویتریان حاجی موحسنی مەسئول شعبەکەمان بوو، لەگەڵ حزبیەکی تر کەناوی یاسین بوو.

ووتیان:

- "تاکو دائیرە وەرە کارمان پێتە!"

منیش سواربووم لەگەڵیان بردمیان بۆ مەقەر فەرعی کەرکوک کە مەسئول فەرع کابرایەک بوو بە ناوی حمزە خەڵکی حەویجە بوو.

لە دوورەوە بانگی کردم و لەناو حەوشەی مەقەرەکە وەستابوو، ووتی:

-"جەنابت هۆی چیە وازت لە حیزب هێناوە؟"

منیش هەموو هۆیەکانم بۆ باسکرد، بەڵام ئەو قەناعەتی بەقسەکانم نەکردووتی:

-"ئێستا ئەگەڕێیتەوە بۆ حیزب، یان نا؟:

-"نەخێر"

بانگی دوو لە پاسەوانەکانی خۆی کرد قۆڵیان گرتم و کردمیانە ناو سەیارەیەکەوە و بردمیان بۆ ئەمنی مەنسور، لەوێ کردیانمە ژوورێکەوە تا هەفتەیەک لێیان نەپرسیمەوە.

لە پاش هەفتەکە بانگیان کردم و کردمیانە ناو قەمەرەیەکی کرۆناوە بردیانم بۆ مەرکەز شورتەی کەرکوک و فڕێدرامە ناو قاعەیەکی گەورەوە نزیکەی سەد زیندانی تێدابوو کە چاوم کەوت بەو زیندانیانە ووتم بەخوا لێرە ئەمرم! چونکە هەموو گەڕ بووبوون لە چڵکنی و لە برسا، هەموو گیانیان برین بوو لە نەتیجەی حەساسەیەت و خۆخوراندن.

لە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشتم و بیرم لە ژیانی خۆم و ئەو خەڵکە ئەکردەوە بیرم لەوە ئەکردەوە کە چۆن خۆم بکوژم! چونکە ئومێدم بە ژیان نەمابوو و خەفەتم بۆ ئەو ڕۆژانە ئەخوارد کە ئازاری خەڵکی بێتاوانم ئەدا!

بۆ شەو دوو پاسەوان خۆیانکرد بە ژوورەکەدا و کەوتنە لێدانی ئەو خەڵکە حسابی منداڵێکی ١٥ساڵ و پیرێکی ٧٠ ساڵ وەکو یەک ئەکرا، یەکەم کەس کەوتنە لێدانی من بەبێ پرسیار و بەبێ ئەوەی بزانن چیم کردوە دەیان سۆندەیان لێدام ئنجا کەوتنە ناومان کەس نەما لێدان و سۆندەی بەرنەکەوێت.

پاشان وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت ووتیان:

-"کێ پارەی هەیە و شتی ئەوێ؟"

من پارەم پێبوو ناردم بۆ خواردن، خواردنیان بۆ هێنام چوار قاتی نرخی بازاڕ، پاش ئەوەی ڕۆیشتن هەستم بە ئازارێکی زۆر کرد شوێنی سۆندەکان بوو، پرسیارم کرد لە زیندانیەکان ووتم:

- "ئەوها ژیانتان بردوەتە سەر؟"

ووتیان:

- "دە ساڵ لێرەبیت ئەمە ژیانی تۆیە."
- "مواجەهەتان نیە؟"
- "ئەم قاعەیە مواجەهەی نیە."
- "تاوانتان چیە؟"
- "ئەوەی لە ئەمنەوە بێتە ئێرە ئەیهێننە ئەم قاعەیە و خۆشت ئەزانی زیندانی ئەمن یەعتی زیندانی سیاسی."

ئیترمن تێگەیشتم کە ئەمانە لەسەر کەسوکاریان گیراون، لەو کاتەدا کردەوەکانی خۆمم بیرکەوتەوە، من بەم شێوەیە ژیانم بردەسەر بەبێ ئەوەی بزانم چارەنوسم چیە و بۆ گیراوم!

تا لەبەرواری ١٩٨٨/٠٨/٢٠ لێبوردنی گشتی دەرکرا و هەموومان بەردراین.

پاش بەربونم هەستم ئەکرد مراقەبەم ئەکەن، هەتاڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١لە پاش ڕاپەڕین هاتنە سەرم ویستیان بمکوژن نەمئەزانی کێن و کی نین، تەنها ئەوەندەم ئەزانی ئەمانە خەڵکانێکن ئازار و ئەشکەنجەیان دیوە بەدەستمەوە توشی تەرحیل و گرتن بوونە، چەندجارێک تفەنگیان خستە سەر سنگم ویستیان بمکوژن بەڵام خوا ڕزگاری کردم!

ئەوەبو ڕژێم گەڕایەوە و ڕامانکرد بەرەو ئێران ماوەیەک ئاوارە بووین، پاشان بە لێبوردنی گشتی گەڕاینەوە، دوو هەفتەی نەبرد ئەمجارەیان دیسانەوە حزبیەکان، کە هەموویان برادەرەکانی خۆم بوون، هاتنەوە گیانم و زۆر بێ شەرمانە کتابی تەرحیلیان دامێ و خانوو و دوکانەکەیان حیجزکردم.

پاشان ماڵەکەمیان کردە ناو لۆریەکەوە ووتیان برۆ بۆ سلێمانی بۆ لای موخەریبەکان!

لە سلێمانی زۆر ژیانم ناخۆش بوو هەموو جنێو و ئیهانە بوو لەلایەن ئەو خەڵکانەی کە پێشتر بە دەستم تەرحیل کرابوون ، شەو و ڕۆژم نەمابوو لە ترسان خەمی ئەوەم بوو تۆڵەم لێبکەنەوە.

لە ساڵی ١٩٩٤ دەستگیرکرام لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە بە تاوانی تەرحیلکردنی چەندین ماڵ و دەیان شاهید هاتبوونە سەرم، من حاشام لە هیچ شتێک نەکرد! وە ئعترافم لەسەر هەموو شتێک کرد! ووتم: من تۆبەم کردوە و دەلیل ئەوەیە خۆشم تەرحیل کراوم و ماڵ و حاڵم حیجزکراوە، بەڵام ئەوان باوەڕیان پێنەکردم و ئەیانووت مخابەرات تۆی ناردووە بۆ ئێرە بۆ کاری خراپ.

شەوێک زیندانی کرام لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بۆ سبەی بە کەفالەت بەریاندام.

لە سلێمانی مامەوە و هاتوچۆم لێ قەدەغەکرا تاکو ڕووخانی ڕژێم. لە پاش مانگێک گەڕامەوە کەرکوک، هەموو هەوڵم خستەکار بۆ دووبارەبوونەوەی سیقە و پەیوەندیەکانم تاکو ئێستا من نەمتوانیوە ئەو پەیوەندیە بگەڕێنمەوە ئێستا ژیانم زۆر ناخۆشە و هەست بە بۆشایەکی گەورە ئەکەم.

لە کۆتایی قسەکانم ئەڵێم هەتاوەکو ئەمرم نەعلەتی ئەو ڕۆژە ئەکەم کە ئازاری ئەو خەڵکەم ئەدا و بەو هیوایەوە ئەژیم بتوانم جارێکی تر سیقە و پەیوەندیەکانم بگەڕێنمەوە سەردەمی پێشووم.

# یەکەم کەس هاوسەرەکەم بەگرتدا

من ناوم سەبیحەیەو خەڵک بە دایکی جەمیل دەمناسن، لە شاری کوت دەژیمو لەنەوەی پەیامبەری ئیسلامم، سەر بە ساداتم.

باوکم منو خوشکو براکانمی لەسەر ڕەوشتبەرزیو پاکیو خۆشەویستی ئەوانیتر پەروەردە کردووە. خوێندنی ئامادەییم تەواو نەکردووە، چونکە تەمەنم گەورە بوو، بۆیە باوکمو براکانم نەیانهێشت بچمە دەرەوەو دەیانووت چارەنوسی کچ شووکردنو ماڵو پەروەردەکردنی منداڵە.

بەهۆی مانەوەم لە ماڵەوە، وردە وردە تووشی دڵتەنگی بوومو هەستم بە چەوساندنەوە دەکرد، چونکە نەیاندەهێشت تێکەڵاوی کەس ببین، تەنانەت خزمەکانیشمان.

ئەوەش هەژانێکی گەورەی لە دەروونمدا دروستکرد، لە رووکەش باوکمو براکانم هەرچییان بویستایە جێبەجێم دەکرد: نوێژو ڕۆژووم دەکرد، عەبام دەدا بەسەرمداو حیجابم دەپۆشی، بەڵام لەناخمدا هەموو ئەو شتانەم ڕەتدەکردەوەو بەتەمای دەرفەتێک بووم خۆمی لێ رزگار بکەم.

هیوام دەخواست شوو بکەم، بە هەرکەسێک بێت بۆ ئەوەی لەو هەموو کۆتو پێوەندە رزگار ببم. رافیعی ئامۆزام داوای کردمو رازی بووم، ئەوکاتە تەمەنم ١٧ ساڵان بوو، وامدەزانی شووکردن ئازادیم بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام خەیاڵپڵاو بووم.

کێشەو گیروگرفت لەنێوانماندا سەریانهەڵدا، مێردەکەم کەسێکی زۆر توندڕەو بوو، عەسکەری فیراریش بوو. هەر بە سروشتی خۆی گومانی لە هەموو شتێک دەکرد، تەنانەت لە خودی خۆشی.

ماوەیەک لەبەرامبەر گومانەکانیدا خۆمم ڕاگرت، کوڕێکمان بوو ناومان نا جەمیل. بەڵام ئەو تا دەهات خراپتر دەبوو، جارێکیان ڕۆیشتمو دەردەدڵی خۆم لای باوکمو براکانم کرد، پێمووتن دەمەوێت تەڵاقم بدات. ئەوان بەڵام لەبری ئەوەی گرفتەکەم بۆ چارەسەر بکەن، ئاڵۆزتریان کرد.

باوکم لێیدامو هەڕەشەی لێکردمو وتی

– «ئەگەر جارێکی تر بە تۆراوی بێیتەوە، هیچ رەحمێکت پێناکەین.»

– «ئاخر ئەو لێم دەداتو مەسرەفی ماڵم ناداتێو گومانی لە هەموو شتێک هەیە.»

– «رافیع ئامۆزاتەو دەبێت بە هەموو ناتەواوییەکانیەوە پەسەندی بکەیت.»

هەر خۆی بردمیەوە بۆ لای مێردەکەم.

ئیتر وەزعی دەروونییم زۆر خراپ تێکچوو، پێویستیم بە یەکێک بوو گوێم لێبگرێت، نهێنی خێزانەکەی خۆمم بۆ سەلوای دراوسێمان باس کرد. سەلوا کچێکی جوان بوو قسەو قسەڵۆکی زۆری بەدواوە بوو، چونکە شووی نەکردبوو، زۆریش لەماڵ دەچووە دەرەوە. هەربۆیەشە هاوسەرەکەم حەزی نەدەکرد رەفیقایەتی بکەمو پێیخۆش نەبوو بێت بۆ ماڵمان.



ڕێبوار سەعید

کە سەلوا منی بەو حاڵەوە بینی، دڵی خۆی بۆ کردمەوەو پێیوتم کە ئەو وەکو سیخوڕێکی ئاسایش کاردەکاتو کارەکەی پارەیەکی باشی دەستدەخات، لەبەرامبەری هەندێک خزمەتگوزارییدا کە پێشکەشی دەوڵەتی دەکات، داوای لە منیش کرد بۆ ئەوەی لە ئازارو نەهامەتییەکانم رزگارم ببێت، کاری لەگەڵ بکەم.

قسەکانی حەپەساندمیان، هەوڵیدا قایلم بکاتو وتی «کارێکی ئاسانەو پێویستی بە هیچ ماندووبوونێک نیە، کارێکی پرقازانجەو مەترسیشی تێدا نیە. وتیشی «ئەگەر رازی ببیت، قسە لەگەڵ بەرپرسانی ئاسایش دەکەم بۆ ئەوەی کاریان لەگەڵ بکەیت.»

ئەمەی وتو جێیهێشتم.

زۆر بیرم لە مەسەلەکە کردەوە، ئەم کارە ئارەزووەکانم دەهێنێتە دیو لەو کۆتو پێوەندانە رزگارم دەکات کە لەمنداڵیمەوە لە قاچم ئاڵاون. بەڵام ترسی مێردەکەمو کەسوکارو کۆمەڵگام هەبوو، چونکە ئەگەر کەشف بووم چی بکەم؟ بەدڵنیایی ئابرووم دەچێتو لەناو دەچم. بەڵام پەرۆشیم بۆ گۆڕینی ژیانم لەو ترسو لەرزانە بەهێزتربوون، بۆیە بڕیارمدا رازی ببم. کاتێک مێردەکەم چووە دەرەوە، بەدزییەوە چووم بۆ لایو بڕیارەکەم پێڕاگەیاند.

کە سەلوا ئەوەی بیست گەشایەوەو شادییم لە چاوەکانیدا بینی، وەک ئەوەی کارێکی گەورەی کردبێت، وتی دەچم بە بەرپرسان دەڵێمو دێمەوە بۆ لات.

منیش گەڕامەوە بۆ ماڵەوەو بەدرێژایی ئەو ڕۆژە بیرم دەکردەوە کە چۆن دەتوانم کاربکەمو مێردەکەشم لەوێ بێت، چۆن خۆمی لێ قوتار بکەم.

بۆ ڕۆژی دوایی سەلوا هات بۆ لامو پێیووتم کە بووم بە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی کوت، دەیانەوێت بمبینن. وتم:

– «جا چۆن بێمە دەرەوەو چی بە مێردەکەم بڵێم؟»

– «ئەمە بۆ من جێبهێڵە، تۆ خۆت بکە بە نەخۆشو منیش دەتبەم بۆ لای دکتۆر، دەبێت خۆت زۆر نەخۆش پیشانبدەیت، تا مێردەکەت باوەڕمان پێبکات. گەرچی مێردەکەم رازی نەبوو، بەڵام سەلوا هەردەهات بۆ سەردانم.

ڕۆژی دوایی من خۆم نەخۆش خستو سەلواش هات بۆ لام، کەبینی نەخۆشم داوای لە مێردەکەم کرد کە بمبات بۆ نەخۆشخانە، ئەویش رازی بوو. سەعات نۆی بەیانی سەلوا بردمی بۆ نەخۆشخانەی گشتی کوت، لەوێ لادایەکی تەکسی وەستاو کوڕێکی تیابوو کە دشداشەیەکی سپی لەبەردا بوو، سەلوای دەناسی، سواری سەیارەکە بووینو چووین بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی کوتو لە دەرگای پشتەوە چووینە ژوورەوە.

کە چووینە ژوورەوە لەترسا لەرزم لێنیشت، سەرکەوتین بۆ نهۆمی دووهەمو دوو کەس پێشوازییان لێکردینو یەکێکیان سەلوای برد بۆ ژوورێکی دیکە، ئەویتریش منی برد بۆ لای نەقیبێک ناوی حسێن دوری بوو، لاوێکی کەتەو چوارشانە بوو، جلی مەدەنی لەبەردابوو، بەهێمنیو بەشێوازێکی زۆر ئەفسوناویو جوان قسەی دەکرد.

ئەفسەرەکە هەستیکرد دەترسم، داوای لێکردم لەسەر کورسییەکی ناو ژوورەکە دابنیشم، ژوورەکە زۆر ڕێکوپێک بوو، لەناوەڕاستیدا مێزێکی نایابی تێدا بوو، وێنەی سەدامی زۆرداریش بە یەکێک لە دیوارەکاندا هەڵواسرابوو، لۆکەرێکی بەرزیشی لێبوو، پڕبوو لە فایل.

کەمێک هێوربوومەوەو ئەفسەرەکە لێمی پرسی ناوم چیە، وەڵامم دایەوە:

– «سەبیحە»

– «هاوسەرەکەت ئیشی چیە؟»

– »کاسبە.»

پاشان پرسیاری باوکمو براکانمو مامەکانمو خزمەکانی ترمانی لێکردم، وەڵامی هەموو پرسیارەکانیم دایەوە بێ ئەوەی بڵێم بۆچیتن.

پاشان پرسی

– «دەزانیت کاری تۆ لەگەڵ ئێمە چۆن چۆنییە؟»

– «سەلوا بە کورتی هەندێ شتی بۆ باس کردووم.»

– «پێویستە زۆر بە وردی هەرچی هەواڵو باس هەیە بۆمان بهێنیت، تۆ جێگای متمانەیت لە ناوچەکەدا، کەس گومانت لێناکات. دەبێت بچیت بۆ ماڵانو خۆت لەو کچانە نزیک بخەیتەوە کە دژی دەوڵەتنو خەبەر لەوانە بدەیت کە لە سەربازی هەڵاتوون، هەروەها دەبێت بچیت بۆ ئاهەنگە حوسەینییەکانو بزانیت کێ دژی دەوڵەت قسە دەکات، هەرچییەکت بینی دژی دەوڵەت بوو، یەکسەر پێمان بڵێ.»

چەند ژمارە تەلەفونێکیشی دامێ تا بەوانە زانیارییان بدەمێ. ئینجا زەرفێکی لەسەر مێزەکەی هەڵگرتو وتی

– «ئەمە بگرە، بڕێک پارەی تیایە، با خەڵاتێکی سەرەتایی بێت بۆ کارکردنت لەگەڵمان، ئەگەر ویستم بتبینم، بە سەلوا دەڵێم، ئەویش پێت دەڵێت.»

دوای ئەوە داوای کرد سەلوا بهێننو پێکەوە چووینەوە بۆ ماڵەوە.

کەوتمە بیرکردنەوە چۆن زانیارییم دەستبکەوێتو چۆن لەماڵەوە بچمە دەرەوە بێ ئەوەی هاوسەرەکەم بزانێت. یەکەمین شت کە بیرم لێکردەوە ئەوەبوو چۆن هاوسەرەکەم لەسەر ڕێگام لاببەم. ئەو سەربازی هەڵاتوو بوو، براکەشی هەروا، ئیتر خەبەرم لێدانو گیرانو فڕێدرانە زیندانەوە. دواتر هاوسەرەکەمیان دا بەدادگاو حوکمدرا بە پێنج ساڵ زیندانیکردن.

ئیتر هەناسەیەکی رەحەتم هەڵکێشاو وام لێهات دەمتوانی بەئازادی بێمو بچم، بە بیانووی کاری بازاڕ یان چوون بۆ لای دکتۆر.

هەرچی زانیارییەکیان داواکردبوو، کۆم کردەوە، خۆم لە کچەکانی ئەبوقاسمی دراوسێمان نزیک کردەوە، هەموویان کچی بەڕەوەشتو بەدین بوون، حیجابیشیان دەپۆشی، کتێبی ئاینییان دەخوێندەوەو بۆم دەرکەوت سەر بە حیزبی دەعوەن، ئەمە لە ساڵی ١٩٨٧ دا بوو، ئیتر بە تەلەفون خەبەرم لێدانو هەموویان گیرانو دران بە دادگای شۆڕشو پێنج ساڵ زیندانیکران. تا ئێستاش کەس نازانێت کە من تووشم کردوون.

زانیاری زۆرم کۆردەوە دەربارەی فیرارەکان، ئەفسەرەکان زۆر لێم رازی بوون، بە سەلوادا پارەیان بۆ دەناردم.

ڕۆژێکیان سەلوا پێیوتم کە دەبێت سەعات یەکی پاشنیوەڕۆ بچم بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاسایش بۆ لای نەقیب حسێن، چونکە دەیەوێت بمبینێت. حسێن قرچەی نیوەڕۆی هەڵبژاردبوو، چونکە دنیا زۆر گەرم بوو، خەڵک لەماڵەوە بوونو کەس بەدەرەوە نەبوو.

لەکاتی دیاریکراودا چووم بۆ لای. کە گەیشتم وتی

– «دەبێت هەر کەسێک لەگەڵمان کاردەکات، چەند وێنەیەکی لامان هەبێت، خۆشمان ئەو وێنانە دەگرین.»

سەرەتا رازی نەبووم، بەڵام ئەو هەڕەشەی لەدەستدانی کارەکەمی لێکردم، بۆیە رازی بووم. کەسێکی بانگ کرد کە کامێرای پێبوو، کەوتە وێنەگرتنم بەشێوەی ناشرینو ئابڕووبەرانە، ئەفسەرەکەش دەستی دەکرد بەناو سنگمداو قۆپچەکانی کردەوەو حیجابەکەشی لابرد. وێنەگرەکە کاری خۆی تەواوکردو چووە دەرەوە. ئینجا حسێن پڕی پیاکردمو رووتیکردمەوەو بەزۆر لاقەی کردم، زۆرم هەوڵمدا نەهێڵم، نەمتوانی. کە دەستی پێمگەیشتو خۆی رەحەت کرد، وتی

– «ئێستا تۆ بەڕاستی هاوڕێی ئاسایشیت.» بڕێک پارەی دامێو ڕەوانەی کردمەوە.

بەئابڕووتکاوی چوومەوە بۆ ماڵەوە. لەسەر کار بەردەوام بووم، چونکە هیچی ترم نەبوو بیدۆڕێنم، تاوانی زۆرم دەرهەق بە خەڵکی کرد. خەبەرم لە کاک مەحمودی دراوسێمان دا، کە لە یەکێک لە فەرمانگەکان فەرمانبەر بوو، بە دزییەوە چاودێریی دەکردمو هاوڕێیەکی نزیکی مێردەکەم بوو. بوختانی ئەوەم بۆ کرد کە لە ژنەکەیم بیستووە مەحمود شەوانە لە شوێنی کارەکەی کۆبوونەوەی نهێنی دەکات، دیارە ئەوە ڕاست نەبوو. بەڵام مەحومەد گیراو ئەشکەنجەدراو سیانزە ساڵ زیندانی درا بە تەنگەداو فڕێدرایە زیندانی ئەبوغرێب. هەروەها کوڕێکی پانزەساڵانیشم تووش کردو وتم جنێوی بە سەرۆک داوە، ئەویش گیراو سەرنگوم بوو، کەسوکارەکەی تا ئەمڕۆش نازانن چی بەسەر هاتووە.

حەزکردنم لەپارە وایلێکردم بەردەوام ببم لەسەر تاوانەکانم. بەردەوامیش دەچووم بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاسایش، بووم بە کەسێکی ناسراو لایان، ئیتر بە نۆرە لەگەڵم رایاندەبوارد تا سکم پڕ بوو، ئیتر چووم بۆ لای مامانێکی خاوەن ئیجازەو بە پارە بۆی لەباربردم.

کە مێردەکەم لە زیندان بەربوو، نەمدەزانی چی بکەم، چۆن بەردەوام ببم لەسەر کارەکانم. رقیشم لێیبوو، نەمدەتوانی چڕوچاوی ببینم،بۆیە بیرم کردەوە بیکلێنمە شتێکەوە هەرگیز لێی دەرباز نەبێت. ئیتر دوای هەفتەیەک بە تۆمەتی ئەندامێتی حیزبی دەعوە بەگرتم داو بۆ هەتا هەتایە رزگارم بوو لە دەستی.

مامۆستایەکیشم بەگرت دا کە ناوی لەتیف بوو، مامۆستای حەوزەی زانستی نەجەف بوو، تۆمەتی چالاکی دژ بە دەوڵەتم خستە پاڵی لەگەڵ بوونی پەیوەندیدا بە ئێرانەوە.

خەڵکی هەموو ڕێزیان دەگرتم، چونکە وایاندەزانی ئافرەتێکی داوێنپاکی بەدینم، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان کەس گومانی لێنەکردووم. لەکاتی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ دا ماڵەکەمم کرد بە بارەگای چەکدارەکانو عەمباری چەکو شتەکانیان، لەژێریشەوە لیستەم دروست دەکردو ناوی هەموویانو زانیارییەکانم بە درێژی دەنوسی، چونکە دڵنیا بووم کە دواتر سودی لێوەردەگرم.

دوای هەرەسی ڕاپەڕین، ناوەکانم برد بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاسایشو ئەوانیش بەکاریانهێنا بۆ دەستگیرکردنی خەڵکو منیش ئەو پارەیەم خوارد کە پێیاندام.

دوای ساڵی ١٩٩٥ دیاردەی ئیمانداری لە عێراق تەشەنەی کرد، هۆیەکەشی دەرکەوتنی سەید محەمەد سادیق سەدر بوو، بە تایبەتی لەنێوان لاوانو ژناندا، منیش خۆم دەکرد بەناو مزگەوتەکاندا بۆ نوێژی هەینی لەگەڵ ژناندا، بۆ ئەوەی خەبەر لەو ژنو لاوانە بدەم کە دەچوون بۆ نوێژی جەماعەت، ئەم کارەم هەتا رووخانی سەدام حسێن درێژەی کێشا.

دوای رووخانی ڕژێم باری داراییم تێک چوو، تەندروستیشم بەرەو خراپی ڕۆیشت، بەتایبەتی دوای مردنی باوکمو پەککەوتنی کوڕەکەم بە ڕووداوی ئەوتومبیل.

هەرئەوەندەم لەدەست دێت بڵێم پەشیمانی تاکە شتێکە کە هەستی پێدەکەم لەو شتانەی کردوومن، دەڵێم ئەوەی بەسەر من هات هۆیەکەی پەروەردەی توندی خێزانەکەمو بەسووک سەیرکردنی هاوسەرەکەم بووە.

# بەهێزی خۆم کێشام بە تەپڵی سەریدا، کەوتە سەرزەوی‌و کپ بوو

**بەچاوی خۆم بینیم چۆن بە کۆمەڵ لاوانیان دەهێنا بۆ بیابانی ناوچەی دەریاچەی ڕەزازەو ڕیزیان دەکردن‌و دەیاندانە بەر ڕێژنەی گوللە، پاشان شۆفڵەکان دەهاتن‌و لاشەکانیان دەکرد بەژێر خۆڵەوە.**

لە پارێزگای نەجەف لەدایکبووم، باوکم خاوەنی زەوی‌و زارو باخ‌و باخاتێکی زۆر بوو، خێزانەکەمان بە چاندنی برنجی عەنبەر ناسرابوو، کە نێودارترین جۆری برنجە لە عێراق، مەرەزەو باخەکان داهاتێکی زۆریان بۆ دابین دەکردین.

براکانم‌و ئامۆزاکانم سەرقاڵی کشتوکاڵ‌و ناردنی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان بوون بۆ پارێزگاکانی تری عێراق، بەڵام من دوای ئەوەی خوێندنی ئامادەییم تەواو کرد، خۆبەخشانە پەیوەندیم کرد بە کۆلێجی شورتەوەو ساڵی ١٩٧٦ وەرگیرام‌و لە ساڵی ١٩٧٩ دا بە ڕوتبەی مولازیمی شورتە تەواوم کرد.

پاشان چەند خولێکی مەشقکردنی تایبەت بە ئەفسەرانی ئاسایشم بینی‌و لە ساڵی ١٩٨٠ دا لە بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی نەجەف دامەزرام.

ماوەیەکی زۆر لەو پلەیەدا مامەوە، بەردەوام لە دڵەڕاوکێدا بووم‌و نەمدەزانی چۆن وەزیفەکەم‌و ناسیاوەکانم لەناو عەشرەت‌و کەس‌وکاری خۆم‌و عەشرەتە دۆستەکانمان پێکەوە بگونجێنم.

من ناچاربووم ئیجرائات دژی ئەو کەسانە بکەم کە دەمناسین، ئەمەش ئیحراجییەکی زۆری بۆ دروستکردبووم، بۆیە ناچار داوام کرد بمگوێزنەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئیتر گوێزرامەوە بۆ ئاسایشی موسڵ‌و ماوەی چوار ساڵ لەوێ مامەوە.

لەوێ کچی مامی خۆمم خواست‌و دوو کوڕو دوو کچمان بوو.

ڕۆژانی موسڵ هێمن‌و خۆش‌و جوان بوون، گیروگرفتیان کەم بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٦ دا دیسانەوە گوێزامیانەوە بۆ ئاسایشی نەجەف تا پۆستی جێگری بەڕێوەبەر وەربگرم، بەوەش سەرلەنوێ گیروگرفتەکانم سەریانهەڵدایەوە، هۆکەشی ئەوە بوو کە زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە دژی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بوون، منیش لە نێوانیاندا دۆش دامابووم.

ئیتر لە ئەنجامی ئەوەدا کە خەڵکێکی زۆرمان دەستگیر کرد لەوانەی سەر بە حیزبی دەعوە یان ئەو ڕەوتە ئاینییانە بوون کە پێوەستبوون بە ئێرانەوە، کۆمەڵێک دوژمنایەتی زۆرم بۆ پەیدا بوو.

دوو جار هەوڵی کوشتنم درا بەڵا ڕزگارم بوو، یاریدەدەرەکەم کە ناوی سەیف شەمەری بوو کوژرا.

لەگەڵ خێزانەکەم لە نەجەف دەژیام‌و لە خانوویەکدا بووین کە خۆم سەرپەرشتی دروستکردنیم کرد. ڕۆژانە منداڵەکانم لەگەڵ چەند پۆلیسێکدا دەنارد بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی لە دەستدرێژیی یان ڕفاندن بیانپارێزن، ژیانمان پڕبوو لە نیگەرانی‌و بێزاری‌و هیچ تامێکی نەبوو.

دوای وەستانی شەڕی عێراق – ئێران لە ساڵی ١٩٨٨ دا، هێزەکانی پاسەوانی سنور کەسێکی خەڵکی نەجەفیان دەستگیرکرد کە دەیویست لە ئێرانەوە دزە بکاتە ناو عێراقەوە.

هێنایان بۆ لای ئێمە، لێکۆڵەران ویستیان بیهێننە قسە تا ئیعتیراف بکات کە سەر بە حیزبی دەعوەیە، بەڵام ئەو کەللەی ڕەق بوو، جەستەی پتەو بوو.

لێکۆڵەران پێیانووتم کە ئیعتیراف ناکات‌و جنێویشیان پێدەدات، وتم «من خۆم تەمبێی دەکەم.»

چووم بۆ ژووری لێکۆڵینەوەو کەوتمە ئەشکەنجەدان‌و لێدانی بە تێلای کارەبایی، هەموو گیانیم کرد بە خوێن، بەڵام دەمبینی هەرجارێک ببورایەتەوە دوایی وەک گایەکی بەهێز هەڵدەستایەوەو گوێی نەدەدایە ئازارو برینەکانی.

جارێکیان جنێوم پێدا، ئەویش جنێوێکی گەورەتری پێدامەوە، منیش کەللەیی بووم‌و ئاگام لەخۆم نەماو بە هەموو هێزی خۆم کێشام بە تەپڵی سەریدا، کەوتە سەرزەوی‌و کپ بوو. وامانزانی بوراوەتەوە، هەوڵماندا بیهێنینەوە هۆش خۆی، بەڵام نەمانتوانی. ناچار پزیشکی ئاسایشمان بۆ بانگ کرد.

پزیشکەکە فەحسی کردو وتی پیاکێشانەکەی سەری مێشکی تەقاندووەو خوێن لە دەم‌و لوتیەوە هاتووەو مردووە.

بەڕێوەبەری ئاسایش بە مەسەلەکەی زانی‌و ناردی بەدوامداو لۆمەی کردم‌و وتی:

– «چەند جار ئامۆژگاریم کردیت دان بەخۆتا بگریت‌و هەڵنەچیت، ئێستا چی بە بەغدا بڵێین، چۆن تەرمەکە بدەینەوە بە کەسوکاری؟»

تەرمەکەمان خستە سەلاجەوەو خەبەرمان دا بە بەغدا، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە.

من‌و ئەوانەی لەگەڵم بوون ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی بڵێین دڵی وەستاوەو داواشمان لە دکتۆرەکەمان کرد ڕاپۆرتەکەی وا بنوسێت، ئەویش بۆی نوسین.

توانیمان لیژنەکەی بەغدا قایل بکەین بەوەی دڵی وەستاوە، ئیتر دکتۆر وەفاتنامەی بۆ نوسی‌و مەسەلەکە تەواو بوو.

تەرمەکەمان دایەوە بە کەسوکارەکەی، بەڵام یەکێک لە کارمەندەکانمان بە خێزانی مردووەکەی وتبوو کە دڵی نەوەستاوە، بەڵکو لەژێر ئەشکەنجەدا مردووە. گەورەپیاوانی عەشرەتەکەی هاتن بۆ لای بەڕێوەبەری ئاسایش بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە.

داوایان کرد ڕێگەیان بدەن توێکاری بۆ تەرمەکە بکەن، بەڵام بەڕێوەبەری ئاسایش ڕازی نەبوو لەترسی ئەوەی نەوەک مەسەلەکە ئاشکرا ببێت. ئیتر گیروگرفت‌و گێرمەو کێشەیەکی زۆر کەوتەوە چەند مانگێک درێژەی کێشا. بەڵام هەڵگیرسانی شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ داو کشانەوەی سوپا لە کوێت‌و تەقینەوەی ڕاپەڕین، هەموو مەسەلەکانی بەسەریەکدا ئاڵۆسکان‌و تێکەڵاوی کردن.

نەجەف‌و ناوچەکانی دەروبەری کەوتنە دەستی عەشایەرو خەڵکەوە، پارێزگاو فەرمانگەکانی دەوڵەتیان داگیرکردو ژمارەیەکی زۆرمان لێکوژرا، بۆیە بڕیارماندا بکشێینەوەو بچین بۆ بەغدا.

چوومەوە بۆ ماڵەوەو بینیم ڕاجی فلەیحی ئاوڵزاوام بە خۆی‌و خێزانەکەیەوە لەوێن،

**”**

**من ناچاربووم ئیجرائات دژی ئەو کەسانە بکەم کە دەمناسین، ئەمەش ئیحراجییەکی زۆری بۆ دروستکردبووم، بۆیە ناچار داوام کرد بمگوێزنەوە بۆ شوێنێکی دیکە**

**“**

ئەوان لە بەغداوە هاتبوون، پێموت «من ناتوانم بمێنمەوەو ڕادەکەم، تۆ بە سەرەیاکەت خێزانەکەم لەگەڵ ئەوەی خۆتا ببەو بچن بۆ بەغدا، لەوێ دەتانبینم.» بەڵام ئەوان ناچاربوون شەو لەناو ژێرزەمینی ماڵەکەمدا بمێننەوەو بەیانی زوو کەوتنە ڕێ بەرەو بەغداو ڕێگایەکی گڵیان گرتە بەر.

هەردوو خێزانەکەمان لە ماڵی ئاوەڵزاواکەم نیشتەجێکردو خۆم چووم بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتی لە بەغداو ناوی خۆمم تۆمارکرد بۆ ئەوەی تووشی لێپرسینەوە نەبم. لە کەسوکاریشمەوە زانیم کە ماڵەکەمیان لە نەجەف سوتاندووە.

لەوێ ڕایانسپاردم لەگەڵ تەها یاسین ڕەمەزان‌و حسێن کامیلی زاوای سەدامدا بچین بۆ حیللەو لەوێ ژوورێکی عەمەلییات بکەینەوە بۆ چارەسەرکردنی ڕەوشەکەو کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە.

ئەوەمان کردو هێزەکانی گاردی کۆماری کەوتنە گەڕان بەسەر ئەو پارێزگایانەدا کە هەرەسیان هێنابوو، ئیتر هەڵمەتەکانی قەلاچۆکردنی دەستەجەمی بەکۆمەڵ دژی بەشدارانی ڕاپەڕین دەستپێیکرد.

بەچاوی خۆم بینیم چۆن بە کۆمەڵ لاوانیان دەهێنا بۆ بیابانی ناوچەی دەریاچەی ڕەزازەو ڕیزیان دەکردن‌و دەیاندانە بەر ڕێژنەی گوللە، پاشان شۆفڵەکان دەهاتن‌و لاشەکانیان دەکرد بەژێر خۆڵەوە.

بەمجۆرە گۆڕستانە بەکۆمەڵەکان دروستبوون، ئەوانەی دواتر دۆزرانەوە.

من دەمبینی‌و دەمبیست چی ڕوودەدات، بەڵام لە ترسی گیانی خۆم نەمدەوێرا قسە بکەم.

دوای چەند هەفتەیەک بە زەبری چەک ڕەوشەکە هێمن بۆوە، ئینجا هەڵمەتی دەستگیرکردن دەستپێکردو بەندیخانەکان پڕبوون لە خەڵک.

دوای ئەوە فەرمانی گوێزانەوەم لە نەجەفەوە بۆ بەغدا دەرچوو، ئەویش لە ترسی ئەوەی نەک خەڵک تۆڵەم لێبکەنەوە، ئیتر بڕیارم دا لە بەغدا خانوویەک بکڕم‌و بچمە ناوی، لە نزیکی ماڵی ئاوەڵزاواکەم لە جادرییە.

خانوویەکم دەستکەوت‌و ئیتر من‌و خێزانەکەم لە نەجەف بێبەریی بووین، چونکە لەوێ خەڵک خۆیان بۆ نابوومەوە.

بەهۆی گیروگرفت‌و کێشەی نێوان ئەفسەرەکان لەسەر پۆست‌و پلەو پایە، هەروەها کۆنترۆڵی تکریتی‌و دورییەکان بەسەریدا، نەمتوانی بمێنمەوەو داوام کرد بمگوازنەوە بۆ ئاسایشی موسڵ، چونکە ئەو پارێزگایەم خۆشدەویست‌و هاوڕێ‌و ناسیاویشم لەوێ زۆر بوو.

لە ساڵی ١٩٩٦ دا نەقڵکرام بۆ ئاسایشی قەزای تەلەعفەر، لەوێ خانوویەکم بەکرێ گرت‌و خێزانەکەم بردە ناوی، هەتا ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ٢٠٠٣ دا لەوێ مامەوە.

لەبەرئەوەی سەر بە ئاسایش بووم، بە خاوخێزانەوە بەرەو سوریا هەڵاتین. ئێستا بەین بەین سەردانی بەغدا دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی کەسوکارو هاوڕێیانم، یان بۆ کارێکی پێویست‌و پاشان دەگەڕێمەوە بۆ سوریا.



# تاقە تاوانێک کە هاوسەرەکەم کردبێتی ئەوەیە ژنەکەی زۆر جوان بووە





له ئه‌نته‌رنێته‌وه

لەوانەیە پێشتر چیرۆکی وەک ئەمەی منتان نەبیستبێت، ئەگەر بیستبێتیشتان، رووداوەکانی وەک کارەساتەکەی من نەبێت، ئەو کارەساتەی کە قەدەر بۆی حەشاردابووم، ئەو قەدەرەی بەرەو ماڵوێرانی بردمی. بەنەفرەت بن ئەو ستەمکارانەی کە نەوەکانی خۆیان لەسەر دەستبردن بۆ شەرەفی ئەوانیتر پەروەردە دەکەن.

من قوربانیی دەستی کوڕی ستەمکارم. ئەو مارەی بە هەر کەسێکەوە بدات، تووکی سەری با دەیبات. ساڵانێکی زۆرە مردووم و رۆحم لەگەڵ رۆحی هاوسەرەکەمدا ئەسپەردەی خاک کراوە، تاقە تاوانێک کە هاوسەرەکەم کردبێتی ئەوەیە ژنەکەی زۆر جوان بووە، کە دواتر ئەو جوانییە دەبێتە بەڵاو لانەیان لێدەشێوێنێت.

روداوەکانی چیرۆکەکەم لە ساڵی ١٩٩٣ دا دەسپێدەکات، واتە ئەو ساڵەی فادی کوڕی پوورم خوازبێنی کردم. فادی لە بەغدا دەژیاو مامۆستای زانکۆی بەغدا بوو، لە کۆلێجی پەروەردەی وەرزشی، هەروەها ئەندامی لیژنەی ئۆڵۆمپیش بوو، بەرپرسی پاڵێوراوی یاری باڵە بوو.

منیش کچی خێزانێک بووم کە لە باوکم و دایکم و سەرمەدی برام و زینەی خوشکم پێکهاتبوو، ئێمە لە پارێزگای بەسرە دەژیاین. خۆمان لە ئەسڵا مەسیحی بووین، شوێنی نیشتەجێمان لە باپیرمانەوە بۆ مابۆوە، باپیرم لە باوکمەوە خەڵکی بەسرەبوو، دایکیشم کە خاڵۆزای باوکم بوو، خەڵکی بەغدا بوو. دایکم بۆی دەگێڕامەوە کە لەگەڵ باوکمدا بە خۆشەویستی زەماوەندیان کردووە.

دایکم لە هەموو شتێکدا سیفەتو دابونەریتی خەڵکی بەغدای لەناخماندا رووواند، تەنانەت لە لەهجەی قسەکردنیشدا، زۆرجار لە قوتابخانە لێیان دەپرسیم: ئایا تۆ خەڵکی بەغدادیت؟

منیش وەڵامم دەدانەوە "من خەڵکی بەسرەم، بەڵام دایکم بە ئەسڵ بەغدادییە، بۆیە هەموو خێزانەکەمان لەژێر کاریگەریی ئەوداین."

لە بەسرەی دڵگیر ژیانێکی خۆشم گوزەراند، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لەوێ تەواوکردو لە کۆلێجی ئەندازەی زانکۆی موستەنسرییەی بەغدا وەرگیرام.

چارەنوس وەهابوو لە ماڵی پوورم (دایکی فادی) بمێنمەوە، چونکە شارەزای بەغدا نەبووم، گەرچی ئێمە پشووی هاوینیشمان لە بەغدا بەسەردەبردو لای پوورم دەماینەوە. بەڵام من بە باشی شارەزای شوێنەکانی بەغدای پایتەخت نەبووم، ئیتر ئەرکی گەیاندنم بۆ زانکۆو بردنەوەم بۆ ماڵەوە کەوتە ئەستۆی فادی.

زۆرجاریش ئێواران لە کاتی دەسبەتاڵیدا دەیبردم بۆ ناو بەغداو پیاسەمان دەکرد.

ئیتر وردە وردە هەستوسۆز لە نێوانماندا گەشەی کردو سەرەنجام بوو بە چیرۆکێکی خۆشەویستی جوان کە بە درێژایی ساڵانی خوێندنم پێکەوە کۆی کردینەوە، ئێمە دوو ئاشقی ئالودەی یەکتریی بووین، ئیتر ئەو بوو بە هەموو شتێک لە ژیانی مندا، منیش بووم بە هەموو شتێک لە ژیانی ئەودا.

فادی بە ئارامییەوە چاوەڕوان بوو خوێندن تەواو بکەم هەتا بێتە خوازبێنیم، چونکە باوکم رازی نەدەبوو پێش تەواوکردنی خوێندن شوو بکەم.

دوای تەواوکردنی زانکۆ، فادی نیشانی کردم و پاشان بووین بە هاوسەر. رۆژی زەماوەندی ئێمە رۆژی لە دایکبوونی دووهەمجاری من بوو. شتی زۆر خۆش لە ژیانماندا روویدا، فادی ئوستادی زانکۆ بوو، ئەندامی لیژنەی ئۆڵیمپی بوو، خانوویەکی گەورەو جوانیشیان لە ناوچەی زەیتونە پێبەخشی. ئیتر هەر لە سەرەتاوە ژیانی ژن و مێردایەتیمان بەسەربەخۆیی دەستپێکرد.

فادی رازی نەبوو ببم بە فەرمانبەر، ئەو دەیویست من شاژنی کۆشکەکەی بم و لەناو شانشینەکەیدا بمێنمەوە، منیش ئەوم زۆر خۆشدەویست، بۆیە دڵم نەشکاندو بە قسەم کرد.

ژیانمان هێمن و لەسەرخۆ بوو، تازە سکم پڕ ببوو، بیرمان دەکردەوە چی بۆ منداڵەکەمان بکڕین، ئەگەر کچ بوو ناوی بنێین چی، ئەی ئەگەر کوڕ بوو؟

رۆژێکیان فادی پێی وتم

-"خۆت ئامادە بکەو جوانترین پۆشاک لەبەر بکە، دەبێت بچیت بۆ ساڵۆن و جوانترین تەسریحە بکەیت"

وەوتیشی:

-"دەمەوێت تۆ شازادەی ئاهەنگەکە بیت."

- "کام ئاهەنگە؟"

- "ئەمڕۆ بە سەرپەرشتی ئوستاد عودەی لیژنەی ئۆڵەمپی ئاهەنگێک سازدەکات لە یانەی سەید، دەشبێت بچین."

تامەزرۆی بینینی ئاهەنگەکە بووم، دەمویست بزانم ئەوان چۆن ئاهەنگ دەگێڕن، فادیش زیاتر هانی دەدام.

نەمدەزانی ئەو ئاهەنگە ماڵم وێران دەکاتو ژیانم دەشێوێنێت.

گەیشتینە یانەی سەید، ئاهەنگەکە ئەوەندە گەورەو رازاوە بوو هەر مەپرسە، تەنانەت درەختەکانیش بە گڵۆپی رەنگاوڕەنگ رازێنرابوونەوە، شتێک بوو هەر لە خەیاڵ دەچوو.

میوانەکان خەڵکانی باڵادەستو ناسراو بوون. هەرکەسێک منی ببینیایە، بە فادی دەوت:

-"ئەم مانگە جوانەت لەکوێ هێناوە؟."

فادی ئەو قسانەی زۆر پێخۆش بوو. دوای نیو سەعات لە گەیشتنی ئێمە، مۆسیقای هێمن تەواو بوو، مۆسیقای سەماو گەڕەلاوژە دەستیپێکرد. ئینجا بینیم عودەی پێکێکی بەدەستەوەیەو بە لارەلار چووە ناو گروپی سەماکەرانەوەو دەستیکرد بە دەسبازیی لەگەڵ کچە جوانەکاندا کە هەموویان جلی کورتیان لەبەردابوو.

من قەشەنگیی ئاهەنگەکە حەپەساندبوومی، بەڵام کە ئەو رەفتارانەم لە عودەی بینی، هەستم بە ناڕەحەتی کرد.

دوای ئەوەی عودەی تاقەتی لە کچەکان چوو، کەوتە پیاسەکردن بەناو باخەکەداو تەقییەوە بە رووی من و فادییدا، رووی کردە فادی و وتی:

-"فادی چۆنیت، ئەم مانگی چواردەیە چیە لەگەڵتایە؟"

- "ئوستاد، ئەمە هاوسەرمە."

- "ئا.. بەڵێ، بیستم ژنت هێناوە، دیاریی خۆتت پێدەگات."

هەستمکرد عودەی بەچاوێکی ناپاکانەوە سەیرم دەکات، لەپڕ دەستی درێژ کرد تا دەستم ماچ بکات، وتی:

- "کچی جوان ناوت چیە؟"

- "دینا."

- "ناوێکی جوانەو شایستەی مانگێکی جوانە."

ئینجا جێیهێشتین و رۆیشت، بەڵام سەرنجمدا بە تیلەی چاو سەیرم دەکات، زۆری پێنەچوو یەکێک لە پاسەوانەکانی عودەی هات بۆ لامان و وتی:

- "ئوستاد فادی، دکتۆر داوات دەکات."

ئەو ناوەم بەلاوە سەیر بوو، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە بە عودەی دەڵێن دکتۆر.

فادی رۆیشت و دوای دە دەقیقە هاتەوە، نیگەران و شپرزە بوو، خەمباری بە سیمایەوە دیار بوو، لێم پرسی:

- "چی بووە؟"

- "ئوستاد دەمنێرێت بۆ ئەردەن بۆ ماوەی یەک مانگ، دەبێت سبەینێ سەفەر بکەم، هەر ئەمشەو بەڵگە نامە رەسمییەکانم دەدەنێ. بۆم روونکردەوە، من خۆم ئامادە نەکردووە بۆ سەفەرێکی وەها، بەڵام ئەو بەزۆر سەپاندی بەسەرمدا. ناچار داوام لێکرد کە تۆش لەگەڵ خۆمدا ببەم"

بەڵام ئەو وتی

- "بڕۆ ئەگینا لێت رازی نابم."

-"باشە ئەی من چی بکەم؟"

- "تەلەفون بکە بۆ ماڵی باوکت، با دایکت بێتو ئەو ماوەیەی من لە سەفەرم لات بمێنێتەوە."

چاوەڕێمان کردو هەر ئەو شەوە کیتابو شتی سەفەریان بۆ ئامادە کردو دایانە دەستی.

ئیتر گەڕاینەوە بۆ ماڵەوەو جانتای سەفەرم بۆ ئامادە کردو پێداویستییەکانیم خستە ناوی.

بۆ سبەینێ سەعات شەشی بەیانی بە ئوتومبیل بەرەو ئەردەن کەوتە رێ.

پێش ئەوەی بڕوات ئامۆژگاریی کردم کە بەهێزو ئازا بم و لەماڵ نەبوونی ئەو کارم تێنەکاتو ترسم نەبێت، ئینجا ماچێکی سەر رووومەتمی کردو رۆیشت. منیش بەدوایدا دەستم کرد بە گریان.

نزیکەی نیوسەعاتێک دوای رۆیشتنی فادی، من هەروا بە خەمباری دانیشتبووم، گوێم لە دەنگی راوەستانی ئوتومبیلێک بوو لەبەر دەرگا.

لەپڕ پێنج پیاوی چەکدار هەڵیانکوتایە سەر ماڵمان، جلی مەدەنییان لەبەردابوو، چەکیان پێبوو، بە ماڵەکەدا بڵاوبوونەوەو گەمارۆیان دام، قیژاندم بەسەریاندا:

- "ئێوە کێن؟"

زۆری پێنەچوو عودەی هاتە ژوورەوە، جلی شیکی پۆشیبوو، چاویلکەیەکی رەشی لەچاودا بوو، بۆنی عەترە فەرەنسییەکەی دەهات، وەڵامی هاوارەکەمی دایەوە:

-"چیتە کچی باش، ئەوە منم."

دڵم داخورپا، ئەم پیاوە هاتووە بۆ ماڵمان و دەشزانێت مێردەکەم سەفەری کردووە، خوایە گیان چی بکەم؟

لە ترساندا هەموو گیانم دەلەرزی و نەمدەزانی چی بڵێم، هەرچۆنێک بوو لێم پرسی:

-"ئوستاد چیت دەوێت؟"

-"ئاوا پێشوازی لە میوان دەکەیت؟"

-"ببوورە، بەڵام هاتنەکەت شڵەژاندمی."

فەرمانی دا بە پیاوەکانی هەندێکیان بە باخچەکەدا بڵاو ببنەوەو هەندێکی تریشیان لە دەرەوە بن. ئیتر بە تەنها ماینەوە، لە ترساندا زیڕەم کردبوو.

عودەی سەیرێکی کردم و قۆڵمی گرتو وتی:

-"بڕوانە ئەی کچی جوان، من عودەیم، کە شتێک دای لە کەللەم، دەیکەم، تۆم چووە بە دڵداو دەمەوێیت."

بەجارێ سەرم لێشێواو نەمدەزانی چی بڵێم، هەر ئاوا هەڵدەلەرزیم.

وتی:

-"ۆچی دەلەرزیت؟ خۆ من سەرم نەبڕیویت، من دەمەوێت ببیت بە دۆستم."

-"من مێردم هەیەو مێردەکەم لە سەفەرە، چۆن خیانەتی لێبکەم؟"

- "بڕوبیانووی پێناوێت، ئەگەر رازی نەبیت، ژیانی مێردەکەت کۆتایی دێت، لە جیاتی ئەوەی بە قاچی خۆی بێتەوە، لەناو سندوقێکدا بۆت دەهێننەوە."

دەستم کرد بە گریان و پاڕانەوە، بەڵام ئەو دڵی وەک بەرد وابوو، نەرم نەدەبوو، بەزەیی بە هیچدا نەدەهاتەوە.

وتی:

- "شتەکە بەدەست خۆتە، ئەگەر رازی نەبیت، تەلەفونەکە هەڵدەگرم و فەرماندەدەم مێردەکەت بکوژن."

من هیچ چارم نەبوو، دەبوو بەقسەی بکەم، چونکە ئەگەر رازی نەبم، مێردەکەم تیا دەچێت.

عودەی وتی:

- "مێردەکەت دەکوژم و بە زۆریش لەگەڵت رادەبوێرم و جەرگ سوتاوت دەکەم، دەشزانم چ چیرۆکێکی خۆشەویستی لە نێوانتانا هەیە."

ئیتر هیچ چارێکم نەما جگە لەوەی تەسلیمی ئەم زۆردارە ببم.

بۆ ل١٥

# "حوکمی عیدامەکە بە خاویی جێبەجێبکە بۆ ئەوەی ئەوپەڕی ئازار بچێژێت" عودەی



لە ئەنتەرنێتەوە

هەر لە منداڵیمەوە رقم لە خوێندن بوو، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٤ دا لە پۆڵی شەشی سەرەتایی بووم وازم لە خوێندن هێنا.

دایکم هانی دەدام بگەڕێمەوە بۆ خوێندن، باوکیشم لە دوکانێکی دارتاشی کاری دەکرد، دووکانەکە نزیک ماڵی خۆمان بوو لە یەکێک لە ناحیەکانی پارێزگای بابل.

دوای وازهێنانم لە مەکتەب لەگەڵ باوکمدا دەستم کرد بە ئیشکردن، کارەکەم ئاسان بوو، بزمارم کۆدەکردەوەو هەندێ شتیشم دادەکوتا. دەشمبینی برادەرەکانم لە خوێندندا پێشدەکەونو منیش لەناو تەپوتۆزدا کاردەکەمو مامەڵەیەکی زۆر خراپیشم لەگەڵ دەکرێت، هەم لە لایەن باوکمو هەم لە لایەن خاوەنی دووکانەکەوە.

هەستم دەکرد پێویستیم بە بوارێکە خۆمی تێدا بدۆزمەوە، بە تایبەتی کە حەزم لە جلوبەرگی جوانو نایاب بوو، حەزم دەکرد وا خۆم پیشانی خەڵکی بدەم کە هەمەو خاوەنی کەسێتییەکی بەهێزم، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە زانستیو پیشەییەی لە ناخما هەبوو.

لە ساڵی ١٩٨٠ دا شەڕی عێراق – ئێران هەڵگیرسا، دەبوو پەیوەندی بکەم بە سوپاوە، بەڵام من وام پێباشتر بوو ببم بە ئەمنو کارێک بکەم خەڵک لێم بترسن.

ئەوکاتە بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی بابل تازە دامەزرابوو، پێشوازیی دەکرد لەوانەی حەزدەکەن خۆیان ببەخشن، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە دوای پرسیارو لێکۆڵینەوە بۆیان دەردەکەوت کە لە دەرەوەی حیزبی بەعس پەیوەندیی دیکەیان نیە. من یەکێک بووم لەوانەی پەسەند کرامو لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١ دا دەسبەکاربووم. سەرەتا لەناو بەڕێوەبەرێتیدا پاسەوانێتیم دەکرد، پاسەوانیش بە زەحمەت دەیتوانی بزانێت لە ژوورەوە چی روودەدات، هێندە نەبێت گوێمان لە هاوارو ناڵەو زریکە دەبوو. لاوانو هەندێجار ژنانیشمان دەبینی بەپێی خۆیان دەیانبردنە ژوورەوەو لەناو بەتانیدا دەیانهێنانە دەرەوە، چۆن؟ بۆچی؟ ئەوەمان نەدەزانی.

بە جلی سەربازییەوە دەهاتمە دەرەوەو دەمانچەیەک لە پشتێنەکەمدا بوو، دەڕۆیشتمو خۆم بادەدا. بەهۆی کارەکەمەوە چەند کچێکیشم ناسی کە بەزۆریی یان لە ترسا پەیوەندییان لەگەڵم دەگرت یاخود چاریان نەبوو، ئەگینا ئەوە پەیوەندی هاوڕێیەتیو شتی وا نەبوو.

چەند ساڵێک تێپەڕیو دوای ئەوە گوێزرامەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتی لەبەغدا. لەوێش کاری من بریتی بوو لە پاسەوانیکردنی ژوورە تایبەتییەکانی ئەوانەی دەمێک بوو دەستگیر کرابوون، واتە زیاتر لە حەوت ساڵ بەسەر دەستگیرکرانیاندا تێپەڕیبوو بێ ئەوەی بدرێن بە دادگا.

رۆژێکیان هەستم کرد جووڵەیەکی سەیر لەناو بەڕێوەبەرێتییەکەدا هەیە، مەسەلەکان ئاسایی نەبوو، کەسێکم دەناسی دەستی دەڕۆیشتو نێوانمان خۆش بوو، لێم پرسی "مەسەلە چیە؟"

وتی:

-"ئەمڕۆ کەسایەتییەکی گرنگ سەردانمان دەکات، ئیتر یان خەڵات وەردەگرین، یاخود سزا دەدرێن، ناوەڕاستی ئەو دوانەی تیا نیە."

ووتم:

-"بۆچی ناوەڕاستی تیا نیە؟"

-هاوڕێم، میوانەکەمان کەسێکی زۆر میزاجییە."

دەوروبەری سەعات دە ژمارەیەکی زۆر ئۆتومبیلی تاریک هاتن، پڕبوون لە پیاوی کەتەو زلە، جلی مەدەنییان لەبەردا بوو، چاویلکەی رەشیان لەچاودابوو، دەوری پیاوێکیان گرتبوو کە بەحاڵ لە ناوەڕاستیانەوە دەڕۆیشت وەها گەمارۆیان دابوو. ئەوکاتە زانیم ئەوە عودەی سەدام حسێنەو یەکسەر خۆی کرد بە ژووری بەڕێوەبەری گشتیدا.

دوای کەمتر لە نیو سەعات دەستیکرد بە گەڕان بەناو بەشەکانو ژوورەکانی بەڕێوەبەرێتییەکەدا، پاشان سەرکەوت بۆ نهۆمی سێهەم، من لەوێ پاسەوان بووم، روویکردە یەکێک لە ژوورەکان، چاوم لێی بوو دەرگاکەی کردەوەو بە دەست ئیشارەتی کرد بۆ دەستگیرکراوەکانو بە دەنگە گڕەکەیو زمانە چەوتەکەیەوە کە بەحاڵ لێی تێدەگەیشتین، وتی "تۆ و تۆ وەرنە دەرەوە."

پێنج بەندکراوی بەتەمەن هاتنە دەرەوە، قژ سەریانی داپۆشیبوو، ردێنیان هەتا سەر سکیان درێژ ببوو.

گەرچی سەروسیمایان ماندوو دیار بوو، بەڵام بەشێوەیەک راوەستابوونو دەیانڕوانی کە لەخۆیان دڵنیا بوونو سەربەرزانە وەستابوون.

عودەی دەستیکرد بە قسەکردن دەربارەی حیزبو شۆڕشو باوکیو دەسکەوتە گەورەکانی بۆ عێراقو عێراقییەکان.

پاشان لەسەری رۆیشتو باسی شەرەفی کردو بەندکراوەکانی بە بێشەرەف وەسفکرد، لەپڕ یەکێکیان ئاوڕی بۆ دایەوەو وتی

– "هەر هیچ نەبێت من باوکو باپیرو بنەچەی خۆم دەزانم، بەڵام تۆی بەستەزمان نازانرێت باوکت کێیەو نەسەبی دەچێتەوە سەر کێ."

ئەمەی لەبەردەمی ئەو هەموو پیاوانەی عودەیدا وت، ئەو عودەیەی بە فیززلیو لوتبەرزی ناسراوە، ئەو راهاتووە دەستدرێژیی بکاتە سەر خەڵک بێ ئەوەی کەس وەڵامی بداتەوە.

عودەی فەرمانی دا بە پاسەوانەکانی ئەو پێنج کەسە و دە پاسەوانیش کە لای دەرگای ژوورەکان وەستابوون ببەن، بۆ ئەوەی پاسەوانەکان بەچاوی خۆیان ببینن ئەو پێنج کەسە چی بەسەردێتو بۆ ئەوانیتری بگێڕنەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ترسو لەرز بخاتە دڵی خەڵکەوە. بۆ بەدبەختی من یەکێک بووم لەو دە پاسەوانە.

من ترسم لێنیشت، چونکە دەمزانی ئەگەر میزاجی عودەی بگۆڕێت، دەتوانێت زۆر بە ئاسانی منیش بکوژێت.

ئۆتومبیلەکان گەیشتنە یەکێک لە ساحەکانی فتبۆڵێن. چوونە ژوورەوەو لە ناوەڕاستی ساحەکەدا دایانگرتین. عودەی شتێکی چرپاند بەگوێی یەکێک لە یاریدەدەرەکانیدا، ئەویش بە جیهاز قسەی لەگەڵ کەسێک کردو چارەکە سەعاتێکی پێنەچوو لۆرییەک هاتو مشارێکی کارەبایی هێنا کە شیفرەکەی بازنەیی بوو، زۆریش گەورە بوو.

مشارەکەیان داگرتو لەناوەڕاستی ساحەکەدا دایانبەست.

ئەو پیاوەیان هێنا کە قسەی بە عودەی وتبوو، دایان بە زەویداو جلەکانیان لەبەر داکەندو بەستیانەوە بە تەختەیەکی گەورەوە. عودەی لای سەریەوە راوەستاو دەستیکرد بە جنێوپێدانی، پاشان پرسیاری لێکرد:

– "باوکی من کوڕی باوکی خۆی نیە؟."

پیاوەکە وەڵامی دایەوە:

–"بۆچی نازانیت؟"

عودەی قیژاندیو وتی:

–"حوکمی عیدامەکە بە خاویی جێبەجێبکە بۆ ئەوەی ئەوپەڕی ئازار بچێژێت، بە بڕینەوەی چوارپەلی دەستپێبکەن."

مشارەکەیان نزمکردەوە بۆ سەر قاچی چەپی لە نزیکی حەوزییەوە، قاچەکەی بەتەواویی لێبووەو مشارەکەش بەدەم سوڕانەوەوە خوێنی دەپرژاندە ئەو ناوە، پیاوەکە هاوارێکی گەورەی لێ هەستا، عودەی فەرمانیکرد دەمی ببەستن.

تێپیان هێناو دەمیان بەست، چاوم لە سەری بوو دەجووڵاو هەوڵیدەدا هاوار بکات بەڵام دەنگی دەرنەدەهات.

ئینجا قاچی راستیان بڕییەوەو دواتر دەستی چەپیو پاشان دەستی راستی. ئیتر بە تەنها هەر قەدەکەی مایەوە، مشارەکەیان وەرچەرخاندو خوێنو پارچە گۆشتی دەپرژاند.

لای کۆئەندامی زاوزێیەوە، مشارەکە قەدەکەی کرد بە دوو لەتەوەو گەیشتە سەریو ئەویشی دوو لەت کرد.

چوار کەسەکەی تر دەگریانو خێرا خێرا شایەتمانیان دەهێنا.

یەکێکیان لەوان هێناو بەستیانەوە بە تەختەکەوەو سەریان بڕییەوە، پاشان دووهەمو سێهەمو چوارەمیشیان وا لێکردو دواتر لاشەکانیان لەتوپەت کردن بۆ پارچەی بچووک بچووک.

عودەیو چەند کەسێک لە یاوەرەکانیان هەر لەوێدا دانیشتنو دەستیان کرد بە مەی خواردنەوەو قاقا پێدەکەنین. دواتر فەرمانی پێکردین بڕۆینو ئەوەی دیومانە بۆ دۆستو کەسوکارمانی بگێڕینەوە، بە تایبەتی بۆ دەستگیرکراوەکان، بۆ ئەوەی ترسو تۆقین بخاتە ناو دڵیانەوە.

هەستم کرد قێزم لە خۆمو کارە نەفرەتکراوەکەشم لەگەڵ ئەو تاوانبارانەدا دێتەوە، هەتا رووخانی رژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لەگەڵیان بەردەوام بووم.

# هێڵە نهێنیەکانی نێوان عودەی وقوسەی

ستافی پەیمانگا

قسەکردن لەسەر جووتە کوڕەکەی سەدامی ستەمکار (عودەیو قوسەی) قسەکردنە لەسەر کۆی سیستمێک کە بە ئیمتیازەوە یەکێکە لە ستەمکارترین سیستەمەکانی فەرمانڕەوایی لەسەدەی بیستدا. عودەیو قوسەی راستەو خۆ پەیوەندییان بەو سیستەمەوە هەبوو کە حیزبی بەعس لە عێراقدا پێڕەوی دەکرد. ئەم دوو برایە لەمێژووی ئەو رژێمەدا، پێشێلکاری زۆریانکردووەو کەم کەس هەیە کەم تا زۆر چیرۆکە عەجیبو غەریبەکانی ئەم دووکوڕەیان نەبیستبێت، کەم کەس هەیە لەدوای رووخانی ژێمی عێراقەوە ئەو سیدیانەی نەبینیبێت کە لە پڕێکدا کەوتنە بەردیدەی هەموان پاڵەوانێتییە نامرۆییەکانی ئەم کورانەی سەرۆکی پێشوی عێراق دەگێڕنەوە، بە تایبەتی عودەی کورەگەورەی.

راوەستانی پەیمانگاکەمان لەسەر تاوانەکانی عودەیو قوسەی لەخۆرا نەهاتووە، بەڵکو باگراوندێک هەیە کە وای لە ئێمە کردووە رۆشنایی بخەینە سەر تاوانەکانیانو لەناو ئەوانیتردا لە نمونەی عێزەت دووری.. عبد حمود .....هتدا بیانخەینە ریزی پێشەوە. تاوانەکانی ئەم جووتە برایە ئەوەندە ئابڕوو بەرانەن، ئەوەندە وەحشییانەن کە هەموو پێوەرە مرۆییەکان لەئاستیاندا شکست دەهێنن. دەست رۆیشتویی ئەم کورانە وایکردبوو تاوانی سەیرو سەمەرە بکەن کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەم وێنەبێت جۆری سەمەرەی ئەشکەنجەدانو کوشتن دابهێنن، بۆ نمونە بڕینەوەی جەستەی مرۆڤی عێراقی بە مشارو بەشێوەیەک کە زۆرترین ئازار بگات بە قوربانییەکان، لە لاپەڕەکانی دواتردا چیرۆکمان لەو بارەیەوە تۆمار کردووە.

ئەم دووکورەی سەددام هیچ پانتاییەکیان نەهێشتۆتەوە دەستیان بۆنەبردبێتو ئارەزووەکانیانی تێدا خاڵی نەکردبێتەوە، کە گرنگترینیان بێحورمەتکردنی ئافرەتانە، نەک تەنها ئافرەتە نەیارەکان، بەڵکو هەموو ئافرەتێکو تەنانەت هاوسەری دۆستو پیاوەکانی خۆشیان.

لە هەموو سیستمێکی قەمعیو ستەمگەردا، ئافرەت هەمیشە دەبێت بەسووتوو، لەگەمەسیاسییەکاندا وەک کارتێک بەکاردەهێنرێت. کاتێک ئافرەتێک دەگیرێت هەمان ئەوئەشکەنجەیەی پیاو دەدرێت، واتە بەقوناغەکانی ئەشکەنجەداندا تێدەپەرێت، بەڵام سەرباری ئەمە، ئافرەت ناحەقیەکی تر بەرامبەری دەکرێت ئەویش بریتیە لە تەعەداکردنی سێکسو سوکایەتی پێکردنیان. عودەییو قوسەی لەم گەمەیەدا دەستی باڵایان هەبوو، ئەوان دەستبڵاوترین کەسی ئەو رژێمەبوون بەراستو بەچەپدا ئافرەتیان دەفراندو لاقەیان دەکردوو پاشان سوکایەتیان پێدەکردنو دەیان کوشتن. بەڵام بۆ ئەمەیان دەکردوو چۆن دەیان کرد؟ ئەوە هۆکەکەی دەگەرێتەوە بۆئەوەی ئەوان لە سەرەوەی دەسەڵاتی یاساوەبوون، یاسایەک نەبوو لێیان بپرسێتەوە، هێزێک نەبوو لەبەردەمیاندا بڵێت تائێرەو بەس، ئەوان لەسەروو هەموو هێزێکەوەبوون. چیرۆکی دینا باشترین نمونەیە کە پێمان دەڵێت چ چارەنوسێک دەبێت بە نسیبی ئەوانەی زات دەکەنو رووبەڕووی بەرامبەر کورانی سەددام دەبنەوە. هاوسەرەکەی دینا مامۆستای زانکۆ بوو، ئەندامی لیژنەی ئۆڵۆمپی بوو، تاکە تاوانی ئەوەبوو کە ژنەکەی جوان بوو. بۆیە کاتێک دەیەوێت بەعودەی بڵێت بۆ لاقەی ژنەکەمت کردووە، دەدرێت بە سەگەکانو لەتو پەت دەکرێت.

خاڵێکی دی ئەوەیە ئەم دوو کورەی سەددام چەند لەپێشێلکارییەکانەوە نزیک بوون دەهێندە لە ئەنجامدانی پێشێلکارییەکانەوە دوور بوون، کارەکتەری هەریەکەیان دەیان فرسەخ لەیەکەوە دووربوون، چونکە عودەی کەسێکی نێرجسی بوو، ئەو هەرزەکاربوو کاتێک هاتە سەرشانۆی میدیا، لەتەمەنی ٢٢ساڵیدا سەباح میرزای مورافقی باوکی لە سەرۆکایەتی یەکێتی تۆپی پی لابردوو خۆی چووە جێگای، عودەی زیاتر دەزگا ئیعلامییەکانی کۆنترۆڵکردبوو، لەکاتێکدا قوسەی برا بچوکی بەپێچەوانەوە زۆر بەنهێنی کاری دەکردوو ئەمەش وایکرد سەرنجی باوکی بەلای خۆیدا راکێشێتو هەموو دەزگا ئیستسخباراتیو ئەمنییەکان بکەوێتە ژێر دەستی ئەمەوە، قوسەی دەرچوی کۆلیژی زانستی سیاسی زانکۆی بەغداد بوو، زیاتر حەزی لەسلکی ئیستخباراتی بوو بۆیە زۆر بەکەمی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەردەکەوتو کارەکانی تارادەیەکی زۆر نهێنی بوون، ئەمە وایکرد قوسەی ببێتە سەرپەرشتیاری دەزگای موخابەراتو هێزی ئاسایشی تایبەتیو گاردی کۆماریو تا لەساڵی ١٩٩٣ هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی قیادەی قوتریو لەساڵی ١٩٩٥ بو بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی عێراق.

عودەی دەزگایەکی ئیعلامی بەناوبانگی هەبوو، کەناڵی شەباب باشترین نمونەیە بۆ ئەوەی بزانین عودەی چەند کەسێکی ئیستعرازییە. بەڵام قوسەی بۆخوێی چێشتیش دەرنەدەکەوت.

عودەی پاڵەوانی چیرۆکی دینایە، بێباکانەو بەئاشکراو بەبەرچاوی دراوسێکانییەوە لاقەی دەکاتو لەرۆژدا دێتو شەو بەجێی دەهێڵێت. بەڵام، چیرۆکی ئایشە بەپێچەوانەوە بەنهێنی کراو تەنانەت ئایشە لەکۆتایدا دەڵیت تائێستا نازانم لەسەر چی قوسەی مێردەکەمی کوشت.

هەڵەیەکی کوشندەیە وابزانین پێشێلکارییەکانی عودەی زۆرتربوون یان قورستربوون لە پێشێلکارییەکانی قوسەی ئەو پێشێلکاریانەی قوسەی ئەنجامیدەدان، هەرگیز بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەوانەی عودەیدا. قوسەی بەشداریی لە کوشتنو تەسفییە کردنی سجنەکاندا دەکردو بەنهێنی هەزاران کەسی دەکوشت، رۆژانە لوتی دەتەقی بەلوتی ئەوکەسانەدا کە رژێمەکە مۆری تاوانباری نابوو بە تەوێڵیانەوە. ئەویش قسوریی نەدەکرد لە کوشتنیان بە جوملەو بە رێگای جۆراوجۆر کە مەگەر بە خەیاڵی ئەودا گوزەریان کردبێت.

# جاشەکان لە خۆشی تاڵانی ئاگایان لە هیچ نەمابوو



نامۆ

لە ناحیەی شوانی سەر بە شاری کەرکوک لە دایک بووم و هەر لەوێش خوێندنی سەرەتایم تەواو کرد، پاشان بە هۆی نەبوونیەوە وازم لە خوێندن هێناو دەستم کرد بە کاسپی.

لە ساڵی ١٩٧٢دا بووم بە سەرباز بۆماوەی دووساڵ و پاشان تەسریح بووم و دامەزرام لە بەرێوبەرایەتی کشتوکاڵی کەرکوک تاوەکو شەڕی عێراق-ئێران دەستی پێکرد.

پاش فەترەیەک دووبارە بانگ کرامەوە بۆ سەربازی، بەڵام ئەم جارە نەچومە سەربازی و فیرارم کردوو وازم لە هەموو شتێک هێناو بەماڵ ومنداڵەوە چومەوە بۆ لادێ، نزیکەی پێنج ساڵ دانیشتم.

بەهۆی فیراریەوە وەزعم زۆر خراپ بوو نەمدەتوانی بچمە دەرەوەو کارو کاسپی بکەم.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥دا برایەکم بەناوی جەمال، جوابی بۆ ناردم و ووتی «ئەگەر ئەتەوێت ببیت بە جاش ناوت ئەنوسم لە فەوجەکەی خۆمان، منیش بەباشم زانی، چونکە ژیانم زۆر ناخۆش بوو لە لادێ و منداڵەکانم توشی نەخۆشی نەفسی بووبوون بەهۆی ئەوەی فێری ژیانی لادێ نەبوون و لە هەمانکاتدا هەموویان تەلەبە بوون و خوێندنەکەیان فەوتا بوو.

لە مانگی حەوتی هەمان ساڵ گەڕامەوە ناو حکومەت و بووم بە جاش لە فەوجەکەی جەمالی برام، لە یەکەم ڕۆژی جاشێتیمدا زۆر بێزاربووم و پەشیمان بوومەوە، چونکە منداڵەکانم هەوڵیاندا بگەڕێنەوە سەر خوێندنەکەیان، بەڵام پێیان وتبوون قبوڵ ناکرێنەوە.

لە هەمان کاتدا هەستم کرد کە بۆ کوشتن منیان وەرگرتووە بە جاش و دەیانەوێت توشی کێشەی عەشایەریم بکەن، بۆیە ماوەی دوومانگ بیرم لە ڕاکردن دەکردەوە، بەڵام دەترسام بەهۆی منەوە جەمالی برام توشی کێشەیەک بکەن.

هەرچۆنێک بوو مامەوە، بەڵام ڕۆژانە ویژدانم محاسەبەی ئەکردم، چونکە هەموو ڕۆژێک دەردەچووین بۆ سوتاندنی گوندەکانی ناوچەی شوان و گرتنی خەڵکەکەی.

پاش فەترەیەک ڕەفعەتی موستەشار هەموومانی کۆکردەوە لە مەقەڕو کۆبونەوەیەکی پێکردین و ووتی "موخەربین یارمەتی لە ئێران وەرئەگرن بۆ کوشتنی سەربازە عیراقیەکان و خۆتان ئاگادارن لەوەی چەندین ساڵە شەڕ هەیە لە نێوان عیراق و ئێراندا بۆیە ئەبێت ئێوە قبوڵی نەکەن و هەرکەسێک چاوپۆشی بکات لە هەر موخەریبێک یەعنی خیانەتی کردووە لە وڵاتەکەی و خۆشتان ئەزانن خیانەت عقوبەی چیە؟،"

پاشان ووتی "ئێستا حەز ئەکەم گوێ بگرن لە ئامۆژگاریەکانی ئەم پیاوە کە رائیدی ئیستخباراتە لە قیادە جحافلی خەفیفە"، ئینجا کابراکە کەوتە قسەکردن و ووتی "ئەمانەوێ کۆمەڵێک زانیاریتان بدەینێ بۆئەوەی سبەینێ نەڵێن نەمانزانی، ئێوە سەرەڕای ئەوەی هەمووتان فیراربوون، حکومەت هەمووتانی کرد بە موقاتل لە فەوجی دیفاع وەتەنی و زۆربەتان لە ناوچەکەی خۆتانن و ئەبێ پێش هەموو شتێک مەمنوونی حکومەت بن پاشان بەوەفابن، ئەگەر بەوەفا نەبن خۆتان زەرەرمەند ئەبن، چونکە خیانەت سزاکەی ڕەمی کردنە، هەر کەسێک لە ئێوە ئەرکی سەر شانی خۆی بەئامانەتەوە جێبەجێ نەکات حسابی موخەریبی بۆ دەکرێت، نابێت کەس حسابی ئەوە بکات کە ئەمە گوندی خۆیەتی یاخود ئەمە کەسوکاریەتی نابێ چاوپۆشی لە هیچ شتێک بکەن".

زانیم حکومەت نیەتی خراپە، بە جەمالی برام ووت «من وا هەسەت ئەکەم وەزعەکە ترسناکە و ڕژێم نیەتی خراپە لەگەڵ کورد."

ووتی "وانیە زۆر جار ئەم قسانەمان بۆ ئەکرێت، هیچ نیە."

بەهەرحاڵ ئێمە گەڕاینەوە بۆ ڕەبایەکانی خۆمان لە دووڕیانی ناوسورکەل کە ئەکەوتە نێوان کەرکوک و ناوچەی شوانەوە، کە ڕۆژانە سەدان کەس لەو شوێنەی ئێمەوە هاتوچۆی ئەکرد لە نێوان گوندەکان و شاری کەرکوکدا.

لە ساڵی ١٩٨٧دا ناحیەی شوان بوو بە شوێنی عملیات و سوپایەکی زۆریان بۆ هێنا هەرچەندە دوو فەوجی جحافلی خفیفەی لێ بوو، لەو ساڵەدا دوو مەفرەزە خاسەی جاش پەیدابوون یەکیان بەسەرۆکایەتی پیاوێک بوو بەناوی ساڵح عەبدوڵا، ئەو دوو مەفرەزەیە سەر بە ئیستخبارات بوون سەرپشک بوون لە گرتن و کوشتنی خەڵکی ناوچەکە.

ڕۆژانە ڕوویان بکردایەتە هەر گوندێک دەیان سوتاندو کۆمەڵێک فیرار و خەڵکی بێتاوانیان دەگرت و پاشان هەرچی شتێکیان چنگ بکەوتایە تاڵانیان ئەکردو، لە گەڕانەوەیاندا هەندێک لەگیراوەکانیان گولەباران دەکردوو باقیەکەی تریشیان تەسلیم بە دائیرەی ئیستخبارات ئەکرد بەرامبەر بە پارە.

لە مانگی پێنجی هەمان ساڵدا فەوجەکەمان بانگکرا بۆ کۆبونەوەو پێیان ڕاگەیاندین کە دەبێت هەموو گوندەکانی ناوچەی کەرکوک بڕوخێنرێت، پاشان پێیان ووتین کە دەبێت ئێمە بڕۆین لەگەڵ مەفرەزە خاسەکانی ئیستخبارات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پلانە، من زۆر ترسام، چونکە ئەو جاشانەی ئیستخبارات ڕابووردویەکی زۆر خراپیان هەبوو، هەموویان پیاوکوژ بوون، دڵنیابووم ئێمەش کە دەرچین لەگەڵ ئەمانەدا هەر حسابی ئەوانەمان بۆ ئەکرێت.

حەملەی ڕوخاندنی گوندەکان دەستی پێکرد و لە یادمە یەکەم ڕۆژ ئێمە ڕۆشتین بۆ سەر هەردوو گوندی جانقزی گەورە و جانقزی بچوک، فەوجەکەی ئێمە لەگەڵ مەفرەزەکەی ساڵەحدا دەرچووین، پێش ئەوەی بگەینە گوندی جانقزی گەورە، دەستمکرد بە تەقە کردن بەئاسمانی گوندەکەدا، لەڕاستیدا مەبەستم ئەوەبوو کە خەڵکەکەی ئاگاداربکەم و فیرارەکان ڕا بکەن، ساڵح دابەزی لە سەیارەکەی و ووتی "تۆ کابرایەکی خائنی ناتەوێت کەس بگرین و ئەتەوێت خەڵکەکە هەموو ڕابکەن."

لە ترسا ووتم "ئێمە هەموو جار هەر وا ئەکەین لەوانەیە فەرق هەبێت لە نێوان ئسلوبی ئێمەو ئێوەدا."

پاشان کەمێک تەماشای کردم ووتی "ئەگەر جارێکی تر ئا بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەیت ئەوە تەسلیمی ئیستخباراتت ئەکەم و بە جاسوس لەقەڵەمت ئەدەم."

ئەو شەوە هەردوو جانقز کرا بە کەلاوە و هەمووی ڕوخێنرا، بەڵام کەسیان چنگ نەکەوت بیگرن، پاشان دەستیانکرد بە تاڵانی و هیچیان نەهێشت لەو دوو گوندەدا،

پاش سێ ڕۆژی تر دەرچووین بەرەو هەردوو گوندی باپیران و جولحان، لەناو گوندەکەدا دەستمان کرد بە تەقەکردن و سوتاندنی خانوەکان و تاڵان کردنی ماڵەکان، بەڵام کەسمان دەست نەکەوت بیگرین، جاشەکان ووتیان "بەشی تۆمان داناوە لە کەلوپەلەکان."

ووتم "من هیچم ناوێت، من هاتووم موخەریب بکوژم نەهاتووم بۆ تاڵانی."

زۆر خەفەتم دەخواردو بەردەوام گریانم دەهات بۆ ئەو هەموو خەڵک و ماڵ و گوندانە، من نەمئەزانی چی بکەم بۆم قبوڵ نەئەکرا و دەسەڵاتیشم نەبوو، زوربەی گەنجی لادێکان هەڵهاتبوون و تەنها ژن و منداڵ و پیر مابوون و زۆربەیان منیان ئەناسی و هاواریان بۆ من ئەکرد و منیش هیچم پێ نەدەکرا، بەشداریم لە ڕوخاندن و سوتاندنی زیاتر لە پەنجا

> ”
> **هەرچیەکتان دەست کەوت لەماڵ هی خۆتانە و حەڵاڵی خۆتانە، بەڵام ئەبێت گوندەکان وا بڕوخێنن کە کەس نەزانێت کە پێشتر ئاوەدانی بووە**
> “

گوند کرد.

لە ساڵی ١٩٨٧ کابرایەک هات بۆ کەرکوک ناوی بارق عەبدوڵا حنتە بوو، ئەم کابرایە زۆر دڵ ڕەق و دڕندە بوو، سەددام ناردبووی بۆ سەرپەرشتی کردنی هەموو چالاکیەکانی سوپا لەناوچەی کەرکوک، کتابێکمان بۆهات لەلای بارقەوە کە گوندە ڕووخاوەکان جارێکی تر دروست کراوەتەوەو، ئەمجارە ئەبێت بەبەزەیی نەبن لەگەڵیانداو حسابی موخەریب بۆ هەموویان بکرێت و هیچ جیاوازیەک نەکەن لە بەینی گەورەو بچوکدا، وە هەرچیەکتان دەست کەوت لەماڵ هی خۆتانەو حەڵاڵی خۆتانە، بەڵام ئەبێت گوندەکان وا بڕوخێنن کە کەس نەزانێت کە پێشتر ئاوەدانی بووە، بۆ ئەم مەبەستە ساڵحی موستەشار کۆیکردینەوەو

ووتی" ببیستم هەر کەس یارمەتی خەڵکی گوندەکانی داوە یەکسەر تەسلیمی ئیستخباراتی فرقەی کەرکوکی ئەکەم."

جاشەکان لە خۆشی تاڵانی ئاگایان لە هیچ نەمابوو، هەستم کرد وەزعەکە تەواو خەتەر بوو، لەگەڵ جەمالی برامدا بیرمان دەکردەوە چۆن خۆمان ڕزگار بکەین، بەڵام هیچ مەجالێکمان نەبوو، دووبارە تێکەڵ کراینەوە لەگەڵ مەفرەزە خاسەکانی ئیستخباراتدا، هەموومان لەگەڵ سوپای عێراقدا تێکەڵ بووین و پێیان ووتین هەرچیەکتان چنگ کەوت لە گەورە یان بچوک دەبێت تەسلیمی سوپای بکەن.

لەگەڵ جەمالی برامدا چوین بۆ لای ئامر سریەکەمان، ناسیاومان بوو ووتمان "چیت ئەوێت بۆت دەکەین بەس با نەڕۆین بۆ گوندەکان و هەر لەمەقەر فەوج بمێنینەوەو چی ئیش وکاری مەقەرە دەیکەین"،

ئامر سریەکەمان ڕازی بوو، ووتی باشە لێرە بمێننەوە".

پرۆسەی ئەنفال دەستی پێکرد، ڕۆژانە سەدان کەسیان دەهێنا بۆ مەقەری فەوجەکەی ئێمە لەناوچەی شوان، ئێمە لەوێ ئەوەندەی پێمان بکرایە یارمەتی خەڵکمان دەداو ڕزگارمان دەکردن.

پاش فەترەیەک خەبەرمان لێدارا کە خەڵک زۆر لە مەقەڕەکەی ئێمە ڕادەکات، بۆیە ئیستخبارات خۆیان هاتن سەرپەرشتی ئەو خەڵکەیان دەکرد کە دەهات بۆ لای ئێمە.

لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کاتێک ئەو خەڵکانەیان دەهێنا بۆ لای ئێمە، زۆریان ئێمەیان ئەناسی هاواریان بۆ ئەکردین و ئەیانووت پیاو بن و ڕزگارمان بکەن، ئێمەش سەرمان دائەخست و هیچمان پێنەدەکرا، ئەوەی لەو ماوەیەدا زۆر کاری تێکردم ئەوە بوو ڕۆژێک ژنێکیان هێنا چاکم دەناسی ناوی ئاسکە بوو لەگەڵ پێنج کچەکەیدا، ئاسکە بەدەستی سەربازەکانەوە بوو بە قژ ڕایان دەکێشاو شەقیان تێهەڵئەداو کچەکانیشی هەریەکی بەدەست عەسکەرێکەوە بوو، پاشان سواری لۆریان کردن، کچەکان نەیان دەتوانی سوار بن، سەربازەکان دەستیان ئەخستە ناو گەڵیان و یاریان بە هەموو جێگایەکیان ئەکرد، ئەوەی کە زۆر ناخۆش بوو سەربازەکان سەیری ئێمەیان دەکرد ئێنجا وایان لێدەکردن، وەکو بڵیی ئیهانەمان بکەن وابوو، جەمال زۆر بێتاقەت بوو ویستی خۆی بکوژێت، دەستم گرت و ووتم تازە ئێمە تووش بووین و ئەبێت هەموو شتێک قبوڵ بکەین.

ئەو ژنانە هەتاوەکو لێمان دورکەوتنەوە سەربازەکان هەر یاریان بە گیانیان ئەکردو ئەوانیش ئەگریان و جنێویان بە ئێمە ئەدا.

تاوەکو کۆتایی مانگی پێنج ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام ڕۆژانە دەیان و سەدان گوندنشینیان دەهێناو لە پێش چاوی ئێمە دەکرانە ناو ئیڤای سەربازییەوەو دەیان بردن، بەبێ ئەوەی بزانین کە بۆ کوێیان دەبەن، سەربازەکان جوابی ئێمەیان نەدەدایەوەو هەر حسابیشیان بۆ نەدەکردین.

ئەو ماوەیە من و جەمال تەواو بێتاقەت بووین و هیوای مردنمان دەخواست، جەمال توشی نەخۆشی دەرونی بوو ناردیانە نەخۆشخانەی عەسکەری کەرکوک ماوەیەک لەوێ مایەوە، دوای فەترەیەک مەفرەزە خاسەکانی ساڵح و پیاوێکی تر بەناوی نادر ئەحمەد بەهاوکاری فەوجەکەی ئێمە کەوتنەوە ناو گوندە ڕوخاوەکان، منیشیان لەگەڵ بوو، بەدوای خەڵکدا دەگەڕاین، کۆمەڵێکی زورمان دەستگیر کرد کە لەو دەشتودەرەدا پەرتەوازە بووبوون، لەیادمە لە یەک ڕۆژدا مەفرزەکەی نادر یانزە کەسیان دەستگیر کردوو هەموویان ڕەمی کردن، چوار کەسیان لە نێوان گوندی گوزەرین و حاجی بێخاڵدا گرت، فیرار بوون، نادر بەدەستی خۆی کوشتنی، حەوتەکەی تریش لەنزیک گوندی تۆمار دەستگیر کران و هەر لەشوێنی دەستگیر کردنەکەیاندا ڕەمی کران.

بەو شێوەیە ژیانم بردە سەر تاوەکو شەڕی عێراق-ئێران وەستاو، موالیدەکەم تەسریح بوو، ئیتر وازم لە جاشیەتی هێناو دانیشتم لەماڵەوە، جەمالی برایشم دەرکرا لە جاشایەتی، چونکە نەخۆش کەوت و توانای هیچی نەما بوو.

لە دوای وەستانی شەڕ بە ماوەیکی کەم حکومەت بە ماڵ و منداڵەوە تەرحیلی کردین لە کەرکوک، لەدوای ئەو هەموو خزمەتەی کە کردمان لە جاشایەتیدا، چارمان نەبوو کەرکوکمان بەجێهێشت و هاتینە ئوردوگا زۆرە ملێکانی چواردەوری هەولێر دانیشتین.


لە ئوردوگا ماینەوە هەتاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ پاشان ڕامانکرد بۆ ئێران، لەپاش سێ مانگ گەڕاینەوە بۆ هەولێر، بەڵام ڕژێم لە شارەکانی کوردستان پاشەکشەی کرد و ئیتر بە سەردانیش نەهاتینەوە کەرکوک هەتاوەکو مانگێک پاش ڕووخانی ڕژێم، ئنجا بە ماڵەوە گەڕاینەوە کەرکوک.

من وام هەست دەکرد لەدوای نەمانی حکومەت لە کوردستاندا ئەو سەرۆک جاشانە هەموویان بە سزای خۆیان دەگەن و نامێنن، بەڵام بەداخەوە ئێستا زۆر لە جاران زیاتر ڕێزیان هەیە و موچەیان بۆ بڕاوەتەوە و هەمان حیمایە و دەمانچەی سەردەمی ڕژێمیان بەدەستەوەیە

## دەرئەنجام

پرۆژەی مێژوی عێراق لەئێستادا خەریکی شیکارکردنی ئەو چیرۆکانەیە کە داخلی داتا بەیس کراون. شیکارکردنەکە جەخت دەکاتە سەر پێداچونەوەی چەند پێشێلکاریەکی تایبەت، شێوازەکانی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە، دامودەزگا بەرپرسیارەکان، رووداوە مێژوییە گرنگەکانو کەیسی لێکۆڵینەوە. شیکارکردنی پێشێلکاریە تایبەتەکان بریتی دەبێت لەپێداچونەوەی پێشلکاریە سەرەکیەکانی وەک رەشەکوژی، ئەشکەنجەدان، لاقەی ناموس، هێرشی چەکی کیمیایی.

لە ناوەراستی ساڵی ٢٠٠٧ ، پرۆژەی مێژوی عێراق دەستی کرد بە بلاوکردنەوەی بابەتەکانی لەرێگەی بەرنامەی رادیۆیی، CD، پاشکۆی رۆژنامە، بڵاوکراوە و کۆر وسیمینار. لە مانگی حوزەیران، پرۆژەکە دەستی کرد بە پێشکەش کردنی بەرنامەیی رادیۆیی لەژێر ناونیشانی (بەسەرهاتی من) بە زمانی کوردیو لەرێگەی رادیۆ نەوا، لە مانگی ئابدا هەمان بەرنامە بەزمانی عەرەبی لە رادیۆ دیجلە بڵاوکرایەوە. بەم زوانە پرۆژەکە وێب سایتێکی دەبێت بەناوی www.iraqhistory.org بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی. هەروەها یەکەم زنجیرە کتێبی خۆی لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاودەکاتەوە. راپۆرتی کۆتایی لە ناوەراستی ساڵی ٢٠٠٨ ئامادە دەبێت.



فۆتۆ : جەمال پێنجوێنی

## پاشماوەی ...دان بەوەدا دەنێم کە کەس نیە ستەمکاریی بکاتو...

سەرەنجام ئەفسەرەکە برپاریدا رۆژێک دیاری بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵی رابوێرێت. دەبوو من بۆی ئامادە بکەم. فەرمانم پێکرد خۆی بشواتو چڵکو پیسی سەر لەشی پاک بکاتەوە. شەوەکەی ناردم بۆ لای ئەفسەرەکە.

ئەفسەرەکە دەیخواردەوەو سەرخۆش ببوو، هەوڵیدا لاقەی بکات. شەیما گریاو لێی پاڕایەوە وازی لێبهێنێت، بەڵام ئەو گوێی پێ نەداو ئەوەی وستی لەگەڵیدا کردی.

ئەفسەرەکە داوای لە منیش کرد لەگەڵی بخەوم، منیش کردمو دوایی بردمەوە بۆ زیندان.

رۆژی دواتر دەستمکردەوە بە ئەشکەنجەدانیو ئەویش دانی بە هەموو شتێکدا نا، چونکە هەموو شتێکی دۆڕاندبوو، ئیتر گوێی بە هیچ نەدەدا. دانی بەوەدا نا کە لەگەڵ چەند خزمێکیدا کە لە ماوەی راپەڕینە شەعبانییەکەدا رایانکردووە بۆ ئێران ئێستا کۆبونەوە دەکەن و هەموویان سەر بە فەیلەقی بەدرن. ئەو ئیشی ئەوە بووە کە زانیاریی پێویستیان بداتێ دەربارەی پیاوانی حیزبی بەعسو شوێنەکانی نیشتەجێبوونیان.

سەرەنجام شەیمایان رەوانەی دادگا کراو نازانم چ حوکمێکی بەسەردا درا.

یەکێکی تر لەو کارانەی دەمانکرد، ئەشکەنجەدانی ئەو لاوانە بوو کە لە مزگەوتەکان نوێژیان دەکرد. چوارپەلیانمان دەشکاندو لێمان دەدانو بە شەق بەردەبووینە بەر گەڵو گونیان.

من گوناهەکانم زۆرنو بە ئازاریشن، هەرچەند بڵێم من پەشیمانم لە کردەوەکانم، کەفارەتی گوناهەکانم ناکات.

ئیتر هەتا رووخانی رژێم ئاوا مامەوە، هەریەکەی بەلایەکدا بۆی دەرچووین، ئەفسەرە گەورەکان لەپێش بچووکەکانەوە رایانکرد، کەسانی وەک ئێمەش لە ترسی رۆحی خۆمانو بۆ ئەوەی بەردەستی خەڵک نەکەوین تا تۆڵەمان لێبکەنەوە هەلهاتین.

من نەمدەزانی بۆ کوێ بچم، هەروا سەری خۆمم هەڵگرت، لە رابردوودا بیرم لەوە نەکردبۆوە بەو پارەیەی دەستم دەکەوێت خانوویەک بکڕم، چونکە پارەی حەرام بوو، لە رابواردنو کەیفو سەفادا سەرفم دەکرد.

براکانم نەیانپاراستم، دەترسان خەڵک پەلاماری ماڵەکانی ئەوانیش بداتو بۆ من بگەڕێن، ئەوان نەیاندەویست خۆیانو خێزانەکانیان تووشی مەترسی بکەن.

من هیچ چارێکم نەبوو، جگە لەوەی لای خوشکێکم خۆم بشارمەوە، خوشکەکەم لە یەکێک لە گوندەکانی ئەهوارەکان دەژی، هاوسەرەکەی کێڵگەیەکی هەیە، داوام لێکرد لای ئەو ببم بە جوتیار و کرێشم نەداتێ بەس هەر ئەوەندە دالدەم بدات.

من ئێستا لە ترسو دڵەڕاوکەدا دەژیم، ناوێرم بچم بۆ شار، چونکە لەوانەیە یەکێک بمناسێتەوەو تۆڵەم لێبکاتەوەو بمکوژێت.

دان بەوەدا دەنێم هیچ شتێک لە گیان ئازیزتر نیە، بەڵام نەک بە زەلیلی.

دیسانەوە دان بەوەشدا دەنێم کە کەس نیە ستەمکاریی بکاتو خودا بەبێ سزا وازی لێبهێنێت، ئەوە سەدام کە ماوەی سیو پێنج ساڵ حوکمێکی دیکتاتۆرییانەی عێراقی کرد، ئێستا لەکوێیە؟ هەر لەو شوێنەدا نەکرا بە داردا کە خۆی خەڵکی لێ دەکرد بە دارا؟

ئەی زەمانە لێنەگەڕێیت ستەمکاران رزگاریان ببێت، ئێوەش ئەی گوناهەکانی سەر ئەستۆم، کەمێک بارم سووک بکەن.

ئەمە دانپیانانەکانی منن، ماندووبووم لە تاو ئازارو دڵڕەقی ناو دەرونم، گەورەترین نەهامەتی ئەوەیە مرۆڤ هەست بە پەشیمانی بکات، پەشیمانی هەستێکی زۆر ژاناویو کوشندەیە.

## پاشماوەی ... تاقە تاوانێک کە هاوسەرەکەم کردبێتی...

پیاوەکانی مێزو کەلوپەلی خواردنەوەیان لە ئۆتومبیلەکە داگرتو کەوتنە رازاندنەوەی، جۆرەها مەیو شەرابیان هێنا. ئەویش کە سەرخۆش بوو کەوتە لاقەکردنم، من وەک نێچیرێک وەهابووم لە چنگی دڕندەیەکی کێویدا.

عودەی زۆر دڕندە بوو، شازیش بوو، لەکاتێکدا لاقەی دەکردم، گازی لێدەگرتمو تێیهەڵدەدام، بە جارو دوانیش دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، رۆژانە شەش حەوت جار دەهاتە لام، تا ماندوو دەبوو و دەنوست، شەوانیش وەک شەمشەمە کوێرە دەرۆیشت.

ئەو بەرۆژو بە بەرچاوی خەڵکەوە دەهاتو بە ئەنقەستیش وای دەکرد.

کە لەماڵ دەچووە دەرەوە نیوەکوژراو جێیدەهێشتم، بیرم دەکردەوە خۆم بکوژم، بەڵام منداڵەکەی ناو سکم رێگر بوو لەبەردەممدا.

بەردەوام لە بیری ئەوەدا بووم کە فادی هاتەوە چی پێ بڵێم؟

بۆی بگێڕمەوە کە هاوسەرەکەی بووە بە شوێنی رابواردنی کوڕی سەرۆک؟

پێی بڵێم هەڕەشەی کوشتنی تۆی لێکردمو وتیشی لە هەموو حاڵەتێکدا هەر لەگەڵت دەخەوم.

ئەگەر منیش بۆی نەگێڕمەوە، دەرودراوسێ هەر پێی دەڵێن.

دەچووم بۆ کەنیسەو مۆمێکم بۆ مریەمی پاکیزە دادەگیرساندو داوام لێدەکرد بەزەیی پێمدا بێتەوەو لای خودا شەفاعەتم بۆ بکاتو لەم نەهامەتییە رزگارم بکاتو لێم خۆش ببێت.

بەدرێژایی ئەو مانگە عودەی خوێڕیو سەرسەری دەهاتو لەبەیانییەوە هەتا شەو دەمایەوەو پاشان دەڕۆیشت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی نەتوانم دایکم بهێنمە لای خۆم.

رۆژێک پێش هاتنەوەی فادی ئەو ناپیاوە پێی وتم کە تێری لێخواردووەو لێرە بەدواوە دەمبەخشێتەوە بە مێردەکەم.

من تێکشکابووم، راستە خۆم تەسلیمی ئەو کردبوو، بەڵام رۆحم وێڵ بوو نەیدەزانی خۆشەویستەکەی لە کوێیە، پێم ووت:

– "خۆزگە دەتکوشتمو ئاوا جێت نەدەهێشتم، نازانم چۆن سەیری هاوسەرەکەم بکەم."

کە وام وت دایە قاقای پێکەنینو وتی:

– "ئەوەی فادی بیدۆزێتەوە، من چێژی لێ وەردەگرم.

ئەمەی وتو چووە دەرەوە."

بەدرێژایی ئەو رۆژە بیرم دەکردەوە، چی بکەم، ئایا بڕۆم و ماڵ جێبهێڵمو چاوم بە چاوی مێردەکەم نەکەوێتەوە، جارجارە وام دەزانی ئەوە خەوێکی ناخۆش بووەو تەواو بووە، بەڵام وانەبوو، ئەو بە راستی تێکی شکاندم.

رووخابوومو سیمام بە تەواویی ماندوێتی پێوە دیاربوو. کە فادی گەیشتە ماڵەوە، بە خەمو خەفەتو ترسێکی زۆرەوە پێشوازییم لێکرد. ئەو تامەزرۆی بینینی من بوو، دیاری زۆری بۆ هێنابوومو زۆری بیر دەکردم.

شەو لەکاتی پێکەوەنوستنی ژنو مێردانەدا، هەستی بە ساردوسڕییەکەم کردو پرسی:

– "دینا چینە؟ لە ماوەی لەماڵ نەبوونی مندا هیچ قەوماوە؟"

ویستم قسە بکەمو هەموو شتێکی بۆ بگێڕمەوە، بەڵام نەمتوانی، چونکە ئەگەر راستییەکەی پێ بڵێم لەوانەیە شتێکی شێتانە بکاتو تیا بچێت.

بۆ سبەینێ فادی چووە دەرەوە بۆ سەردانی دراوسێکان، ئەبو عیمادی دراوسێمان زۆر دۆستی بوو، بۆیە چوو بە سەردانی ئەو. من زۆر دەترسام، دڵنیا بووم کە هەموو شتێک دەزانێت.

دوای سەعاتێک فادی هاتەوەو ئاگر لە چاوی دەباری. پەلاماری دامو وتی:

– "کێیە ئەو کەسە موهیمەی لە ماوەی سەفەرەکەمدا لە ماڵی ئێمە بووە؟"

ئیتر خۆم بۆ نەگیراو دەستم کرد بە گریانو وتم:

– "ئەگەر ئەمڕۆش لێت بشارمەوە، رۆژانی داهاتوو بۆم ناشاررێتەوە."

ئیتر نازانم چۆن هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوەو باسی هەڕەشەکەشم بۆ کرد کە ئەو ناپیاوە لێی کردم.

فادی ئاگری گرتو بڕیاری دا بچێت و رووبەڕووی بوەستێتەوە، منیش لەگەڵیدا چوومو نەمهێشت بە تەنها بڕوات. ئەوکاتە عودەی لە بارەگای لیژنەی ئەڵۆمپی دادەنیشت.

لەوێ پرسیاری کرد ئوستاد لەکوێیە، یەکێک لە پاسەوانەکان وەک بڵێیت چاوەڕێی هاتنی فادی بوو، پێی وت عودەی لەکوێیە. من نەمزانی شوێنەکە کوێیە، ئەوەندە نەبێت کە پاسەوانەکە پێیووت:

– "لە باخەکەی خۆیەتیو چاوەڕوانی تۆیە."

من هەر هەوڵم دەدا رێگەی لێبگرمو پێم دەووت ئەو پیاوە زۆردارەو هەموو شتێکی لەدەست دێت، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی رووبەڕووی ببێتەوە.

چووین بۆ باخەکە، لەبەرئەوەی شارەزا نەبووم، نەمدەزانی شوێنەکە کوێیە. شوێنەکە باخێکی گەورە بوو، پڕبوو لە درەختی بەردار. کە گەیشتین پاسەوانەکان دەرگایان لێکردینەوەو دایان بەزاندینو ماوەیەک بە پێ رۆیشتین تا گەیشتینە ئەو شوێنەی لێی دانیشتبوو. ناوەڕاستی باخەکە دەریاچەیەکی گەورەی تیا بوو، زەوییەکەی بەمەڕمەڕ داپۆشرابوو. عودەی لەوێ دانیشتبوو،جگەرەیەکی نابوو بە لالێویەوە.

عودەی وتی:

–"چۆن زاتت کردو هاتیت بۆ ئێرە؟"

–"تۆ دەستت بردووە بۆ شەرەفی منو ژنەکەمت لاقە کردووە؟"

–"لەوە زیاتریش دەکەم! یەک وشەت لە دەم نەیەتە دەرەوە، هەی بێقیمەت."

–"من قسەت لەگەڵ دەکەم."

عودەی بە پەنجە ئاماژەی کرد بۆ پاسەوانەکانی، یەکێکیان توند گرتمیو دووری خستمەوە.

سێ سەگی دڕم بینی هێرشیان کردە سەر فادی، خوێن لە لەشیەوە فیچقەی کردو کەوتە هاوار هاوار. من بە هەموو هێزی خۆم دەمقیژاندو عودەییش پێمان پێدەکەنی.

فادی هەرەسی هێناو بووڕایەوە، ئەویش فەرمانی دا سەگەکانیان دوور خستەوەو فەرمانی بە پاسەوانەکان کرد:

–"فڕێیان بدەنە دەرەوە."

فادییان هەڵگرتو فڕیاندایە دەرەوەی باخەکە، لای ئۆتومبیلەکەمانەوە، منیشیان کردە دەرەوە.

نەمدەزانی چی بکەم. فادیم خستە ناو ئۆتومبیلەکەوەو رووومکردە نەخۆشخانەی کیندی، کە رێگاکەیم دەزانی.

کە گەیشتم فادییان برد بۆ ژووری نەشتەرگەری، بەڵام لەوێ گیانی دەرچوو.

منیش دەستم کرد بە هاوارو گریانو لەخۆدان تا لە هۆش خۆم چووم.

کە هاتمەوە هۆش خۆم لە نەخۆشخانە کەوتبوومو منداڵەکەم لەبارچووبوو، هۆی لەبارچوونەکەش ئەوەبوو کە زۆرم لەخۆم کردبوو، فادیم هەڵگرتبوو خستبوومە ناو ئۆتومبیلەکەوە. بەمجۆرە لە یەک رۆژدا دووجار کۆستم کەوت: مێرەکەمو منداڵەکەشم لەکیس چوو.

دواتر بە کەسوکارەکەمم وت کە منو فادی چووین بۆ پیاسەو چەند سەگێک پەلاماریان داوەو کوشتوویانە.

پرسەمان بۆ داناو دواتر بە نائومێدیو ئازارو خەمەوە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. ئەم نهێنییە هەتا ئەمڕۆ لەناو دڵمدا ماوەتەوەو بۆ کەسم باس نەکردووە. ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار ئاشکرای دەکەم.

لەناخی دڵمەوە هیوام دەخواست ئەو تاوانبارە خوێنڕێژە بە ناشرینترین شێوە بمرێت. کاتێک لاشەکەیم بە مردوویی لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنەوە بینی، حەزم دەکرد لەوێ بم، تا بەدەستی خۆم لەتو پەتی بکەمو فڕێی بدەمە بەردەمی ئەو سەگانەی مێردەکەمیان کوشت.

لەکۆتاییدا، تەنها هەر ئەوەندەم لەدەست دێت کە بڵێم: خوا تۆڵە لە هەموو ستەمکارو زۆردارێک دەستێنێت



**پرۆژەی میێـــژووی عێراق بەردەوامـــی دەدات بـــە چالاکییەکانی، ئەو چیرۆکانـــەی لێرەداخرانە روو، لەگەڵ ســـەدان چیرۆکیراســـتەقینەی دیکەدا لەتوێی کتێـــب و بەرنامەی رادیۆیی بە هەردوو زمانی کوردی وعەڕەبی و لەماڵپەری تایبەتی پرۆژەکەماندا نمایش دەکرێن، کەلەوێدا هەرهەمویان بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێردراون.**

**بەو هیوایەی توانیبێتمان لەرێگەی ئەم چالاکیانەوەمشتێک لەخەرواری پێشێلکارییەکانی دەیان ساڵی رژیمی پێشومان دۆکیومێنت کردبیت.هەروەها هیواداریشین هەوڵەکانی ئێمە لەپاڵ چەندین هەوڵی دیکەی رێکخراوەی وتاکەکەسیدا، پێکەوە ببنە هۆی بڵاوکردنەوەو گەشەپێدانی گیانـــی ئاشـــتەوایی لەناو کۆمەڵگای عێراقیدا، ســـەرەنجامیش دادوەری وگەیشـــتن بەراســـتییەکان لەسەرتاسەری وڵاتدا گەشەبکەن.**

کوردوستان دەلۆیی

بەرێوەبەری پرۆژەی مێژووی عێراق



## رێبوار سەعید

کە پەیمانگاکەمان رووی لە هونەرمەندی ناسـراو رێبوار سەعید نا تا مۆتیڤەکانی ئەم چیرۆکە پڕکارەسـاتانەمان بۆ ئامادە بـکات، ئەوەمان لەیاد بوو کە رێبوار پێشـتر بـۆ هـەر قوربانییەکـی هەڵەبجە مۆتیڤێکی کێشاوەو بەسەرانسەری جیهاندا بڵاوی کردونەتـەوە، بۆ ئـەوەی پێمـان بڵێت جەلـلادەکان بەخوێن دەنوسنو ئەویش بە قەڵەمو فڵچە.

رێبـوار مۆتیڤەکانـی پێشکەشـکردینو وتـی «زۆربـەی ئـەم کارە هونەرییانە لەژێر کاریگەریی ئەو چیرۆکە کارەساتاوییانەدا بەرهـەم هاتـوون کـە نەهامەتیی ئـەو قوربانییە عێراقییانـە دەگێڕنەوە کە بەدەسـتی جەللادەکانـەوە چەشـتوویانە» ئـەو جەللادانـەی کە بە تەواویی لە هەموو بەهـاو مانایەکی مرۆییانـە بەتاڵکرابوونەوە، کە رژێم بەشـێوەیەکی زۆر کارامەو شـەیتانانە مەشقی پێکردبوون بۆ ئەوەی زمانی ئاخاوتن لەبیر عێراقییەکان ببەنەوە.

هەر هێڵێک هێمای رژانی خوێنی ژنێک، کچێک، پیاوێک، منداڵێکـی ئـەم وڵاتەیـە، هەموو چەمانەوەیەک هاواری خنـکاوی سـاتەکانی دوای هەڵواسینو نینۆک دەرهێنانو لاقەکـردنو دارکاریکردنن.. رێبوار سەعید سات بەسات لەگـەڵ چیرۆکەکاندا ژیاوەو هەولێـداوە ئازارەکانیـان بخوێنێتەوە، لە توێی رەنگو سێبەرەکانەوە ویستوویەتی هاوسـۆزیی خۆی بـۆ ئەو هەمـوو قوربانییانە دووپات بکاتەوە، کە لەم پاشکۆیەدا چیرۆکەکانـی خۆیانیـان گێڕایـەوە.. رێبـوار پێمان دەڵێـت «ئـەم چیرۆکانە بۆ مـن راسـتگۆترین ئەو قسانەیە کە دەبێتە نەخشی سـەر ئەو بەردانەی کە بۆ نەوەکانی ئێسـتەو داهاتوو، حیکمەتی جەللادەکانی تێدا دەمێنێتەوە.»

